# تورکیاناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات
ژمارە (١) ساڵی یەکەم، تەمموزی ٢٠٢٣

- گاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لەسەر کوردستان.
- ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و نەخشەی نوێی پەرلەمان.
- سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە دوای هەڵبژاردن.
- کشانەوەی دەمیرتاش لە سیاسەت چۆن کاریگەریی لەسەر کورد دەبێت؟
- بۆچی ئۆپۆزسیۆن شکستی هێنا؟

# وەرزنامەی تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، تەمموزی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صالح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد قادر سیروانی

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

وەرزنامەی

# تورکیاناسی

تورکیاناسی: گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات. دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین. هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆلینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە. تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك


سەروتار

**دوای تێپەربونی سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی تورکیادا چۆن تورکیا بناسین؟**............د. یوسف گۆران | ٥

توێژینەوە

**هەڵبژاردن لە تورکیا**..........................................................................................رابەر سیوەیلی | ٩

**هەڵبژاردنەکانی تورکیا و پێویستی بەخۆداچوونەوەی هەدەپە**..................................ئەحمەد قادر سیروانی | ٢٣

**کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لەسەر کوردستان**..............................د. سەردار عەزیز | ٤١

**شکستی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا چاوەڕوانکراو بوو؟**.........................................................بەختیار ئەحمەد صاڵح | ٥٣

**ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و نەخشەی نوێی پەرلەمان**.............فەرزین چاغداش، ئەحمەد قادر | ٦٧

**سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە دوای هەڵبژاردن**...........................................................زانیار حمد محمد | ٨٣

وەرگێڕان

**کشانەوەی دەمیرتاش لە سیاسەت چۆن کاریگەریی لەسەر کورد دەبێت؟**..................................و : یاد نورسی | ١٠١

**جەهەپە لەنێوان "بەندەری ئارامی" کلیچدارئۆغلۆ و هەوڵەکانی گۆڕانکاری ئیمام ئۆغلۆ**..و: حەمزە محەمەد ساڵح | ١٠٧

**بۆچی ئۆپۆزسیۆن شکستی هێنا؟**...............................................................و: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر | ١١٣

**داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەدوای سەرکەوتنی ئەردۆگان**..............................و: بروسکە عەبدول | ١٢١

چاوپێکەوتن

**د.یوسف گۆران: ڕەوتی پێشووی سیاسەتی دەرەکی تورکیا لە ئاستی هەرێمی بەردەوامی پێ دەدرێت**..گفتوگۆی:تورکیاناسی | ١٣٥

ڕانانی کتێب

**خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی تورکەکان چۆن مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان نووسیوەتەوە**...........ئا: تورکیاناسی | ١٤١

زاراوەناسی

**پارتی چەپی سەوز (یەسەپە)**.................................................................................. | ١٥١

# دوای تێپەربونی سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی تورکیادا چۆن تورکیا بناسین؟



دکتۆر یوسف گۆران

ئەمساڵ سەد(١٠٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا تێدەپەڕێت، ئەم یادە جگە لەوەی مانایەکی سیمبولی هەیە بۆ ئەم کۆمارە، لە ڕوی مێژوییەوە پارادۆکسێکی سەیری تێدایە، پێدەچێ ئەو کۆمارە نوێیەی بۆ ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەتەکەی دامەزرا ئێستا بە پێچەوانە ڕەوتی مێژوو ئەوانەی لە دەسەڵاتن و یادی دەکەنەوە کەسانێکن ئەوەندی نزیکن لە دونیابینی عوسمانییەکان بە ستایلێکی نوێوە، ئەوەندە لە دامەزرێنەرانی کۆمارەکە و باوکی نەتەوەییان( ئەتاتورك) نزیك نین! ئەم ڕاستییە وا دەکات بۆ تێگەیشتن لەم واقعە نوێییەی تورکیا خوێندنەوەی نوێمان بۆ سەرجەم بوارەکانی دەوڵەتی نوێی تورکیا لە سایەی حوکمڕانی زیاتر لە ٢٠ ساڵی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا هەبێ.

سەردەمی پارتی داد و گەشەپێدان جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ مێژووی ٨٠ ساڵی دەوڵەتی تورکیا دروست کرد، ئەردۆگان و پارتەکەی توانیان لەسەرەتای دەستبەکاربونیان سەرکەوتنی ئابوری بەرچاو لە ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بیانی بۆ وڵاتەکەیان دابین بکەن. لەناوخۆدا ڕۆڵی دامەزراوەی سەربازی سنوردار کرد و کرانەوەیەکی سەرەتاییشان بەڕوی کێشەی کورد دەست پێکرد.

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی تورکیا لەبری خۆبینینی خۆی وەك بەشێك لە ڕۆژئاوا و هەوڵی گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا و بوون بە پردێك لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ستراتیج و سیاسەتێکی تەواو جیاوازی گرتەبەر بە پێگەی خۆی وەك سەنتەرێکی هەرێمی جیۆپۆڵەتیکی گەورە لە ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا دەبینی و هەوڵی داڕشتنی ستراتیجێکی

یان تورکیایی دور لە ڕۆژئاوا دەدا، بەم شێوەیە لە هەمان کاتدا کێشەی لەگەڵ ڕۆژئاوا بۆ دروست بوو بەڵام بەردەوام هەوڵی دورنەکەوتنەوەشی دەدا!

کێشەی ماف و ئازادییەکان~ بەتایبەت ڕۆژنامەگەری~ ڕوبەڕوبونەوەی داواکارییە کلتوری و سیاسییەکانی کوردان لە ناخۆ و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا و نزیك بونەوە لە ڕوسیا و بەرەی ڕۆژهەڵات چەند ڕوخسارێکی دیاری سیاسەتی تورکیای پارتی داد و گەشەپێدان بوو لە نیوەی دووەمی(٢٠١٣-٢٠٢٣) حوکمڕانی ئەردۆگان. ئەم کێشانە، بەتایبەت دوای پەرەسەندنی کێشە داراییەکانی بەشێکی زۆری سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی پارتی دادوگەشەپێدانی لەناو برد یان لاواز کرد.

ئێستا پاش دوبارە هەڵبژاردنەوەی ئەردۆگان و هاوپەیمانێتییەکەی لە ئایاری ئەمساڵ(٢٠٢٣) تورکیا توشی ئاڵەنگاری گەورە بۆتەوە، گەورەترین کێشەی ناوخۆیی چۆنیەتی ڕزگارکرنی دارایی و لیرەی وڵاتەکەیە کە گورزێکی کوشندەی لە پلانی گەشەپێدانی تورکیا وەشاندوە، لەلایەکی ترەوە سەرباری سەرکەوتنی پارتەکەی ئەردۆگان لە هەڵبژاردنەکانی ئایار بەڵام لەڕوی کورسی و جەماوەرەوە لاواز بوو، ڕەنگە ئەم لاوازییە ببێتە لەمپەر لەبەردەم تواناکانی ئەردۆگان بۆ گۆڕانکاری ناوخۆیی بنەڕەتی. بەم شێوەیە پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵی تورکیای ئەردۆگانی کێشە سەرەکییەکان وەك مەسەلەی کورد، ئابوری و دارایی و ئایندەی تورکیا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەر وەك خۆی ماوەتەوە.

بەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتە زیاتر لە ٥٠٪ سەرجەم کوردان لەخۆ دەگرێت، بەهۆی کاریگەری گەورەی ئیقلیمی بەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆژئاڤا گرنگە بۆ لێکۆڵیارانی بواری سیاسەت و دەرەوەی ئێمە زانیاری تەواویان دەربارەی ئەم وڵاتەو پەرەسەندنە نێوخۆیی و کاریگەرییە دەرەکییەکانی هەبێت. تورکیا~ چ وەك دەوڵەت و چ وەك کایەیەکی جیۆپۆڵەتیکی ~ سەدان ساڵە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمەکەمان و سەرجەم کوردستان هەبووە، پێشبینی دەکرێت کاریگەی تورکیا~ بەدەر لە دەسەڵاتدارەکانیان~ وەك زلهێزێکی ئیقلیمی بۆ دەیان ساڵی تریش بمێنێتەوە. بۆیە گرنگە بۆلێکۆڵیاران و توێژەرانی ئەم وڵاتە و سیاسەتمەدار و بڕیاردەرانی هەرێم بەوردی ئاگاداری سەنگ و ڕۆڵی ئەم وڵاتەبن، تاکو بتوانن بەرنامەیەکی واقعی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانی و کوردستانی دابڕێژن و پەیڕەو بکەن.

بەم شێوەیە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە تورکیا( تورکیاناسی) هەوڵێکی جددی ناوەندەکەمانە بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئەم کایە مەعریفی و سیاسییەو ئاشناکردنی زیاتری خوێنەرو سیاسەتمەدارانی کوردە بە ئەم وڵاتە، کە لە کۆتاییدا ~ لە پاڵ گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ترمان~ هەوڵێکی تری ئەکادیمی~ نیشتمانی دەبێت بۆ هاوکاریکردنی بڕیاردەرانی سیاسی هەرێم و کوردستان لەلایەك و توێژەرانی ئەم بوارە لەلایەکی تر.

توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# هەڵبژاردن لە تورکیا

ڕابەر سیوەیلی

### دەروازە: هەڵبژاردن لە یاسا و بەندەکانی دەستووری تورکیادا

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا، دەتوانین ئاماژە بە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت ڕێنماییەکانی ٦ی تشرینی دووەمی ١٨٧٦ بکەین، کە کاروباری هەڵبژاردنەکان لەڕێگەی ئەنجومەنی تاقیکردنەوە و کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردنەوە ئەنجام دراوە. بەگوێرەی ڕێنمایی ناوبراو، بۆ یەکەم جار لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا بڕیاردرا ئەنجومەنی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لەلایەن لیژنەیەك لە کەسایەتییە دیارەکانی پارێزگاکان و زانایانی ئایینیەوە پێکبهێنرێت کە لە ١٥ کەس زیاتر نەبێت، هەروەها دەبێت ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لە پێشترداو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن. ئەگەرچی بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەم ڕێنماییانە لە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا پیادە دەکران، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئەستەنبوڵ تاڕادەیەك لەناوچەکانی دیکە جیاوازبوون, چونکە هەڵبژاردنەکانی ئەم شارە بەدوو قۆناغ بەڕێوەچووەو تەنانەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە شاری ئەستەنبوڵ بیست دەزگای هەڵبژاردن هەبووە، کە ئەندامانی هەریەك لەو دەزگایانەش بەشێوەی هەڵبژاردن دیاریکراون و بەپێی ئەو بەڵگەنامانەش کە لە ئەنجومەنی دەوڵەتدا ساخ کراونەتەوە، ئەوانەی زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، هەڵبژێردراون و ئەرک و مافیان بۆ دیاریکراوە(١).

لەکۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، یاساو ڕێنمایی هەڵبژاردنەکان هەندێك گۆڕانکاری نوێی بەسەرداهات و بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە قۆناغی دووەمی مەشرووتیەتدا پەسەندکراوە، دەڵێت: لیژنەکان لەژێر ناوی (هەیئەتی تەفتەشییە)و (هەیئەتی- ئینتیخابیە) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن کاردەکەن. بەمپێیە لیژنەکە لە چوار بۆ دە ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی شارەوانی و کارگێڕیی پێکدێت، بە سەرپەرشتی سەرۆکی شارەوانی، بەپێی سنووری جوگرافی و ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە. هاوکات لیژنەی ئینتیخابیە ئەرکەکانی پەیوەست بە دەنگدان و ئەنجامی دەنگدەران جێبەجێدەکات(٢).

جێگەی باسە، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران، تا بڵاوبوونەوەی یاسای ژمارە ٤٣٢٠ی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە ڕێکەوتی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٤٢ پەسەندکرا، یاسایەکی کارپێکراو بوو, بەڵام دواتر یاسای ژمارە ٤٣٢٠، کاروباری هەڵبژاردنەکانی بەو لیژنانە سپارد کە لەژێر ناوی (لیژنەی پشکنین) لە پارێزگا و قەزاکان دامەزرابوون, هەر لیژنەیەکیش لە چوار بۆ دە ئەندام پێکدەهات و لەلایەن سەرۆکی شارەوانیی ناوچەکەوە سەرپەرشتی دەکرا. لە مادەی یەکەمی یاسای ژمارە ٤٣٢٠دا هاتووە, کە هەر پارێزگایەک بە فەرمانگەی هەڵبژاردن ئەژمار دەکرێت و هەر قەزایەکیش بە لقی هەڵبژاردن ئەژمار دەکرێت. ئەگەر لقی هەڵبژاردنیش سەربەخۆبێت، ئەوکاتە لیژنەی هەڵبژاردن لەلایەن موختاری گوندەکان یان سەرۆک شارەوانییەوە پێکدەهێنرێت(٣).

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا پێینایە قۆناغێکی نوێ‌و بەگوێرەی یاسای ژمارە ٤٩١٨ لە ڕێکەوتی ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٦ (بۆردی هەڵبژاردن) بۆ هەر پارێزگایەک و قەزاکانی سەر بەو پارێزگایە دامەزرا, تاوەکو لەلایەك سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بکات، لەلایەکی دیکەشەوە دڵنیابێت هەموو دەنگدەران لە یەک ڕۆژدا و لە ناوەندەکانی هەڵبژاردن دەنگی خۆیان دەدەن. جێگەی باسە ئەم بۆردە نوێیە لە پێنج کەس پێکدەهات و سەرۆکی شارەوانیی ئەرکی سەرۆکایەتیی بۆردەکەی لە ئەستۆ دەگرت, ئەندامەکانیش لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە دیاری دەکران. جگە لەوەش، نوێنەری پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن و کاندیدە سەربەخۆکان یان نوێنەرەکانیان دەسەڵاتیان پێدەدرا, تاوەکو لە کاتی دەنگدان و پرۆسەی پۆلێنکردندا لە دەستەی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنەکاندا ئامادەبن(٤).

لە قۆناغی دواتـرداو بەپێی یاسای ژمارە ٥٥٤٥ی ڕێکەوتی ١٦ی شوباتی ١٩٥٠ کاروباری هەڵبژاردن لەلایەن (دەستەی هەڵبژاردن)ەوە ئەنجام دەدرا، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە ئەنقەرەو دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگا لە هەر پارێزگایەك‌و دەستەی هەڵبژاردنی قەزا لە هەر قەزایەك‌و لیژنەی سندوقی دەنگدان لە ناوچەکانی هەڵبژاردندا دادەمەزرا. هەروەها ڕێسایەک هەیە باس لەوە دەکات دەستەی هەڵبژاردنی قەزا لە ناوەندی شارەکاندا دەبێت، کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ڕاستەوخۆ پێوەی پەیوەستن‌و ئەم بۆردانەش لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دادوەرەکاندا کاردەکەن. هەر بەگوێرەی ئەم یاسایە، دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە سەرۆکێک‌و دە ئەندام پێکدێت، بەبێ جێگر. هاوکات دەستەی هەڵبژاردنی قەزاکان لە سەرۆکێک‌و شەش ئەندام پێکدێت، هاوکات لیژنەکانی سندوقی دەنگدانیش لە سەرۆکێک و چوار ئەندام پێکدێن(٥).

دوای کودەتا سەربازییەکەی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠، ڕێکخستنێکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران پیادەکرا. بەپێی یاسای ژمارە ١٥٨ی ڕێکەوتی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠ (دەستەی هەڵبژاردنی نوێنەری پارێزگاکان) بە سەرۆکایەتیی باڵاترین دەسەڵاتی دادوەری پارێزگاکان‌و (دەستەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی قەزاکان) بە سەرۆکایەتیی دادوەری باڵای قەزاکان، بۆ دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ڕاسپێردران. بەمپێیە ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی قەزاکان نوێنەری خۆیان دیاری دەکرد. هەروەها لەنێو ئەندامانی ئەو لیژنانەی نوێنەرەکان دیاری دەکەن، لیژنەکانی پۆلێنکردن دادەمەزران، کە بەرپرس بوون لە دەنگدان و پۆلێنکردن و ڕەوانەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ کۆمسیۆن.

**لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا پێینایە قۆناغێکی نوێوە، (بۆردی هەڵبژاردن) بۆ هەر پارێزگایەک و قەزاکانی سەربەو پارێزگایە دامەزرا.**

## تەوەرەی یەکەم: کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، یەکێك لە گرنگترین و بەرچاوترین دامەزراوەی سیاسییە لەو وڵاتەدا، کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا هەنووکە دەسەڵات و هەیمەنەی تایبەتیی خۆی بەسەر پرۆسەی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا هەیە. ئەم کۆمسیۆنە بەگوێرەی یاسای یەکەمی هەڵبژاردنی نوێنەران، ژمارە ٥٥٤٥ لە ڕێکەوتی ١٦ی شوباتی ١٩٥٠ دامەزراوەو لە ٢١ی شوباتی هەمان

ساڵیشدا دەستی بەکارەکانی کردووە. بەگوێرەی مادەی ٥٧ی یاسای ژمارە ٥٥٤٥، دەسەڵاتی تەواوەتی بە کۆمسیۆن دراوە, کە سەرجەم کاروبارەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن ئەنجام بدات. هەروەها بەپێی مادەی ٥٩ی هەمان یاسای پێشوو، بۆ یەکەمجار پرەنسیپی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەژێر چاودێریو کۆنترۆڵی دادوەراندا پەسەندکراو, جگە لە دەستەی باڵای هەڵبژاردن سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکانی تایبەت بەو پرۆسەیە، کە لە دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاکانو لیژنەکانی سندوقی دەنگدان پێکهاتوون، خرانە ژێر چاودێری دادوەرەکانەوە. هەروەکو لە مادەی ٧٥ی دەستووری ساڵی ١٩٦١دا هاتووە: "هەڵبژاردنەکان لەژێر چاودێری گشتی ئۆرگانەکانی دادوەریدا بەڕێوەدەچن". بۆ جەختکردنەوەی زیاتریش لەسەر ئەم خاڵە، لە (بەشی یاسادانان)ی دەستووردا دەڵێت: کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تەنها دەستەیەک نییە بۆ بەڕێوەبردن و چاودێریی گشتیی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو دەسەڵاتێکی باڵای دادوەریی هەیەو لە کۆمەڵێك ئەندام پێکدێت، کە لەلایەن دادگای باڵاو ئەنجومەنی دەوڵەتەوەو لەلایەن ئەندامانی خۆیەوە هەڵدەبژێردرێنو پێداچوونەوە بە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن(٦).

سەبارەت بە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەم کۆمسیۆنە، دەتوانین بڕوانینە مادەی ١٢٣ی یاسای ژمارە ٥٥٤٥، چونکە بەگوێرەی ئەم مادەیە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەسەر ئەو تانەو نارەزایەتییانەی بەرامبەر بڕیارەکانی دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانو لیستی کاندیدەکان کە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە ڕاگەیەندراون بڕیاری کۆتایی بدات، تەنانەت ئەگەر لە ڕۆژی پێش دەنگدانیشدا بێت. جگە لەوەش کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەسەڵاتی ڕادەستکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی هەیە بە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا (پەرلەمان) سەبارەت بەو نارەزاییانەی لە دژی ڕێکارو بڕیارەکانی دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان تۆمارکراون(٧).

**یەکەم: ڕەوتی گەشەسەندن و پێکهاتەی کۆمسیۆن**

**أ-قۆناغی سەرەتا**

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە دامەزراندنیەوە تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغەی ئێستای، کۆمەڵێك قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووە. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە مێژووی گەشەسەندن و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی کۆمسیۆن بکەین:

بەپێی مادەی ١٢٠ لەیاسای ژمارە ٥٥٤٥ کە لە ١٦ی شوباتی ١٩٥٠ پەسەندکراوە، دەستەی کارگێڕیی لە سەرۆکێکو شەش ئەندامی فەرمیو چوار ئەندامی یەدەک

پێکهاتووە. شەش کەس لە ئەندامانی ئەم دەستەیە لەلایەن دادگای باڵای تێهەڵچوونەوەو پێنج کەسیشیان لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی دەوڵەتەوە هەڵدەبژێردران، پاشان سەرجەم ئەندامەکان لەنێو خۆیاندا سەرۆکو جێگری سەرۆکیان هەڵدەبژارد، هەروەها دوو ئەندامی دیکەش کە هەریەکەیان لە دادگای باڵاو ئەنجومەنی دەوڵەت هەڵبژێردرابوون وەک ئەندامی جێگرەوە بە تیروپشک دەستنیشان دەکران. لە قۆناغێکی دواتـرداو بەگوێرەی یاسای ژمارە ٦٢٧٢ لە ڕێکەوتی ١٧ی شوباتی ١٩٥٤، مادەی ١٢٠ی یاسای ژمارە ٥٥٤٥ هەموارکرایەوەو دەستەکە لە سەرۆکو دە ئەندام پێکدەهات. بەپێی ئەم گۆڕانکارییە سەرۆکی یەکەمی دادگا، دەبێتە سەرۆکی کۆمسیۆنو ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنیش بەگوێرەی تیروپشک هەڵدەبژێردرێن(٨).

جێی ئاماژە پێکردنە، لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری ساڵی ١٩٦١، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بووە دامەزراوەیەکی دەستووری و بەگوێرەی مادەی ٧٥ی دەستووری ساڵی ١٩٦١، کۆمسیۆن لە حەوت ئەندامی ئاسایی‌و چوار ئەندامی جێگرەوە پێکهات. شەش ئەندامی کۆمسیۆن لەلایەن دادگای باڵای تێهەڵچوونەوەو پێنج ئەندامیشیان لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی دەوڵەتەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەم ئەندامە هەڵبژێردراوانەش لەنێوان خۆیاندا سەرۆك‌و جێگرێک هەڵدەبژێرن. ئەم شێوازە نوێیە تاوەکو ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بوو، بەڵام ساڵی ١٩٨٢ بەگوێرەی مادەی ٧٩ی دەستووری، دیسانەوە ژمارەی ئەندامانی کۆمسیۆن گۆڕانکاری بەسەرداهات‌و لە حەوت ئەندامی هەمیشەیی‌و چوار ئەندامی جێگرەوە پێکهات، کە شەش ئەندامیان لەلایەن دادگای باڵای تێهەڵچوونەوەو پێنج ئەندامیشیان لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی دەوڵەتەوە هەڵدەبژێردران.

**کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، یەکێك لە گرنگترین و بەرچاوترین دامەزراوەی سیاسییە لەووڵاتەدا, کە هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا هەنووکە دەسەڵات وهەیمەنەی تایبەتیی خۆی بەسەر پرۆسەی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا هەیە.**

### ب-قۆناغی نویێ

بێگومان پرۆسەی هەڵبژاردن‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و یاساو ڕێنماییەکانی تایبەت بەو پرسە لە سەردەمی هاوچەرخی تورکیادا، بەراورد بەو قۆناغە مێژووییەی ئاماژەمان پێداوە، جیاوازییان هەیەو دەکرێت لێرەدا ئەو جیاوازییانە

بخەینەڕوو:
لە دەستووری ساڵی ١٩٨٢دا بنەماکانی تایبەت بە هەڵبژاردنو دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەمادەی ٧٩ بە ناونیشانی (بەڕێوەبردنی گشتیو کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردن) ڕێکخراوە. هاوکات ئاماژە بەوەش کراوە هەڵبژاردن لەژێر ئاراستەی گشتیو کۆنترۆڵی ئۆرگانەکانی دادوەریدا بەڕێوەدەچێت. لەم قۆناغە نوێیەدا، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەڵبژاردنەکان، جێبەجێکردنی هەموو ڕێکارەکانی پەیوەست بە ڕاستگۆیی هەڵبژاردن، پشکنینو یەکلاییکردنەوەی هەموو گلەییو نارەزایەتییەکان لەکاتی هەڵبژاردنو دوای هەڵبژاردن، هەروەها چاودێریکردنی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا، ئەرکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەو ناتوانرێت تانە لە هیچ دەسەڵاتو بڕیارێکی کۆمسیۆن بدرێت، چونکە ئەرکو دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنو دەستەکانی دیکەی هەڵبژاردن بە یاسا ڕێکخراون(٩).
بەگوێرەی یاسا نوێیەکانی هەڵبژاردن لە تورکیا، بەڕێوەبردنی گشتی و سەرپەرشتیی پرۆسەی پێشکەشکردنی یاساکانی تایبەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ ڕیفراندۆمو هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار لەلایەن خەڵکەوە، بەگوێرەی ئەو بڕگانە دەبێت کە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا جێبەجێدەکرێن.
هەروەها بەپێی بڕگە بنەڕەتییەکانی یاسای ژمارە ٢٩٨ی هەڵبژاردن، کە یاسای بنەڕەتییەو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار، جێگر، ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگا، سەرۆکی شارەوانی، ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی، موختار، پێشکەشکردنی یاساکانی تایبەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ ڕیفراندۆم جێبەجێدەکرێت، پێکهاتەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بەمشێوەیەیە:

•کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە ئەنقەرە.
•دەستەیەکی هەڵبژاردنی پارێزگا لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، لەگەڵ دەستەیەکی هەڵبژاردنی قەزا لە ناوەندیی پارێزگاکان.
•دەستەیەکی هەڵبژاردنی پارێزگا لە هەر پارێزگایەکدا.
•یەک لیژنەی سندوقی دەنگدان بۆ هەر سندوقێک لە ناوچەکانی هەڵبژاردن دابنرێت.
•دەستەی هەڵبژاردنی بازنەی دەرەوەی وڵات سەر بە دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگای ئەنقەرەیە، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری هەڵبژاردنەکانی پەیوەست بە دەنگدانی هاوڵاتیان لە دەرەوەی وڵات.

**دووەم: بەشەکانی کۆمسیۆن**
هەروەکو ئاماژەمان پێدا، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە حەوت ئەندامی ئاسایی و چوار ئەندامی جێگرەوە

پێکدێت. شەش لەو ئەندامانە لەلایەن دادگای باڵای تێهەڵچوونەوەو پێنج کەسیشیان لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی دەوڵەتەوە بە دەنگدانی نهێنیو بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان بۆ ماوەی شەش ساڵ هەڵدەبژێردرێن. سەرۆکو جێگری سەرۆکیش لەنێو ئەندامانی کۆمسیۆن بە دەنگدانی نهێنیو زۆرینەی ڕەهای ئەندامان هەڵدەبژێردرێن. جگە لەوەش، لەنێو سەرجەمی ئەو پارتە سیاسیانەی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە، ئەو چوار پارتە سیاسییەی لە دوایین هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانیدا زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، ڕەنگە یەک نوێنەری جێگرەوەی سەرەکییان لە کۆمسیۆن هەبێت، بە مەرجێک بەنووسراو لەلایەن سەرکردەی پارتە سیاسییەکانیانەوە مۆڵەتیان پێبدرێت، چونکە ئەم نوێنەرانە بەشداری سەرجەم کارو گفتوگۆکانی دەستەی کارگێڕیی دەکەن، بەڵام ناتوانن دەنگ بدەن(١٠).

**لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری ساڵی ١٩٦١، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بووە دامەزراوەیەکی دەستووری.**

**أ-دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان**

دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە سەرۆکێک، دوو ئەندامی هەمیشەیی و دوو ئەندامی جێگرەوە پێکدێت. ئەم سەرۆکو ئەندامانەش لەنێو ئەو دادوەرانە هەڵدەبژێردرێن, کە خاوەن ڕابردوویەکی پوختن و سەرزەنشت یان سزای توندیان وەرنەگرتووەو بەهۆی کەمتەرخەمییەوە کارو بروانامەکانیان لەدەستنەداوە. میکانیزمی هەڵبژاردنەکەش بەجۆرێکە بەپێی تیروپشکی ناوەکان، یەکەم دادوەر دەبێتە سەرۆکو دوو دادوەری دیکە وەک ئەندامی ئاسایی و دوو دادوەری کۆتاییش وەک ئەندامی جێگرەوە دیاری دەکرێن. ئەم دەستەیەش کە بەمشێوەیە دامەزراوە بۆ ماوەی دوو ساڵ خزمەت دەکات.

**ب-دەستەی هەڵبژاردنی قەزاکان**

دەستەی هەڵبژاردنی قەزاکان هەر دوو ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێتو لە سەرۆکو شەش بەڕێوەبەری قوتابخانەو شەش ئەندامی جێگرەوە پێکدێتو بۆ ماوەی دوو ساڵ خزمەت دەکات. سەرۆکی دەستەکە ئەو دادوەرەیە کە لەلایەن کۆمیسیۆنی دادگاوە دیاری دەکرێت، بەتایبەت لەنێو ئەو دادوەرانەی کە لانیکەم بۆ پلە یەک پەسەندکراونو هیچ کەمتەرخەمیو گیروگرفتێکیان نییەو لە قەزاکاندا کاردەکەن. هاوکات لەکاتی نەبوونی دادوەرێکیش بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا، باڵاترین دادوەری ناوچەکە دەبێتە سەرۆکی دەستەی کارگێڕی. دوابەدوای سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردن،

چوار ئەندامی سەرەکیو چوار ئەندامی جێگرەوەی دەستەی هەڵبژاردنی قەزاکە لەو چوار لایەنە سیاسییەن کە لە قەزاکەدا خاوەن ڕێکخستنی حیزبی و نفوزی جەماوەرین‌و لە دوایین هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانیدا زۆرترین دەنگیان لەو قەزایە بەدەستهێناوە(١١).

**ت-بۆردەکانی دەنگدان**

لیژنەی سندوقی دەنگدان لە سەرۆکو شەش ئەندامی ئاساییو شەش ئەندامی جێگرەوە پێکدێت. لەلایەکی دیکەوە بە مەبەستی دیاریکردنی ئەندامانی لایەنە سیاسییەکان, کە بەشداری لیژنەکانی سندوقی دەنگدان دەکەن، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنی قەزاکە ناوی یەک ئەندامی ئاساییو یەک ئەندامی جێگرەوە بۆ هەر سندوقێکی دەنگدان دەداتە ئەو پێنج لایەنە سیاسییەی کە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردووە. لەیادیشمان نەچێت میکانیزمی هەڵبژاردنی لیژنەی سندوقی دەنگدانیش بە شێوازی تیروپشکی ناوەکانەو بە ئامادەبوونی لیژنەی هەڵبژاردنی قەزا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر نەتوانرا بەمشێوەیە ئەندامێتی پڕبکرێتەوە، ئەوا کەموکورییەکان لەلایەن سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنی قەزاکانەوە پڕدەکرێتەوە، بە تایبەت لەنێو ئەو کەسانەی کە لەو ناوچەیەن‌و هیچ گرفتێکیان نییە کە بخرێنە لیژنەی سندوقەکانی دەنگدان.

**سێیەم: (دروشم)ی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان**

بەگوێرەی بۆچوونی چاودێران و شرۆڤەکارانی سیاسی تورکیا، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە سیستەمێکی بێلایەن و ئاشکراو متمانەپێکراوی هەڵبژاردنی هەیە.

هەر بۆیە ئەو دروشمەی بۆ ئەم کۆمسیۆنە ئامادەکراوە، بەشێوەیەک دارێژراوە کە دامەزراندن‌و پێکهاتەو ئەرکی گشتیی دامەزراوەکە بەسادەترین‌و پێشکەوتووترین شێوە نیشان بدات. ڕەنگی بریقەداری زێڕین جەخت لەسەر (پاکی، بەنرخی، زیندوویی‌و وزە) دەکاتەوە. سووری ئاڵا کە ڕەنگی سەرەکی لۆگۆکەیە، چەمکەکانی (ئیرادە، کۆڵنەدان، بەرگەگرتن، ئارەزوو و بوێری) بیردەخاتەوە. ناوی دامەزراوەکە بەڕوونی‌و بەپیتی گەورە لەناو پشتێنە سوورەکەدا نووسراوەو بەشریتێکی زێڕین سنووردار کراوە. لقی لۆرێل کە هێمای نەمریو

هەمیشەییە, بەوپێیەی لە هاوینو زستاندا بە سەوزی دەمێنێتەوە، وەک هێمای سەرکەوتنو شەرەف لە زۆرێک لە کولتوورەکاندا بەکاردێت.

(دادپەروەری و هاوسەنگی) بە هێمای تەرازوو نوێنەرایەتی دەکرێت, بەمشێوەیە لەژێر سندوقی دەنگدانو ژمارەکانی دەنگدا داڕێژراوەو لەگەڵیدا تێکەڵ کراوە, بۆ ئەوەی نیشان بدرێت کە هەموو دەنگەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بێلایەنانە هەڵدەسەنگێندرێن. ژمارەی دەنگەکان بەزێڕ کێشراوە تاوەکو نیشان بدات کە هەر یارییەک بەنرخە، بەڵام ناوەوەی بێ ڕەنگ هێڵدراوەتەوە بۆئەوەی جەخت لەسەر بێلایەنی بکرێتەوە.

هەروەها سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی دامەزراوەکە بە (مانگ و ئەستێرە) دیاریکراوە، کە بە یازدە ئەستێرە دەورە دراوە, بۆئەوەی هاوسەنگی لە پێکهاتەی نێوان تەرازووەکاندا مسۆگەر بکات. ئەو ئەستێرە هەشت نوکەیە هەر لەسەردەمی سەلجوقییەکانەوە هێمانی دادپەروەرییە، بۆ هێمای یازدە ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەکارهێنراوە، کە شەش کەسیان لە دادگای باڵاو پێنج کەسی دیکەشیان ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەتن. لە کۆتاییشدا پێکهاتەکە بەنووسینی ساڵی ١٩٥٠ کە ڕێکەوتی دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە کۆتایی پێدێت.

**کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ١١ ئەندام پێکدێت. شەش ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەلایەن دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە و پێنج کەسیشیان لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی دەوڵەتەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ هەڵدەبژێردرێن.**

**تەوەرەی دووەم: یاسا بنەڕەتییەکانی هەڵبژاردن و مافی دەنگدەر لە تورکیا**

**مادەی یەکەم:** (هەموارکراوی: ١٩٨٦/٣/٢٨- مادەی ٢١/٣٢٧٠).

بڕگەکانی ئەم یاسایە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، پەرلەمان، ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگا، سەرۆکی شارەوانی، ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی، جێبەجێدەکرێن, لەگەڵ پێشکەشکردنی یاساکانی تایبەت بە هەموارکردنی دەستوور بۆ دەنگی گشتی(١٢).

**مادەی دووەم:** گرنگترین بڕگەکانی ئەم مادەیە بریتین لە:

•هەڵبژاردن لەسەر بنەمای مافی دەنگدانی ئازاد، یەکسان، تاکە پلە بەڕێوەدەچێت.

•دەنگدەر خۆی دەنگەکە بەکاردەهێنێت.

•دەنگدان بە نهێنی ئەنجام دەدرێت.

•ژماردن و لیستکردن و تۆمارکردنی دەنگەکان بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت.

**مادەی سێیەم:** بەبێ ئەوەی دابڕان

لە یاسا تایبەتەکانیدا هەبێت، هەر پارێزگایەک لە هەڵبژاردنەکاندا بازنەیەکی هەڵبژاردنە.

**مادەی چوارەم:** لە هەڵبژاردنەکاندا هەر قەزایەك بازنەی هەڵبژاردنە.

**مادەی پێنجەم:** (هەموارکراوی: ١٩٧٩/٥/١٧- مادەی ١/٢٢٣٤)

لە هەڵبژاردنەکاندا هەر بازنەیەک بەپێی پێویستی بەسەر چەندین بنکەی دەنگداندا دابەش دەکرێت(١٣).

**مادەی شەشەم:** (هەموارکراوی: ١٩٩٥/١٠/٢٧- مادەی ١/٤٢٥)

هەموو هاوڵاتییەکی خاوەن ڕەگەزنامەی تورکیا کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت مافی دەنگدان و بەشداری ڕیفراندۆمی هەیە.

**مادەی حەوتەم:** ئەوانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە ناتوانن دەنگ بدەن:

•هێزی ئەمنی و ڕاهێنراو.

•خوێندکارانی کەرتی سەربازی.

•ئەوانەی فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکراوە.

**مادەی هەشتەم:** ئەم کەسانەی خوارەوە بە دەنگدەر ئەژمار ناکرێن.

١. سنووردار.

٢. ئەوانەی لە خزمەتی گشتی قەدەغە کراون.

**مادەی نۆیەم:** (هەموارکراوی: ١٩٧٩/٥/١٧- مادەی ١/٢٢٣٤)

کارەکانی هەڵبژاردن لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە ئەنجام دەدرێت. قائیمقامی قەزا و شارەوانی و موختار و سەرجەم بەرپرسانی گشتیی، پابەندن بە ناردنی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن داوای دەکەن لەکاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی دروست و بەبێ دواکەوتن.

**مادەی دەیەم:** (هەموارکراوی: ١٩٧٩/٥/١٧- مادەی ١/٢٢٣٤)

بەگوێرەی ئەم مادەیە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە ئەنقەرە و دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگا لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن و دەستەی هەڵبژاردنی قەزا لە هەر قەزایەک و لیژنەی سندوقی دەنگدان لە سەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردن دادەنرێت. هەروەها هەڵبژاردنی بازنەی دەرەوەی وڵات کە سەر بەدەستەی هەڵبژاردنی پارێزگای ئەنقەرەیە، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن پەیوەندییان بە هاوڵاتیانی دەرەوەی وڵاتەوە هەیە. تەنانەت لە ئەگەری پێویستدا دەتوانرێت زیاتر لە یەک دەستەی هەڵبژاردن لە دەرەوەی وڵات دابمەزرێت(١٤).

هەر بەگوێرەی ئەم مادەیە و بەپێی دوایین سەرژمێریی لەو قەزایانەی کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسە، بە پشتبەستن بە سنووری گوند و گەڕەکەکان و بە لەبەرچاوگرتنی یەکسانی لە ژمارەی دانیشتوان تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت، زیاتر لە یەک دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگا پێکدەهێنرێت، جگە لە شارەوانی پارێزگاکان و شارەوانی

قەزاکان، شارەوانییە بچووکەکانیش بەبێ دابەشبوون، بە یەکێک لە دەستەکانی هەڵبژاردنی قەزاکان پەیوەستن(١٥).

## تـــــەوەرەی سـێـیـەم: هـەڵـبـژاردنـی سەرۆکایەتیی کۆمار

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە تورکیا، لەلایەك یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی نێو چوارچێوەی کارکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان, لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر شانۆی سیاسی و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە پرۆسەیەکی تەواو گرنگ و چارەنووسسازە. بەپێی مادەکانی ١٠١ و ١٠٢ی دەستووری کۆماری تورکیا و مادەی ٣ی یاسای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ژمارە ٦٢٧١، ماوەی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا پێنج ساڵە و دەبێت هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە شەست ڕۆژ پێش تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆک کۆمار ئەنجام بدرێت. هەروەها بەپێی ئەو ڕێسایەی لە مادەی ٧٩ی دەستووری کۆماری تورکیادا هاتووە، ئەرکی ئەنجامدانی هەموو مامەڵەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی پرۆسەکەو بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی گونجاو و بێ گیروگرفت، لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی هەڵبژاردنەکان دەدرێتە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان(١٦).

### یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار چۆن ئەنجام دەدرێت؟

دوابەدوای ڕێکخستن و ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا، ئیدی پرۆسەکە بە مافی دەنگدانی گشتی بەڕێوەدەچێت و ئەو کاندیدەی کە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەستدەهێنێت، دەبێتە سەرۆک کۆماری وڵات. ئەگەر ئەم زۆرینەیە لە دەنگدانی یەکەمدا بەدەستنەهات، ئەوا چەند ڕۆژێك پاش هەڵبژاردنی یەکەم، گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەچێت و ئەو دوو کاندیدەی لە گەڕی یەکەمدا زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە بەشداری گەڕی دووەم دەکەن, هەر کامیان زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی بەدەستهێنا، بە سەرۆک کۆماری وڵات هەڵدەبژێردرێت.

هەر بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار، لە ئەگەری مردنی یەکێک لە کاندیدەکان کە بەو هۆیەوە مافی بەشداریکردن لە دەستدەدات و بەگوێرەی پلەبەندیی، کاندیدی سێیەم دەبێتە جێگرەوە و بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات. جێگەی باسە کە جگە لەم هۆکارە، بەهیچ هۆکارێکی دیکە ناتوانرێت جێگرەوە دیاریبکرێت. هەروەها لە ئەگەری هەبوونی تەنیا یەك کاندیدا، بەگوێرەی یاساکانی هەڵبژاردن، دەنگدان بە شێوەی ڕیفراندۆم ئەنجام دەدرێت و

ئەگەر کاندیدەکە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ئەوا دەبێتە سەرۆکی هەڵبژێردراوی وڵات، بەڵام ئەگەر کاندیدەکە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستنەهێنا، ئەوا جارێکی دیکە هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە(١٧).

ئەرکی ئەو سەرۆکەی کە ماوەی پۆستەکەی تەواو بووە تا ئەو کاتەی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو دەستبەکاردەبێت بەردەوامە.

## دووەم: مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا

| | | |
|---|---|---|
| هەڵبژاردنی یەکەم | ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ | مستەفا کەمال ئەتاتورك |
| هەڵبژاردنی دووەم | ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧ | مستەفا کەمال ئەتاتورك |
| هەڵبژاردنی سێیەم | ٤ی ئایاری ١٩٣١ | مستەفا کەمال ئەتاتورك |
| هەڵبژاردنی چوارەم | ١ی ئازاری ١٩٣٥ | مستەفا کەمال ئەتاتورك |
| هەڵبژاردنی پێنجەم | ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨ | عیسمەت ئینۆنۆ |
| هەڵبژاردنی شەشەم | ٣ی نیسانی ١٩٣٩ | عیسمەت ئینۆنۆ |
| هەڵبژاردنی حەوتەم | ٨ی ئازاری ١٩٤٣ | عیسمەت ئینۆنۆ |
| هەڵبژاردنی هەشتەم | ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٦ | عیسمەت ئینۆنۆ |
| هەڵبژاردنی نۆیەم | ٢٢ی ئایاری ١٩٥٠ | جەلال بایار |
| هەڵبژاردنی دەیەم | ١٤ی ئایاری ١٩٥٤ | جەلال بایار |
| هەڵبژاردنی یازدەیەم | ١ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧ | جەلال بایار |
| هەڵبژاردنی دوازدەیەم | ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ | جەمال گۆرسێل |
| هەڵبژاردنی سیازدەیەم | ٢٨ی ئازاری ١٩٦٦ | جەودەت سوونای |
| هەڵبژاردنی چواردەیەم | ٦ی نیسانی ١٩٧٣ | فەخری کۆروتورك |
| هەڵبژاردنی پازدەیەم | ٢٢ی ئازاری ١٩٨٠ | / |
| هەڵبژاردنی شازدەیەم | ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ | تورگوت ئۆزال |
| هەڵبژاردنی حەڤدەیەم | ١٦ی ئایاری ١٩٩٣ | سولەیمان دەمیرێل |
| هەڵبژاردنی هەژدەیەم | ٥ی ئایاری ٢٠٠٠ | ئەحمەد نەجدەت سێزار |
| هەڵبژاردنی نۆزدەیەم | ٢٨ی ئابی ٢٠٠٧ | عەبدوڵا گوڵ |
| هەڵبژاردنی بیستەم | ١٠ی ئابی ٢٠١٤ | ڕەجەب تەیب ئەردۆغان |
| هەڵبژاردنی بیست و یەکەم | ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨ | ڕەجەب تەیب ئەردۆغان |
| هەڵبژاردنی بیست و دووەم | ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ | ڕەجەب تەیب ئەردۆغان[18] |

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە تورکیا، لەلایەك یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی نێو چوارچێوەی کارکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر شانۆی سیاسی و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە پرۆسەیەکی تەواو گرنگ و چارەنووسسازە.**

## کۆتایی

دەگونجێت شێوازی هەڵبژاردنەکان و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە تورکیا جێگەی قسەو باسی هاوڵاتیان نەبێت، بەڵام قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکان و ئاسۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چاوەڕێ دەکرێت، هەمیشە جێگەی مشتومڕی هاوڵاتیان و بگرە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەیشە. ئەوەش لە ترس یاخود ڕاڕایی شەقامەوە سەرچاوە دەگرێت, کە ئایا جارێکی دیکە تورکیا بەرەو قۆناغی پاشەکشە لە دیموکراسی هەنگاو دەنێت یاخود ڕەوتی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی تورکیا، ئامانج و ئەولەویەتی هێزە براوەکانی هەڵبژاردن دەبێت؟!

بەشێوەیەکی گشتی لە دید و تێڕوانینی هاوڵاتیانی تورکیاوە دەتوانین دەرك بەو ڕاستییە بکەین، کە دڵنیاییدان لەسەر پراکتیزەکردنی دیموکراسی و جێبەجێکردنی بنەماکانی، خواستی زۆرینەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەیە و کارکردن لەژێر سایەی ئەو ڕەوتەدا زامنی سەرکەوتن بۆ ئەو پارتە سیاسییانە دەکات، کە دەتوانن پرۆژەی چارەسەری قەیرانەکان پێشکەش بکەن و کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر خواستی خەڵک هەبێت(١٩).

هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ئەم ساڵی تورکیا، ئەو واقیعەی نیشانی هێزە دژبەرەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە و تەنانەت هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش دا، کە ترسی لەدەستدانی دیموکراسی و ئەزموونی بیست ساڵەی ڕابردوو، هۆکاری بنچینەیی بوون لە نەگەڕانەوەی زۆرینەی ڕەهای دەنگەدەرانی تورکیا بۆ هێزە بەتەمەنەکانی وڵات و ئەوانەی زیاتر لە سێ دەیە حوکمی ڕاستەوخۆی وڵاتیان بەدەستەوە بوو! دەشێت ڕوودانی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە کار و دروشمی هێزە سیاسییەکاندا، یارمەتیدەرێکی بەهێز بێت بۆ ڕاکێشانی دەنگی هاوڵاتیان و زاڵبوون بەسەر ئەو شکستە یەکلەدواییەکانەی دووچاری هەندێك لە هێزەکان دەبێت، چونکە هەروەکو ئاماژەمان پێدا، دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە نیشانی هەمووانی داوە پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسییەت و دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزپەرستی و شەڕی نەتەوایەتی، زامنی بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانە.

(1). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(2). İntihab-i Mebusan Kanunu 10.Madde.
(3). Mebus Seçimi Kanunu 1.Madde.
(4). Milletvekilleri Seçim Kanunu 1.Madde.
(5). Seçim Hazırlıkları 57.Madde
(6). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(7). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(8). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(9). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(10). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(11). https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510
(12). https://www.mevzuat.gov.tr/mevzuat?MevzuatNo=298&MevzuatTur=1&MevzuatTertip=4
(13). https://www.mevzuat.gov.tr/mevzuat?MevzuatNo=298&MevzuatTur=1&MevzuatTertip=4
(14). https://www.mevzuat.gov.tr/mevzuat?MevzuatNo=298&MevzuatTur=1&MevzuatTertip=4
(15). https://www.mevzuat.gov.tr/mevzuat?MevzuatNo=298&MevzuatTur=1&MevzuatTertip=4
(16). https://www.ysk.gov.tr/tr/onikinci-cumhurbaskani-secimi/3456
(17). https://www.ysk.gov.tr/tr/onikinci-cumhurbaskani-secimi/3456
(18). http://www.cnnturk.com/cumhurbaskanligisecimi/
(19). https://www.gazeteduvar.com.tr/secimler-toplumsal-kutuplasma-ve-oy-verme-davranislari-makale-1615934

# هەڵبژاردنەکانی تورکیا و پێویستی بەخۆداچوونەوەی هەدەپە

ئەحمەد قادر سیروانی

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆک کۆماری تورکیا، پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەی خستووەتە بەردەم نەشتەری ڕەخنە و بەخۆداچوونەوە. بەگشتی شکستی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر هاوپەیمانی کۆمار، لێشاوی ڕەخنە و ناڕازایەتییەکانی ئەندام و لایەنگر و دەنگدەرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی بەدوای خۆیدا هێناوە.
ڕەخنە و گازندەی دەنگدەران گەشتووەتە ئاستێک بەشێک لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ناچاربوون بە ئەنجامدانی کۆنگرەی نائاسایی لە نزیکترین دەرفەتدا.
پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) وەک یەکێک لە پارتە سەرەکییە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕابەری هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی، بەهۆی بەدەستهێنانی ئەنجامە خراپەکانییەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و بایکۆتی ژمارەیەکی زۆری دەنگدەرانی لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماردا، بڕیاری بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵ و وردی داوە، لەم چوارچێوەیەشدا هەردوو هاوسەرۆکی ئێستای پارتەکە ئامادەنین لە کۆنگرەی نائاسایی هەدەپە-دا خۆیان بۆ پۆستەکەیان کاندید بکەنەوە(١).
ئەم بڕیارەی هەدەپە هەرچەندە بەرەنجامی ژمارەیەک هەڵەی ستراتیجی و تاکتیکییە،

کە بەدرێژایی ماوەی شەش مانگ پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و بەتایبەتیش لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لەسەریەک کەڵەکە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارێکی بوێرانەیە بۆ بەخۆداچوونەوە و دووبارە داڕشتنەوەی پارتەکە و هاتنەوە مەیدانی سیاسی و ململانێکان.

## ئەنجامەکانی هەدەپە لە هەڵبژاردندا

پارتی دیموکارتی گەلان (هەدەپە) لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا توانی بە بەدەستهێنانی ٨.٨٢٪ی دەنگەکان ٦١ کورسی بەدەستبهێنێت(٢)، هاوپەیمانێتیەکەیشی (هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی) توانی ٦٥ کورسی بەدەستبهێنێت. هەدەپە لە چەند شارێکی باکووری کوردستان چەند کورسییەکی لەدەستداوە، هەروەها بەوپێیەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا ڕێژەی ١١.٧٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، کەواتە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ نزیکەی ٣٪ی دەنگەکانی لەدەستداوە(٣).

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماریش، سەرەڕای ئەوەی هەدەپە خۆی کاندیدی نەبوو، بەڵام پشتیوانی کەمال کلیچدارئۆغڵو کاندیدی هاوپەیمانی میللەت و بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دەکرد. بەجۆرێک لە کۆتا ڕۆژەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا سەرکردەکانی هەدەپە وەک کاندیدی خۆیان بانگەشەیان بۆ کلیچدارئۆغڵو دەکرد.

## هەدەپە شکستی نەهێناوە، بەڵام ئامانجەکانیشی بەدەستنەهێناوە

ڕۆژی ١٥ی ئایار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا میتحەت سانجار هاوسەرۆکی هەدەپە و چیغدەم ئوچار هاووتەبێژی یەسەپە ڕایانگەیاند، ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی کورسی پەرلەمانی بۆ پارتەکانیان بە سەرکەوتوو نابینن. هاووتەبێژی یەسەپە لەگەڵ یادخستنەوەی "فشار و ستەمی دەوڵەت و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بۆسەر ئەندام و لایەنگرانی یەسەپە و هەدەپە، بەدرێژایی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان" ئاماژەی بەوەدا، "بەتەواوی بە ئامانجەکانیان نەگەشتوون". لای خۆشیەوە میتحەت سانجار هاوسەرۆکی هەدەپە ڕایگەیاند، "ڕێژەیەکی دیاریکراو دەنگی لەدەستچوومان هەیە"(٤).

لەلایەکی دیکەوە چەند ڕۆژێک دوای خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، هەردوو هاوسەرۆکی هەدەپە دانیان بە شکستی پارتەکەیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆک کۆماریشدا ناوە. ڕۆژی ٥ی حوزەیران لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا هەریەک لە پەروین بولدان و میتحەت سانجار ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە داوە، "ڕاستە هەدەپە لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی هێناوە، بەڵام ئەمە دۆڕان نییە و هەوڵدەدەین ڕاستی

بکەینەوە"(٥).
لێدوان و وتەی هاوسەرۆکانی هەدەپە و یەسەپە دانپێدانانێکی ڕاشکاوانە و بوێرانەیە بە شکستی هەدەپە لە هەردوو خولی هەڵبژاردنەکاندا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە خولی یەکەمدا هەدەپە تەنها ٦١ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، لەکاتێکدا بانگەشەی بەدەستهێنانی ١٠٠ کورسی دەکرد. هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بەتەنیا خۆی نزیکەی ٨٠ کورسی بەدەستهێناوە، لەم هەڵبژاردنەدا سەرەڕای بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ چەند پارتێکی چەپدا, لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیی ڕەنج و ئازادی-یدا تەنها ٦٥ کورسی بەدەستهێناوە.
لەلایەکی دیکەوە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریش ئەگەر دۆڕانێکی سەخت نەبووبێت بۆ هەدەپە ئەوا بە دڵنیاییەوە شکستێکی گەورە بووە. ئەمەش لەبەرئەوەی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەری کورد لە باکووری کورستان کە لە ١٤ی ئایاردا بەشداری لە هەڵبژاردندا کردبوو، بۆ خولی دووەم بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد، بەم هۆیەشەوە کەمال کلیچدارئۆغڵو لە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی تورکیادا ڕێژەی دەنگەکانی کەمیکرد، لە بەرامبەردا ڕێژەی دەنگەکانی ئەردۆگان زیادیکردووە. دەتوانین بڵێین هەر ئەو بایکۆتەیش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ دۆڕانی کلیچدارئۆغڵو، بەگوێرەی ئامارە نافەرمییەکان لە باکووری کوردستان ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی ٢٨ی ئایاردا بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایار بەڕێژەی ٦٪ کەمیکردووە.
لە کۆی گشتی شارەکانی باکووری کوردستان ڕێژەی دەنگی کەمال کلیچدارئۆغڵو لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاردا ٢ ملیۆن و ٥٩١ هەزار و ٧٥١ دەنگ بووە، ئەمەش ڕێژەی ٦٢.١١٪ی کۆی دەنگەکان بووە. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی یەک شەممە ٢٨ی ئایاردا دەنگەکانی کلیچدارئۆغڵو لە ناوچە کوردییەکان بۆ ٢ ملیۆن و ٤٣٣ هەزار و ٨٠٩ دەنگ دابەزیوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ٦١.٧٥٪ی کۆی دەنگەکان. واتە دەنگەکانی کلیچدارئۆغڵو لە باکووری کوردستان ١٥٧ هەزار و ٩٤٢ دەنگ کەمیکردووە, کە دەکاتە ٠.٣٦٪ی کۆی دەنگەکانی. لە بەرامبەردا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاردا لە باکووری کوردستان ١ ملیۆن و ٦٦٣ هەزار و ٥٨١ دەنگی بەدەستهێناوە, کە دەکاتە ڕێژەی ٣٥.٦٦٪ی دەنگەکان. بەڵام لە هەڵبژاردنی ٢٨ی ئایاردا ئەردۆگان لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا ١ ملیۆن و ٦٨٤ هەزار و ١٧٨ دەنگی بەدەستهێناوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ٣٨.٢٥٪ دەنگەکان. بەمجۆرە ژمارەی دەنگەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ٢٠ هەزار و ٥٩٧ دەنگ زیادی کردووە، کە ڕێژەی ٢.٥٩٪ دەکات(٦).

کەواتە بەمپێیە بێت ١٧٨ هەزار و ٥٣٩ هاوڵاتی باکووری کوردستان سزای کەمال کلیچدارئۆغڵو و هەدەپە-یان داوە, کە دەکاتە ڕێژەی ٢.٩٧٪ی دەنگەکان. بە دیوێکی دیکەیشدا هەمان ڕێژە پاداشتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانیان کردووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بێت و ڕێژەی ٦٪ی بایکۆت لە باکووری کوردستان ئەژمار بکرێت، کەواتە ڕێژەی ٨.٩٧٪ی دەنگدەرانی کورد لە تورکیا سزای هەدەپە و کلیچدارئۆغڵویان داوە, لەبەرئەوەی هەموو ئەو کەسانەی لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان نەکردووە ئەوانە بوون کە لە خولی یەکەمدا دەنگیان بە کەمال کلیچدارئۆغڵو داوە.

## جیاوازی دەنگی ئەردۆگان و کلیچدارئۆغڵو لە هەردوو خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە باکووری کوردستان

| شار | ئەردۆگان | | | | کلیچدارئۆغڵو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٤ی ئایار | | ٢٨ی ئایار | | ١٤ی ئایار | | ٢٨ی ئایار | |
| | ژ. دەنگ | ڕێژە | ژ. دەنگ | ڕێژە | ژ. دەنگ | ڕێژە | ژ. دەنگ | ڕێژە |
| ئامەد | ٢٣٩.٨٢٧ | ٪٢٦.٤٨ | ٢٤١.٩١٦ | ٪٢٨.٣٩ | ٦٥١٧٩٣ | ٪٧١.٩٦ | ٦١٠.٠٧٨ | ٪٧١.٦١ |
| ئاگری | ٦٨.٤٦٨ | ٪٣١.٧٥ | ٦٨.٧٩٠ | ٪٣٤.٦٦ | ١٤٢.٠٢١ | ٪٦٥.٠٨ | ١٢٩.٦٩٣ | ٪٦٥.٣٤ |
| باتمان | ١٠١.٣٨٦ | ٪٣٠.٩٥ | ١٠٠.١٧٧ | ٪٣١.٩٤ | ٢٢١.٣٥٦ | ٪٦٧.٥٧ | ٢١٣.٤٩٩ | ٪٦٨.٠٦ |
| بیتلیس | ٨٠.٩٩٧ | ٪٤٦.٤٥ | ٨٢.٢٢٤ | ٪٤٩.٧٩ | ٨٨.٧٧٩ | ٪٥٠.٩١ | ٨٢.٩٢٦ | ٪٥٠.٢١ |
| هەکاری | ٣٧.١٨٨ | ٪٢٤.٦٤ | ٣٩.٧٥٤ | ٪٢٧.٨٩ | ١٠٩.١٤٨ | ٪٧٢.٣٢ | ١٠٢.٧٨٤ | ٪٧٢.١١ |
| ماردین | ١٤١.٢٣٤ | ٪٣٢.٢٩ | ١٤٦.٢١٥ | ٪٣٤.٧٦ | ٢٨٩.١٠٩ | ٪٦٦.١١ | ٢٧٤.٤٢٠ | ٪٦٥.٢٤ |
| موش | ٧٢.١٠٢ | ٪٣٩.١٢ | ٧٢.٧٠٤ | ٪٤١.٦٧ | ١٠٨.٥١٩ | ٪٥٨.٨٨ | ١٠١.٧٩٢ | ٪٥٨.٣٣ |
| ئورفا | ٦٠٦.٥٨٤ | ٪٦٢ | ٦١٠.١١٦ | ٪٦٤.٨٦ | ٣٥٢.٩٣٩ | ٪٣٦.٠٨ | ٣٣٠.٥٦٥ | ٪٣٥.١٤ |
| سیرت | ٦٧.٤٦٥ | ٪٤١.٥٥ | ٦٩.١١٣ | ٪٤٤.٥٦ | ٩١.٣٥٢ | ٪٥٦.٢٦ | ٨٥.٩٩٢ | ٪٥٥.٤٤ |
| شرناخ | ٥٧.٢٢٨ | ٪٢١.٤٣ | ٦٠.١٣٣ | ٪٢٣.٧ | ٢٠٢.٥٤٣ | ٪٧٥.٨٥ | ١٩٣.٦٣٩ | ٪٧٦.٣ |
| وان | ١٩١.١٠٦ | ٪٣٥.٦١ | ١٩٣.٠٣٦ | ٪٣٨.٥ | ٣٣٤.١٩٢ | ٪٦٢.٢٦ | ٣٠٨.٤٢١ | ٪٦١.٥ |
| کۆی گشتی | ١.٦٦٣.٥٨١ | ٪٣٥.٦٦ | ١.٦٨٤.١٧٨ | ٪٣٨.٢٥ | ٢.٥٩١.٧٥١ | ٪٦٢.١١ | ٢.٤٣٣.٨٠٩ | ٪٦١.٧٥ |
| جیاوازی دەنگ | ٢٠.٥٩٧ دەنگ بە ڕێژەی ٢.٥٩٪ زیادیکردووە | | | | ١٥٧.٩٤٢ دەنگ بە ڕێژەی ٠.٣٦٪ کەمیکردووە | | | |
| سزای کورد بۆ کلیچدارئۆغڵو | ١٧٨.٥٣٩ دەنگ بە ڕێژەی ٢.٩٧٪ی دەنگەکان | | | | | | | |

## هۆکارەکانی شکستی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکاندا

شکستی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا پەیوەندیی بە زیاد لە هۆکارێکەوە هەیە، بەگشتی دەتوانین هۆکارەکانی شکستی هەدەپە لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

**یەکەم: فشاری دەوڵەت لەسەر هەدەپە**

فشاری بەردەوامی دەوڵەت و هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر ئەندام و لایەنگر و بەرپرسانی هەدەپە، ترس و دڵەڕاوکێی لەناو خەڵکیدا بڵاوکردووەتەوە، بەجۆرێک هاوڵاتیان دەترسان لەوەی بەهۆی دەنگدانیان بە هەدەپە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزای توند ببنەوە. تەنانەت فشارەکان تا ئاستی داخستنی هەدەپە لەلایەن دادگای دەستووری تورکیاوە ڕۆشتوون. هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی هەدەپە بە ناچاری لەژێر ناوی پارتی چەپی سەوز-دا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات.

ئەم فشارانەی دەوڵەت لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و تەنانەت ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا بەردەوام و چڕتر بوویەوە. بەجۆرێک لە هەندێک شوێندا ڕێگری لە کۆبوونەوە و بانگەشەی کاندیدەکانی هەدەپە کراوە و بە بیانووی ناسەقامگیری ئەمنییەوە ڕێگە نەدراوە هەدەپە و یەسەپە میتینگی هەڵبژاردن ساز بکەن. تاوەکو ئێستایش لە هەندێک قەزا و ناحیە و گوندی شرناخ و هەکاری ناوبەناو باری نائاسایی ڕادەگەیەنرێت، ئەم بارە هەندێکجار ناوەندیی پارێزگاکانیش دەگرێتەوە. ئەمە جگە لە هەڵمەتی بەسەردادان و دەستبەسەرکردنی چالاکوان و ڕۆژنامەوان و پارێزەرانی کورد و هەدەپە. بۆ نموونە لە ماوەی مانگەکانی ئازار و نیسان ٢٩٥ هاوڵاتی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا دەستبەسەرکراون. لە نێو دەستبەسەرکراوانیشیدا کاندیدی پەرلەمان، پارێزەر، ڕۆژنامەوان، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەدەپە و چەندین بەرپرسی باڵای هەدەپە-ی تێدایە(٧).

**بڕیاری ئەنجامدانی کۆنگرەی نائاسایی لەلایەن هەدەپە-وە، هەرچەندە بەرەنجامی ژمارەیەک هەڵەی ستراتیجی و تاکتیکییە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارێکی بوێرانەیە بۆ بەخۆداچوونەوە و دووبارە بەهێزکردنەوەی پارتەکە.**

لەلایەکی دیکەوە لە هەردوو خولی هەڵبژاردندا پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)ی دەسەڵاتدار بە هەرجۆرێک بووبێت هەوڵی ساختەکاری داوە، ئەمەش لەڕێگەی ڕێگری لەو دەنگدەرانەی دڵنیابوو لە ناوچە کوردییەکان دەنگ بە هەدەپە دەدەن، تۆمارکردنی بەشێک لە

دەنگدەران وەک چاودێریی سندوقەکانی هەڵبژاردن بەبێ ئاگاداری خۆیان و بەم هۆیەشەوە لە مافی دەنگدان بێبەشبوون، دەنگپێدانی بە کۆمەڵ و ئاشکرا بە دانیشتوانی گوند و ناوچە دورەدەستەکان لە باکووری کوردستان، دروستکردنی کەشێکی ئەمنی و سەربازی ترسناک لە هەندێک ناوچە و ناوەندیی دەنگداندا کە ڕێژەی لایەنگریی هەدەپەی تێدا زۆرە(٨).

**دووەم: بەشداری هەدەپە لەژێر ناوی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە)**

چەند مانگێکی کەم بەر لە دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان, هەوڵەکانی دەوڵەت لەڕێگەی داواکاری گشتی و دادگای دەستوورییەوە بۆ داخستنی هەدەپە چڕبوونەوە، لەلایەک هەوڵی بڕینی ئەو بودجەیە درا کە بۆ هەدەپە وەک پارتێکی سیاسی لە پەرلەمان تەرخانکراوە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵی داخستنی یەکجارەکی پارتەکە و دانانی قەدەغەی کاری سیاسیی لەسەر بەرپرسەکانی دەدرا. لە هەمانکاتدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا داوای دەکرد بەزووترین کات پارتەکان لیستی کاندید و ناوی پارتەکانیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ کۆمسیۆن بنێرن.

لە کاتێکدا دادگای دەستووری داواکاریی هەدەپە-ی سەبارەت بە دواخستنی دانیشتنی دادگایی بۆ داخستنی پارتەکەی بۆ دوای هەڵبژاردنەکان بۆ سێ جار ڕەتکردەوە, کۆتا جاریش ١١ی مایسی بۆ کۆبوونەوە و بڕیاری یەکلاکەرەوە دیاریکردبوو, سەبارەت بە داخستنی هەدەپە یاخود ڕەتکردنەوەی داواکاری داخستنی پارتەکە(٩), بەڵام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ٩ی نیسانی وەک دوا بەروار بۆ تۆمارکردنی ناوی قەوارەکان و کاندیدانی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار دیاریکردبوو(١٠).

بۆیە بە ناچاری هەدەپە بڕیاری دا لەژێر ناوی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات(١١)، یەسەپە وەک پارتێکی جێگرەوە وایە و لەلایەن ئەو کەسانەوە بەڕێوە دەبرێت کە هەڵگری هەمان بیری چەپڕەوی هەدەپە-ن, بەڵام بەهۆی ئەوەی پێشتر هیچ بانگەشەیەکی بۆ نەکراوە، بۆیە نەتوانرا لە ماوەی ٣٥ ڕۆژدا ناوی یەسەپە بە تەواوی باکووری کوردستان و تورکیادا بڵاوبکرێتەوە.

لەمەش خراپتر بڕیاری دادگای دەستووری بوو بۆ دواخستنی بڕیاری کۆتایی لەسەر دۆسیەی داخستنی هەدەپە. ئەمەش بووە هۆی تێکەڵاوی لەنێوان ناوی هەدەپە و یەسەپە، لەبەرئەوەی لەلایەن ئەندام و لایەنگر و بەرپرسانی هەدەپە و تەنانەت لایەنە ڕکابەرەکانیشیانەوە هەردوو ناوەکە بەکاردەهێنرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە لیستی قەوارە تۆمارکراوەکاندا هەدەپە بوونی نەبووە و تەنیا یەسەپە هەبووە, دەکرێت بەشێک لە هاوڵاتیان

نەیانزانیبێت دەنگ بە یەسەپە بدەن، لە دۆخێکی لەم جۆرەدا یان دەنگەکە بۆ لایەنێکی دیکە ڕۆشتووە یاخود پووچەڵ بووەتەوە.
هەر بەهۆی بەشداری یەسەپە لەبری هەدەپە لە هەڵبژاردنەکاندا, ئەندامانی هەردوو پارتەکە لە بەشداری کردن لە چاودێری بنکە و سندوقەکانی دەنگدان بێبەشبوون. لەبەرئەوەی هەدەپە بەناوی خۆیەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکردووە, یەسەپە-یش لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێت و لە پەرلەماندا بوونی نەبووە. بۆیە بەناچاری یان ئەندامانی هەدەپە بەناوی جەهەپە-وە چاودێری سندوقەکانی دەنگدانیان کردووە, یاخود پەنایان بۆ ئەندامانی جەهەپە و پارتەکانی دیکەی ناو هاوپەیمانی میللەت (جگە لە پارتی باش) بردووە, بۆ ئەوەی چاودێری سندوقەکانی دەنگدان بکەن و پارێزگاری لە دەنگەکانی هەدەپە بکەن, بەڵام ئەوانیش تا چەند ئەو ئەمانەتەیان پاراستووە گومانێکی گەورەی لەسەرە!

**سێیەم: نەبوونی کاندیدی بەهێزو کاریزما**
جگە لەوەی هیچ کاندیدێکی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار نەبوو، کاندیدەکانی پەرلەمانیشی خاوەن کاریزماییەکی وا نەبوون بتوانن دەنگە نارازییەکانی هەدەپە بە بانگەشەیەکی چڕوپڕ و کاریگەر بگێڕنەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت هەدەپە لیستێک کاندیدی نەناسراوی ڕاگەیاند, کە تەنانەت لەسەر ئاستی ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەی خۆشیدا نەک ناوبانگیان نەبووە، بەڵکو ناسراویش نەبوون.
لەبەرئەوە هاوڵاتی ئامادە نییە دەنگ بە کەسێک بدات کە پێشتر نەیناسیبێت و ڕابردوویەکی قوڵ و فراوانی نەبێت, بە جۆرێک بە پشت بەستن بەو ڕابردووەی بڕیار لەسەر دەنگپێدانی بدات.
لەلایەکی دیکەوە هەدەپە کاندیدی خۆیی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بەربژێر نەکرد. هەرچەندە لە سەرتاوە باس لەوە دەکرا هەدەپە ژنێک بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار کاندید دەکات(١٢), بەڵام بەرپرسانی هەدەپە لەبری هەڵبژاردنی ڕێگای سێیەم بە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ بانگەشەیان بۆ دەکرد، بڕیاریاندا پشتیوانی لە کەمال کلیچدارئۆغڵو بکەن.

**هەرچەندە وەک دۆڕان وێنایان نەکردووە، بەڵام هەردوو هاوسەرۆکی هەدەپە دانیان بە شکستی پارتەکەیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆک کۆماریشدا ناوە.**

لەمانەش مەترسیدارتر باس لە داواکارییەکی سەلاحەدین دەمیرتاش دەکرێت لە بەرپرسانی هەدەپە, بۆ ئەوەی

وەک کاندیدی ئەو پارتە بۆ سەرۆک کۆماری تورکیا دەستنیشان بکرێت، بەڵام بەرپرسانی هەدەپە وەڵامی نەرێنی دەمیرتاش-یان داوەتەوە(١٣).

**چوارەم: قەبوڵنەکردنی هەدەپە لەلایەن هاوپەیمانی میللەت-ەوە**

دوو ساڵ پێش ئێستا کاتێک بەرەی ئۆپۆزسیۆن بانگەشەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی دەکرد، مەیلێک هەم لەلایەن هەدەپە و هەم لەلایەن پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)وە هەبوو بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکی گەورەدا بەشداری هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣ بکەن، بەڵام بوونی پارتی باش وەک دووەم گەورە پارتی ناو هەوپەیمانیی میللەت گەورەترین ڕێگربووە لەبەردەم چوونە ناوەوەی هەدەپە بۆناو هاوپەیمانی میللەت.

هەرچەندە هاوپەیمانی میللەت لەلایەن جەهەپە و پارتی باش بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ پێکهێنرا و پاشان بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ مێزی شەشقۆڵی دروستکرا، لەم مێزەدا هەریەک لە پارتەکانی سەعادەت، دەڤا و پارتی ئایندە بەشدارییان کرد، کە هیچ کامیان کێشەیان لەگەڵ بەشداری هەدەپە لە هاوپەیمانێتییەکەیاندا نەبووە، بەڵام هێزی پارتی باش و کەمالیستەکانی ناو جەهەپە ڕێگری سەرەکی بوون لە دانیشتنی هاوسەرۆکێکی هەدەپە لەسەر کورسی حەوتەمی مێزەکەی کلیچدارئۆغڵ.

بەهانەی سەرەکی ئەوانەیش کە ڕێگربوون لە بەشداری هەدەپە لەو هاوپەیمانێتییەدا پەیوەندیی هەدەپە-یە بە پەکەکە-وە. ئەم بەهانەیەش لەلایەک ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەشێک لە دەنگدەری کورد کردووە و لەلایەکی دیکەیشەوە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا وەک کارتێکی فشار لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دژی هەدەپە بەکارهێناوە، بەو واتایەی ئەگەر هەدەپە پەیوەندیی بە پەکەکە و "تیرۆریستانەوە" نەبێت بۆچی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش ئامادە نین لەناو هاوپەیمانێتییەکەیاندا جێگەی بکەنەوە؟!

**پێنجەم: هەڵبژاردنی بەرەی چەپ لەبری بەرەی کوردایەتی**

هەرچەندە پێش دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەرپرسانی هەدەپە و تەنانەت سەلاحەدین دەمیرتاش-یش وەک ڕابەر و هاوسەرۆکی پێشووی پارتەکە لە زیندانەوە بەردەوام بانگەشەیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم بەدەر لە دوو هاوپەیمانێتییە گەورەکەی تورکیا دەکردەوە، کە ڕێگایەک بێت بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مافەکانی کوردی تورکیای تێدا بەدیبێت(١٤)، بەڵام بە پێچەوانەی بەرەی کوردایەتی، هەدەپە بەرەی چەپڕەوی هەڵبژارد و فەزڵی ئایدۆلۆژیای بەسەر نەتەوەپەرستیدا دا،

لێرەوە هەدەپە ڕێگەی خۆیی دیاریکرد، کە وەک پارتێکی چەپڕەو کاردەکات و بەرگریکردن لە بیری چەپڕەوی لای ئەوان لەپێش خەباتی نەتەوەیی و بەرگریکردنە لە مافی کوردەکان.
هەدەپە لەبری ئەوەی تەنیا خۆی وەک پارتێکی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا بڕواتە ناو ململانێی هەڵبژاردنەکانەوە، یاخود هاوپەیمانێتییەکەی لەسەر بنەمای کوردایەتی و خەباتی نەتەوایەتی پێکهێنێت، هاتووە لەسەر بنەمای چەپڕەوی هێڵە سەرەکی و گشتییەکانی خۆیی دارشتووەتەوە و لەگەڵ ٦ پارتۆچکەی چەپڕەودا کە چەند دانەیەکیان پارتی تورکی بوون هاوپەیمانێتی ڕەنج و ئازادی-ی پێکهێنا(١٥).

**نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەری کورد لە باکووری کورستان کە لە ١٤ی ئایاردا بەشداری لە هەڵبژاردندا کردبوو، بۆ خولی دووەم بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد و بەهۆیەوە ژمارەی دەنگەکانی کەمال کلیچدارئۆغڵو بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی، ئەمەش ئەگەر دۆڕانێکی سەخت نەبووبێت بۆ هەدەپە ئەوا بە دڵنیاییەوە شکستێکی گەورە بووە.**

پێش هەر شتێک هەدەپە بەم کارەی ناوەندیی سیاسەتی خۆیی لە ئامەد-ەوە بۆ ئەنقەرە گواستەوە، لە هەمانکاتدا هێڵی سەرەکی گوتاری هەڵبژاردنەکانی لە خەباتی کوردایەتییەوە بۆ خەباتی چەپ و جەختکردنەوە لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و گەنجان گۆڕی.

## شەشەم: پشتیوانی بێمەرجی هەدەپە لە کلیچدارئۆغڵو

ململانێکانی ئەردۆگان و کلیچدارئۆغڵو بۆ ڕاکێشانی پارتەکانی دیکە بۆ پشتیوانی خۆیان لەسەر هەدەپە یەکلایی دەبوویەوە. ئەردۆگان وا دیاربوو بڕیاری کۆتایی دابوو، بەوەی هیچ داوایەک لە هەدەپە نەکات بۆ پشتیوانیکردنی، تەنانەت قەبوڵیشی نەدەکرد. لە بەرامبەردا کەمال کلیچدارئۆغڵو بە ئومێدی بەدەستهێنانی پشتیوانی بەرپرسانی هەدەپە و دەنگدەرەکانی بەردەوام لێدوانی ناڕاستەوخۆی دەدا. لەگەڵ ئەویشدا بوونی مۆتەکەی پارتی باش بەسەر کلیچدارئۆغڵووەوە، نەیهێشێت بۆ جارێکیش ڕاشکاوانە داوای پشتیوانی لە هەدەپە بکات.
دواجار لە ٢٠ی مارتی ٢٠٢٣ کلیچدارئۆغڵو سەردانی فراکسیۆنی هەدەپە-ی لەناو بینای پەرلەمانی تورکیا کرد، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوسەرۆکانی ئەو پارتە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا کۆمەڵێک پەیامی لاستیکی و شەرمنانەی بە ئاڕاستەی بەرگریکردن لە هەدەپە و چارەسەری

کێشەی کورد لە تورکیا ڕاگەیاند(١٦).
هەڵبەت ئەو سەردانەی کلیچدارئۆغڵو دوای پیرۆزبایی و بانگهێشتکردنی ناوبراو بوو لەلایەن میتحەت سانجار بە بۆنەی دیاریکردنی کلیچدارئۆغڵو وەک کاندیدی هاوپەیمانی میللەت بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار(١٧). هەرچەندە بانگهێشتەکەی سانجار بۆ هاتنی کلیچدارئۆغڵو بوو بۆ مەکتەبی سیاسی هەدەپە لە ئەنقەرە، بەڵام کلیچدارئۆغڵو نەیتوانی بەدەر لە بینای پەرلەمانی تورکیا کۆبوونەوە لەگەڵ هەدەپە بکات.

کەمال کلیچدارئۆغڵو لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک "پێویستە هەموو کێشەکان بە کێشەی کوردیشەوە لە پەرلەماندا چارەسەر بکرێن. لە سەدەی ٢١دا داخستنی پارتی سیاسی بێمانایە. ئەژمارکردنی زمانی کوردی لە پەرلەمانی تورکیادا وەک زمانێکی نەزانراو مایەی سەرسوڕمانە". ویستی سۆزی کورد و بەرپرس و لایەنگرانی هەدەپە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

لێرەوە ئیدی بەرپرسانی هەدەپە بەشێوەیەکی شەرمنانە و ناڕاستەوخۆ کەوتنە پشتیوانی کلیچدارئۆغڵو، بەبێ ئەوەی گرەنتییەکی تەواوی دەرچوونی و پاشان جێبەجێکردنی ماف و داواکارییەکانی کوردیان وەرگرتبێت.

ئەمە جگە لەوەی کلیچدارئۆغڵو و هاوپەیمانێتییەکەیشی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا زیاتر جەختی لەسەر پاراستن و بەهێزکردنی بیری چەپڕەوی و مافەکانی ژنان و گەنجان و تەنانەت پشتیوانی لە هاوڕەگەزبازی دەکردەوە. هەموو ئەمانە زیانی زۆریان لە هەدەپە داوە و نەک بۆ پشتیوانی کلیچدارئۆغڵو، بەڵکو بەشێک لە دەنگدەری خودی هەدەپە بۆ پەرلەمانیش دەنگیان بە کاندیدەکانی ئەو پارتە نەداوە.

لەلایەکی دیکەوە تا کۆتا ڕۆژەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایار پشتیوانی بەرپرسانی هەدەپە بۆ کاندیدەکەی هاوپەیمانی میللەت زیاتر و بەهێزتر و توندتر دەبوویەوە، ئەمەش لەلایەک خەڵکی و پشتیوانانی هەدەپە-ی زیاتر سارد دەکردەوە، لەبری ئەوەی هاوڵاتیان پێیان وابوو کلیچدارئۆغڵو لە ئایندەدا سودێکی وەهای بۆ کێشەی کورد و مافەکانی نابێت، بە پێچەوانەوە لەوانەیە لە ئەردۆگان توندتر ڕووبەڕووی کوردەکان ببێتەوە، ئەمەش بەهۆی هەڵوێستی دوژمنکارانەی لەمێژینەی جەهەپە بەرامبەر بە کورد.

بەتایبەتیش پشتیوانی هەدەپە لە کلیچدارئۆغڵو لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا، سەرەڕای ڕێککەوتنی کلیچدارئۆغڵو لەگەڵ ئومیت ئۆزداغ سەرۆکی پارتی زەفەر کە بە پارتێکی نەژادپەرستی توندی دژەکورد و هەدەپە و پەکەکە ناسراوە، لەسەر پشتیوانی ئۆزداغ و پارتەکەی لە کاندیدی هاوپەیمانی

میللەت بەرامبەر جێبەجێکردنی چەند خاڵێکی ئۆزداغ کە زۆربەیان دژی کورد بووە، بەتایبەت ڕووبەڕووبوونەوەی توندی پەکەکە، ڕیکنەکەوتن لەگەڵ هەدەپە لە هیچ کات و ساتێکدا، پێنەدانی هیچ پلە و پۆستێک لە حکومەتی نوێی تورکیادا بە هەدەپە.

هەموو ئەمانە بوو بەهۆی زویربوونی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەری هەدەپە و دواجار لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا دەنگەکانی کلیچدارئۆغڵو لە سەرجەم ناوچە کوردییەکاندا کەمیکرد, بە پێچەوانەوە دەنگەکانی ئەردۆگان زیادیکرد. ئەمەش لە ڕاستیدا بە ناڕاستەوخۆ هێمایە بۆ شکستێکی دیکەی هەدەپە لە هەڵبژاردن و پەیامێکی توندی ڕاستەوخۆی دەنگدەر بوو بۆ نارەزایی بەرامبەر سیاسەتی پشتیوانی بێمەرجی هەدەپە لە کلیچدارئۆغڵو.

## حەوتەم: هاوپەیمانی ئاکەپە لەگەڵ هوداپار و پشتیو انی ڕاستەوخۆی هوداپار بۆ ئەردۆگان

پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) هەر لە سەرەتای دامەزارندنییەوە لە ساڵی ٢٠١٢ وەک پارتێکی ئیسلامی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا پشتیوانی لە ئاکپارتی کردووە. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨یشدا بەبێ هیچ هاوپەیمانیەک بە ڕەسمی پشتیوانی لە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان وەک کاندیدی هاوپەیمانی کۆمار کردووە. بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣یش پێش واژۆکردنی هەر ڕێککەوتنێک جارێکی دیکە هوداپار پشتیوانی خۆیی بۆ ئەردۆگان ڕاگەیاند و ئامادەیی بۆ چوونە ناو هاوپەیمانی کۆمار-ەوە نیشاندا.

دواجار پاش چەند کۆبوونەوەیەک ٤ کاندیدی هوداپار لەسەر لیستی ئاکپارتی بەشداری کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیان کرد و هەر چواریان سەرکەوتن.

دەنگی ئەندام و لایەنگرانی هوداپار لە هیچ بازنەیەک ئەوەندە نەبووە کە تاکە کاندیدێکی ئەو پارتە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵام یەکگرتنی دەنگەکانی هوداپار لەگەڵ دەنگە کەمەکانی ئاکپارتی لەو بازنانەی هەڵبژاردن کە بە تەنیا دەنگی هیچ لایەکیان بەشی سەرکەوتنی کاندیدەکانی نەدەکرد، ٤ کورسی پەرلەمانی لەژێر دەستی هەدەپە دەرهێنا و خستییە سەبەتەی ئاکپارتی-یەوە.

لە هەریەک لە بازنەی سێیەمی ئیستەنبوڵ، گازی عەنتاب، مێرسین و باتمان چوار کاندیدەکەی هوداپار لە ڕیزبەندی لیستی کاندیدانی ئاکپارتی-دا بەجۆرێک دانرابوون کە ئەرگەری سەرکەوتن یاخود سەرنەکەوتنی ئەو کاندیدەی تێدا بوو.

لەلایەکی دیکەوە ئاکپارتی لەم هەڵبژاردنەدا چاودێری سندوقەکانی دەنگدانی لە باکووری کوردستان

بە ئەندامانی هوداپار سپاردبوو، هوداپاریش بەهۆی ئەو ڕابردووە خوێناوییەی لەگەڵ پەکەکە و هەدەپە-دا هەیبووە، بە توندترین شێوە کۆنترۆڵی بنکەکانی دەنگدانی کردبوو، لەبەرئەوەی ئەندامانی هەدەپە بە ناوی پارتەکەی خۆیانەوە نەیانتوانیوە چاودێری سندوقەکانی هەڵبژاردن بکەن، یاخود لە هەندێک بنکە هیچ ئەندامێکی هەدەپە و یەسەپە-ی بۆ چاودێری سندوقەکان و ئەنجامەکان لێنەبووە، بۆیە پارێزگاری لە ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپە کەوتووەتە ژێر سێبەری ویژدانی ئەندامە چاودێرەکانی هوداپار/ ئاکپارتی و پارتەکانی دیکەوە.

### هەشتەم: ململانێ نێوخۆییەکانی هەدەپە و دژ ایەتیکردنی دەمیرتاش

دوای دەستگیرکردن و زیندانیکردنی دەمیرتاش ململانێی ناوخۆیی هەدەپە-یش توندتر بوویەوە. هەڵبەت بوونی ململانێ لەناو هەر پارتێکی سیاسیدا دۆخێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک ئەم ململانێیانە کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمان هەبێت، تەنانەت ببێتە هۆی بەلاڕێدابردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو ململانێیە ناتەندروستە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەو کەرتە دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی دەمیرتاش بەردەوام لە تویتەرەکەیەوە پشتیوانی لە هەدەپە و کاندیدەکانی کردووە، بەڵام سەرکردایەتیی هەدەپە وەک پێویست بەدەم داواکاری و بانگەشەکانی دەمیرتاشەوە نەهاتن. بەڵگەش بۆ ئەوە ڕەتکردنەوەی داواکاری دەمیرتاشە بۆ ئەوەی خۆی وەک کاندیدی هەدەپە بۆ سەرۆکی کۆمار بەربژێر بکات.

لەلایەکی دیکەوە باشاک دەمیرتاش خێزانی دەمیرتاش پاش ئەوەی لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە بە جددیەت و لێبڕانەوە کەوتە بانگەشەیەکی چڕوپڕ بۆ کاندیدانی هەدەپە، بەڵام پێش ئەوەی بانگەشە کۆتایی بێت، باشاک دەمیرتاش دیار نەما و بەشداری لە میتینگی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و پەخشکردنی وتارە ئاگرینەکانی ڕاگیران. ئەوەی جێگای تێڕامان بوو هاوشێوەی هاوسەرەکەی کاریزمایی باشاک دەمیرتاش و جەختکردنەوەی زۆری لەسەر کێشەی کورد و ئازادبوونی سەلاحەدین دەمیرتاش لەبری فیکری چەپڕەوی و مافەکانی ژنان و لاوان.

ئەمە جگە لەوەی بەرپرسانی هەدەپە لە بەرامبەر هەڕەشەی ئەردۆگان بە لە سێدارەدانی سەلاحەدین دەمیرتاش هیچ هاوخەمی یاخود پشتیوانییەکیان بۆ دەمیرتاش و خێزانەکەی دەرنەبڕی، کاتێک لە ئێوارەی ٢٨ی ئایاردا لەکاتی پێشکەشکردنی "وتاری باڵکۆن" لەلایەن ئەردۆگانەوە، لەناو جەماوەرەوە دروشمی "لەسێدارەدان بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش دەگوترایەوە و ئەردۆگانیش بە

پێکەنینەوە تەماشایان دەکات(١٨)، وەک باشاک دەمیرتاش ئاماژەی پێداوە، نەک روونکردنەوە و لێدوان "هەموو بەرپرسە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن تەنانەت تەلەفۆنێکیشیان بۆ نەکردووە"(١٩).
پێدەچیت بەرپرسانی هەدەپە لە توانا و رۆڵی باشاک دەمیرتاش ترسابن و پێیان وابووبێت دەتوانێت جێگەی سەلاحەدین دەمیرتاش بگرێتەوە و کۆنترۆڵی لوتکەی دەسەڵات و بڕیارەکانی هەدەپە بکات.
دژایەتی بەرپرسانی هەدەپە تەنیا رووی لە دەمیرتاش و خێزانەکەی نەبووە، ئەوەتا فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووی زیندانیکراوی هەدەپە، لە وتارێکدا راگەیاند: "هەرچەندە پێشنیازی ئەوەمان کردبوو سیاسییەکی ئافرەت لە زیندانەوە ببێت بە کاندیدی سەرۆک کۆمار، بەڵام بەهۆی دوودڵی هەدەپە لە بڕیاردانەدا ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو"(٢٠).

### هەدەپە چی دەکات؟

دوای یەکلابوونەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و شەپۆلی نارەزایی فراوانی ئەندام و لایەنگرانی، بەرپرسانی هەدەپە هەرزوو بڕیاری ئەنجامدانی کۆنگرەی نائاساییان دا و هەردوو هاوسەرۆکیش خۆیان بۆ پۆستەکانیان کاندید ناکەنەوە. لە ئێستادا هاوسەرۆکان و بەرپرسانی دیکەی هەدەپە کەوتوونەتە کۆبوونەوەی چڕوپڕ لەپێناوی دیاریکردنی ئەو هەڵە و کەم و کورتیانەی لە هەڵبژاردندا بوونە هۆی بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامە خراپانە، لە هەمانکاتدا لە ئاستی لق و ناوچەکاندا دەستکراوە بە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی پارتەکە و دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری کارگێڕیی هەدەپە و دواجار ئەنجامدانی کۆنگرە و دیاریکردنی هاوسەرۆک و ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی.

**فشاری دەوڵەت لەسەر هەدەپە، بەشداری هەدەپە لەژێر ناوی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە)، نەبوونی کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار و کاندیدی بەهێز بۆ پەرلەمان، قەبوڵنەکردنی هەدەپە لەلایەن هاوپەیمانی میللەت-ەوە، هەڵبژاردنی بەرەی چەپ لەبری بەرەی کوردایەتی، پشتیوانی بێمەرجی هەدەپە لە کلیچدارئۆغڵو، هاوپەیمانی ئاکەپە لەگەڵ هوداپار و پشتیوانی راستەوخۆی ئەو پارتە بۆ ئەردۆگان، ململانێ نێوخۆییەکانی هەدەپە و دژایەتیکردنی دەمیرتاش هۆکاری شکستی هەدەپە بوون لە هەڵبژاردنەکاندا.**

**لێدوانەکانی دەمیرتاش داواکاری بووە بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی**

سەلاحەدین دەمیرتاش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا هەدەپە-ی ڕەخنەباران کرد و بە ناڕاستەوخۆ داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی لەو پارتەدا کرد. دەمیرتاش لە ٣١ی ئایاردا لە تویتەری خۆیەوە ڕایگەیاند "واز لە سیاسەتی ئەکتیف دەهێنم"(٢١) و ڕۆژێک دواتریش لە چاوپێکەتنێکی ڕۆژنامەوانیدا گلەیی لە بەرپرسانی هەدەپە کردووە, کە داواکاری کاندیدبوونی بۆ سەرۆک کۆماریان ڕەتکردووەتەوە(٢٢).

ئەم لێدوان و گلەییانەی دەمیرتاش دوای ئەو بانگەشە چڕ و پڕ و هەوڵە بێوچانەی خۆیی و خێزانەکەی هات لە پشتیوانییان بۆ کاندیدانی هەدەپە بۆ پەرلەمان.

بەرپرسانی هەدەپە-یش سەرەڕای ئەوەی خۆیان هیچ کاندیدێکیان نەبووە ڕێگەیان بە دەمیرتاشیش نەدواوە وەک کاندیدی هەدەپە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بەربژێر بکات. لە لایەکی دیکەیشەوە پاش ماوەیەک لە بانگەشەی گەرم و گوڕ و دەرکەوتنی باشاک دەمیرتاشی خێزانی سەلاحەدین, لەلایەن بەرپرسانی هەدەپە-وە ڕێگریان لە دەرکەوتنی ناوبراو لە میتینگەکان و میدیاکانی نزیک لە هەدەپە-وە کردووە.

چەند بەرپرسێکی هەدەپە-یش ڕاشکاوانە باسیان لەوە کردووە تویت و لێدوانەکەی دەمیرتاش ئاماژە بووە بۆ داواکاری گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەناو هەدەپە، واتە "ئەو خوێنەی ئێستا لە دەمارەکانی هەدەپەدا-یە پێویستە بەتەواوی بگوڕێت"(٢٣), دەکرێت هەر لەبەر ئەوەش بووبێت هاوسەرۆکانی ئێستای هەدەپە بڕیاریان داوە خۆیان بۆ پۆستەکانیان کاندید نەکەنەوە، واتە ویستێکی لەسەرووی توانای خۆیانەوە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی هەیە.

**گۆڕانکاریی ڕیشەیی، هاوسەرۆک و ناوی نوێ**

بەگوێرەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە کۆنگرەی هەدەپە-دا گۆڕانکاریی ڕیشەیی ڕوودەدات، بەجۆرێک وەک ئەوەی پارتێکی نوێ دامەزرابێت. ناوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) Halkların Demokratik Partisi (HDP) بۆ پارتی یەکسانی گەلان (هێپ) Halkların Eşitlik Partisi (HEP) دەگۆڕدرێت.

لە ئێستادا باس لە چوار کەس دەکرێت کە ڕەنگە لە کۆنگرەی نائاسایی هەدەپە-دا وەک هاوسەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردرێن، لەلایەک باس لە کاموران یوکسەک Kamüran Yüksek و ئایشە ئاجار باشاران Ayşe Acar Başaran دەکرێت بۆ هاوسەرۆکانی داهاتووی هەدەپە، لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە ئیدریس باڵوکەن و باشاک دەمیرتاش دوو کاندیدی بەهێزن لەناو هەدەپە-دا کە لە کۆنگرەدا وەک هاوسەرۆک هەڵبژێردرێن(٢٤).

لەلایەکی دیکەوە هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن هەریەک لە جەنگیز چیچەک پەرلەمانتاری ئیستەنبوڵ و مێرال دانش پەرلەمانتاری ئەرزرۆمی ئەو پارتە کاندیدی بەهێزن بۆ هاوسەرۆکی هەدەپە، بەڵام بەهۆی بوونی ئەگەری دانانی قەدەغەی کارای سیاسی لەسەر مێرال دانش، دوودڵیەک لە کاندیدکردنی ناوبراو بۆ هاوسەرۆکی هەدەپە هەیە(٢٥).

لەگەڵ ئەوەی باشاک دەمیرتاش خێزانی سەلاحەدین دەمیرتاشە، ئەو سێ کەسایەتییەی دیکەیش لەگەڵ باشاک خان وەک باڵی دەمیرتاش دەژمێردرێن، بەمپێیە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی کۆنگرەی هەدەپە بەجۆرێکە، کە سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندانی ئەدیرنەوە ڕینمایی دەردەکات و سێبەرەکانی ناوبراو لە هەدەپە-دا ئەو ڕێنماییانە بەسەر سیاسەتی هەدەپە-دا جێبەجێدەکەن.

**لە کۆنگرەی نائاسایی هەدەپە-دا پێشبینی گۆڕانکاریی ڕیشەیی و گۆڕینی ناوی پارتەکە بۆ پارتی یەکسانی گەلان دەکرێت.**

سەرەڕای زیندانیکردنی بۆ ماوەی زیاد لە ٧ ساڵ، بەڵام مانەوە و زیادبوونی کاریگەری و کاریزمایی سەلاحەدین دەمیرتاش بەسەر کوردەکانی باکوور و هەدەپە-وە، دەرەنجامی خۆڕاگری و چۆکدانەدانی ناوبراوە بەرامبەر هەر جۆرە فشار و ستەمێک کە ڕووبەڕووی خۆی و خێزانەکەی بووەتەوە، هەم لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و هەم لەلایەن هەدەپە-وە.

هەڵبەت کاریگەریی دەمیرتاش بەسەر دەنگدەری هەدەپە-وە لەچەندین ڕووداو و هەڵوێستدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩دا دەمیرتاش لەڕێگەی تویتێکەوە زۆرینەی دەنگدەرانی هەدەپە-ی بردە سەر سندوقەکانی دەنگدان و کاندیدانی جەهەپە و ئۆپۆزسیۆنی بۆ سەرۆکی شارەوانییەکانی ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەی دەرچواندا. ئەم ڕاستییە تەنانەت بەرپرسانی جەهەپە-یش دانیان پێداناوە. هەروەها کاتێک هەدەپە ناچاربوو لەژێر ناوی یەسەپە-دا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات، پێش هاوسەرۆکان و وتەبێژی هەدەپە یەکەم کەس دەمیرتاش بوو لەڕێگەی تویتێکەوە لە ١٤ی ئازار ناڕاستەوخۆ بڕیارەکەی ڕاگەیاند(٢٦).

### هەدەپە/هێپ دوای کۆنگرە

بەگشتی ڕەخنەکانی سەر هەدەپە بریتییە لە خۆبچووککردنەوەی پارتەکە، بەجۆرێک ئێستا وا لە هەدەپە دەڕوانرێت بەبێ هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا

سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردنی ئەنقەرە وەک ناوەند بۆ بڕیارە ستراتیژییەکانی هەدەپە لەبری ئامەد, تەواوکاری ڕەخنەکانی خۆبچووککردنەوەی هەدەپە-یە.

بەمپێیە هەدەپە بەخۆداچوونەوەیەکی بنەڕەتی دەکات و لە کۆنگرەی نائاسایی پارتەکەدا ناو، هاوسەرۆکان، بنەما و سیاسەتی پارتەکە گۆڕانکاریی ڕیشەیی تێدا دەکرێت. ئیدی ناوەندیی بڕیارەکان بۆ ئامەد دەگەڕێتەوە، بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤ هەدەپە بەتەنها کاندید دیاریدەکات و لەگەڵ هیچ پارتێکدا هاوپەیمانی نابەستێت.

بۆیە چاوەڕوان دەکرێت هەدەپە گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت، بەجۆرێک ئەو پارتە نوێیەی لە کۆنگرەدا دادەمەزرێت، نابێت بە درێژکراوەی هەدەپە و پاش ماوەیەکی کەم پارتە نوێیەکە بەتەواوی جێگەی هەدەپە دەگرێتەوە.

(1)- https://www.hurriyet.com.tr/gundem/hdpde-es-baskanlardan-aday-olmama-karari-42278984
(2)- https://secim2023.hurriyet.com.tr/14-mayis-2023-secimleri/milletvekili-genel-secim-sonuclari/
(3)-https://www.mepanews.com/secim-yenilgisinin-ardindan-hdpde-buldan-ve-sancar-donemi-sona-eriyor-60520h.htm
(4)-https://www.birgun.net/haber/hdp-ve-yesil-sol-partiden-secim-sonuclarina-iliskin-aciklama-437312?utm_source=webpush
(5)- https://youtu.be/eY7tGfaPKjY
(6)-https://www.dunya.com/gundem/ysk-14-mayis-secim-istatistiklerini-paylasti-katilim-orani-en-yuksek-ve-en-dusuk-iller-haberi-694736
(7)- http://mezopotamyaajansi35.com/GUNCEL/content/view/207105?page=2
(8)-https://www.ntv.com.tr/2023-secim/sanliurfada-sandikta-toplu-oy-kullanimi-kavgasi-2-yarali,RuTJHkK0W0qXs717IGOI4Q
(9)- https://www.bbc.com/turkce/articles/cv2v2k0zkz4o
(10)-https://www.hurriyet.com.tr/gundem/9-nisan-saat-17-00-icin-nefesler-tutuldu-ittifaklarin-listelerle-imtihani-42245315
(11)- https://haber.sol.org.tr/haber/hdp-secime-girmeyecek-yesil-sol-parti-formulu-hayata-geciyor-368769
(12)- https://www.kent04.com/haber/12970996/hdpnin-cumhurbaskani-adayi-kadin-olacak
(13)- https://tr.al-ain.com/article/demirtas-hdp-cumhurbaskanligi
(14)- https://www.evrensel.net/yazi/88584/ucuncu-yol-ucuncu-cizgi-ucuncu-ittifak-ucuncu-secenek
(15)- https://www.youtube.com/watch?v=f6M1L_LeEvM
(16)- https://www.bbc.com/turkce/articles/cyd64vpd86go
(17)-https://www.star.com.tr/politika/hdpli-sancardan-kilicdarogluna-

yesil-isik-ziyaretini-bekliyoruz-haber-1771782/
(18)- https://www.youtube.com/watch?v=hGV3Pz0E4nU
(19)- https://artigercek.com/politika/basak-demirtastan-idam-tepkisi-tek-bir-siyasetci-aramadi-252843h
(20)-https://www.middleeasteye.net/news/turkey-jailed-hdp-leader-yuksekdag-backing-kilicdaroglu-wrong#:~:text=Turkey%3A%20Jailed%20HDP%20leader%20says%20backing%20Kilicdaroglu%20was%20'-wrong',-
(21)- https://twitter.com/hdpdemirtas/
(22)-https://tr.euronews.com/2023/06/01/demirtas-hdp-yonetimini-elestirdi-adaylik-talebim-kabul-edilmedi-dedi
(23) - https://www.youtube.com/watch?v=FY6aCqc9Nj8
(24)- https://www.youtube.com/watch?v=FY6aCqc9Nj8
(25)-https://www.birgun.net/haber/hdp-de-es-genel-baskanlik-icin-one-cikan-iki-isim-443824?utm_source=webpush
(26)- https://twitter.com/hdpdemirtasstatus/1635666535627857920?s=20
status/1663876921338351617?s=20

# گاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لەسەر کوردستان

د. سەردار عەزیز

تورکیا یان ئەردۆگان، یەکێک لە سەختترین و ئاڵۆزترین هەڵبژاردنەکانی بیست ساڵی ڕابوردوی ئەنجامدا. ئەم هەڵبژاردنانە کە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماری لە خۆی دەگرت، لە هەموو دونیادا جێگەی بایەخ بوو. لەم نووسینەدا قسە لە سەر کاریگەرییە زۆرەکانی ئەو هەڵبژاردنە لە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەین.
وەک لە ناونیشانەکەدا دیارە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دەرئەنجامەکانی کاریگەریی زۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە سەر پانتایی سیاسی باشوری کوردستان هەیە. دەستنیشانکردنی ئەم کاریگەرییانە و ڕاڤەکردنیان بەشێکی زۆری نووسینەکەی بۆ تەرخانکراوە.
کاتێک دەڵێین کاریگەریی زۆر، مەبەستمان لەوەیە کە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئەمنی تورکیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. ئەم کاریگەرییانە لە سەر هێزەکانی ناو کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە لایەک و هەروەها لە پانتاییە جوگرافییە جیاوازەکانی کوردستان لە لایەکی تر، بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێت. لە هەمانکاتدا تورکیا وەک ناوەندێک کاریگەریی لەسەر زۆر

بواری تر هەیە وەک بازاڕ، سیستەمی خوێندن، ژیانی ڕۆژانە و زۆر بواری تر.
کورد وەک پەراوێزێک بۆ ناوەندیی تورکی بەردەوام دەخرێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بە بوونی توانایەکی سنوردار بۆ بەرگریی.
هەڵبژاردنەکانی تورکیا، ئەمجارە بەراورد بە جارەکانی تر کاریگەریی زیاتری هەبووە. ئەم کاریگەرییانە تەنها بە دۆخی هەڵبژاردنەکانی ناو تورکیا پەیوەست نییە، بەڵکو بە دۆخی ناوەوەی کوردستانیش پەیوەستە. بەمپێیە کەواتە هەردوو پانتاییەکە لە پەیوەندییەکی سیمبیوتیکدان symbiotic .
پێش ئەوەی بڕۆینە سەر کارگەرییەکان چەند خەسڵەتێکی حکومەتی نوێ و بانگەشەی هەڵبژاردن دەخوێنینەوە, کە بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکان و ڕاڤەکردنیان هاوکارمان دەبێت.

### بانگەشەی هەڵبژاردنەکان

بانگەشەی هەڵبژاردن بەگشتی ساتەوەختێکی تایبەتە لە پەیوەندیکردن و نمایش و زەقبونەوەی پرسەکان و دەرکەوتنی یاریکەرەکان و زۆر ڕەهەندی تر(١).
لەم ڕوانگەیەوە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی تورکیا ساتەوەختێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی ناوەوەی تورکیا و نوخبە سیاسییەکەیی و پرسە سەرەکییەکانی وڵات. تورکیا وڵاتێکی تایبەتە و لە دۆخێکی سیاسی تایبەتدا دەژی. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان تورکیا لە ئێستادا وڵاتێکی ئازاد نییە(٢).
وەک جۆری سیستەمی سیاسی تورکیا مۆدێلی دەسەڵاتخوازیی کێبڕکێییە، بەو مانایە هەرچەندە کێبڕکێ هەیە، بەڵام ئازادیی نییە، لە هەمانکاتدا سیستەمی وڵات دەسەڵاتخوازیی یان ئۆسۆرۆتۆریانە(٣).
بانگەشەی ئەم جارە دەرخەری کۆمەڵێک خەسڵەتی تورکیای ئەمڕۆ بوو. یەکەم خەسڵەت جەمسەرگیرییە(٤).
بەمپێیە کۆمەڵگا لەنێوان دوو جەمسەر یان زیاتردا دابەشبووە، کە لەگەڵ یەکتردا لە نەیارێتییەکی درێژخایەندان. جەمسەرگیریی کاتێک ترسناکە لایەک دەتوانێت کەمینەیەکی کەم بەدەستبهێنێت بە بەشەیتانکردنی لایەکەی تر، وەک ئەو دۆخەی ئێستا لە تورکیا هەیە. ئەم جەمسەرگیرییە، وەها دەکات دژایەتی و بە شەیتانکردن ببێتە پێداویستەییەکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هەر لایەک. هەرچەندە جەمسەرگیریی کوردی تورکی، ئیسلامی عەلمانی، شاری گەورە بەرامبەر شاری بچوک، یان مۆدێرن بەرامبەر تەقلید بونیان هەیە، بەڵام ئەم جەمسەرگیرییانە بەو جۆرە ئاسان نییە شوناسیان پێبدەیت، بۆ نموونە هەموو جەمسەرەکان دەستکەوت و سزای ئابووریی هەیە. ئەمەش هۆکارێک بوو کە هەرچەندە هاوپەیمانی میللەت

بە سەرکردایەتیی کەمال کلیچدارئۆغلۆ وەهای دەبینی کە ئابوری کۆکەرەوەی هەمووانە، بەڵام دەرکەوت ئابووریش لە هەناوی ئەم پرۆسەی جەمسەرگیرییەدا بەرێوەدەچێت. خەڵکی دەنگدەری پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بڕوایان نییە بەوەی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، کە پارتێکی عەلمانی ئەتاتورکییە، دەتوانێت باشکەری ئابووری بێت، یان ئەگەر باشکەریشی بێت ئەوان لێی سودمەند نابن.

بە هەر لۆجیکێک بوایە دەبوو پرسی ئابووری و دارمانی نرخی دراوی وڵات و سەختی ژیان بڕیاردەری سەرەکی بوایە، چونکە کاریگەریی لە سەر زۆرینەی زۆری هاوڵاتیانی تورکیا هەیە. چاودێرێکی سیاسی کە لە ئیستەنبول دەژی ئاماژەی بەوەداوە ئەگەر داهاتت بە لیرەی تورکی بێت لە هەموو سەردانێکی بازاڕدا هەست بە جیاوازی نرخەکان دەکەیت. ئەم دۆخە وەهای لە جەهەپە کرد ئاڕاستەی ئابووری و ژیانی خەڵکی هەڵبژێرێت. ئەمەش لە سیمبولی پیاز (سۆغان)ەکەی دەستی کەمال کلیچدارئۆغڵودا بەرجەستە بوو. (٥).

کەمال کلیچدارئۆغلۆ کە بە پیشە ژمێریارە، باش لە نرخی کەلوپەل و کاریگەرییانی دەزانی، بەڵام ئەوەی نەیدەزانی کاریگەریی یادەوەریی و جۆری تێگەیشتن (پریسێپشن) و هەروەها مێژووی حکومەتی هاوپەیمانییە لە تورکیا.

لە بەرامبەردا ئەردۆگان جەختی لە سەر دەستکەوتی گەورەی وەک بنکەی ئەتۆمی و دۆزینەوەی نەوت و غاز و دروستکردنی چەک و تەقەمەنی سەربازیی و ئۆتۆمبیل دەکــــردەوە. بانگەشەی ئەو زیاتر جەختکردنەوە بوو لە گەورەیی و پێگەی تورکیا لە دونیادا، کە بە سەدەی تورکی دایدەنێن(٦). بانگەشەی هەردوولا بە سیمبول سیخناخ بوو. دەکرێت بوترێت زمانی سیمبول لە سیاسەتی تورکیدا زمانی باڵایە. سیمبول هەوڵێکە بۆ گەیاندنی پەیامێکی نیمچە ناڕوون بۆ ئەوانیتر. بۆ نموونە بەندکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش لە ئەدرنە، سیمبولی دوورخستنەوەیەتی لە ناوچە کوردستانییەکان, یان بە مزگەوتکردنی ئایاسۆفیا کردەیەکی سیمبولییە.

هەردوو گوتاری بانگەشەکە دەرخەری دوو جۆر لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی تورکیا بوون. سیاسەتی بەرەی میللەت یان کلیچدارئۆغلۆ زیاتر جەختکردنەوە بوو لەسەر ناوخۆ، ئابوری، ژیانی ڕۆژانە. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبووە مایەی جۆرێکی زۆر جیاواز لە سیاسەتی دەرەوەی تورکی. بە کورتی دەتوانین بڵێین گەڕانەوەی تورکیا بۆ سیاسەتی تەقلیدی تورکی، کە بەگشتی یانی بوونی تورکیا وەک وڵاتێکی ناو سیستەمی ڕۆژئاوایی. نەک بینینی تورکیا وەک وڵاتێکی چالاکی هەرێمی کە بەرەی ئەردۆگان بانگەشەیان بۆ دەکرد. کلیچدارئۆغلۆ بە دوای پارە

و هاوکاریی و نزیکبونەوە لە ڕۆژئاوا دەگەڕا. بە پێچەوانەوە ئەردۆگان خۆی لە ڕۆژئاوا بە دوور دەگرێت و پارە لە شوێنی تر دەبێت، لە سەرووی هەموویانەوە وڵاتانی کەنداو. وەک ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردن دەریانخست پەیوەندی تورکیا و کەنداو لە هەموان خێراتر بەرەو پێشەوە دەڕوات.

### هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دەرئەنجامەکانی کاریگەریی زۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە سەر پانتایی سیاسی باشوری کوردستان هەیە.

تورکیا و کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی لە زۆر بواری جیاوازدا گرێبەستێکی پەنجا بلیون دۆلاریان واژۆکردووە(٧).
لە هەمانکاتدا پەیوەندیی نیوان تورکیا و ئیمارات بە هەمان شێوە بە خێرایی پەرەدەسێنێت(٨).
خواستی بینینی ڕۆڵێکی هەرێمی لەلایەن تورکیاوە زادەی تێگەیشتنێکی جیاوازە بۆ پێگەی تورکیا لە ناوچەکە و دونیادا. تورکیا وەها دەبینێت کە ڕۆژئاوا لە لاوازبوندایە، بۆیە دەیەوێت تەنیا بە ڕۆژئاواوە وابەستە نەبێت. لە هەمانکاتدا وەک بەشێک لە سیاسەتی ناوەوەی بەرەی ئەردۆگان دەیانەوێت دژە ڕۆژئاوایی بە تایبەت لە بواری کولتووردا بکەنە یەکێک لە بنەماکانی فەرمانڕەواییان، چونکە لە ناوەوە لەگەڵ بەرەی نەیاریاندا، سودی لێدەبینن, هەروەها لە دژایەتیکردنی گوتاری ڕۆژئاوایی لە بواری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بوارەکانی تریش سەرمایەگوزاری لە سەر دەکەن. بەمپێیە لەم ڕێگایەوە شەڕی ڕۆژئاوایی دۆستەکان لە ناوەوە و ڕۆژئاواییەکان لە دەرەوە دەکات.
لە میانەی پەیوەندیی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەمانای هەوڵی کاریگەریی و ڕۆڵ و دەستوەردانی زیاتر دێت.
دروشم و ڕووداوەکانی کاتی بانگەشە و پاشان دەرچوونی ئەردۆگان وەک سەرۆک کۆمار، دەرخەری ئەوەن کە ئەردۆگان بەردەوام دەبێت لە سەر سیاسەتی هەرێمی تورکیا, بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی ئابوری و دارایی. ئەردۆگان سیاسەت و ئابوری تێکەڵ دەکات. هەروەها بانگەشەی هەڵبژاردنەکان پێیگوتین کە بەرەی ئۆپۆزسیون وەک نزیک لە ڕۆژئاوا دەبینرێن, ئەمەش حکومەت وەها لێدەکات زیاتر پێداگری لە دژایەتی ڕۆژئاوا بکات بەتایبەتی لە ئاستی گوتاردا.

### کابینە نوێی حکومەت

دەستنیشانکردنی کابینەکە لە لایەن ئەردۆگانەوە، دیسانەوە بووە مایەی سەرنج(٩).

ئەردۆگان جگە لە وەزیری تەندروستی و وەزیری کولتوور و گەشتوگوزار سەرجەم وەزیرەکانی گۆڕی. دەکرێت بەگشتی گۆڕین و دانانی وەزیرەکان بە سەر دوو بەرەدا دابەش بکەین، یەکەم ئابوری، دووەم، سیاسی. لە ناو بەرەی سیاسیدا گۆڕینی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری کە بە میت ناسراوە، لە هەموان جێگای سەرنجتربوو. هاکان فیدان، لە دە ساڵی ڕابردوودا لە هەموو دانیشتنە دەرەکییەکانی دەوڵەتی تورکیادا بوونی هەبووە، بەڵام بەبێ قسەکردن. بەو مانایە بێئاگا نییە لە بوارەکە. ئەمەش وای کردووە کە بە وەزیری دەرەوەی سێبەر ناوبرێت(١٠).

بەڵام هێنانی بەرپرسی دەزگای هەواڵگری بۆ دیپلۆماسی، ئاماژەیە بۆ تێکەڵبوون و تێکهەڵکێشی ئەم دوو بوارە. هەروەها هاکان ئەزموونی سەربازیشی هەیە. بۆیە سیخوڕی لەگەڵ سەربازی و دیپلۆماسی سێکوچکەی پیرۆزی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێکدەهێنێت، بەتایبەتی بەرامبەر وڵاتانی دەوروبەری تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیا. شایانی باسە هاکان وەک لە نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژەی پێدەدات، پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوان دەزگای هەواڵگری و دیپلۆماسیدا دەبینێتەوە(١١).

بایەخدانی ئەردۆگان بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر ڕوونە، چونکە ئەو پارەی بێ مەرجی دەوێت، بە تایبەت مەرجی سیاسی و دیموکراسی. هەردوو سعودیە و ئیمارات زۆر لێی نزیکدەبنەوە، قەتەر لە ئاستێکی قووڵدا لەگەڵ تورکیادا هاوئاهەنگە.

بەڵام بە دیدی من ئەردۆگان لە دەستنیشانکردنی کابینەکەیدا زیاتر نزیکێتی و باوەڕپێکردنی بەلاوە گرنگ بووە. ئەمەش لە جێگرەوەکەی هاکاندا دەیبینین. دانانی ئیبراهیم کاڵن بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری درێژەپێدانی ئەو دیاردەیەیە کە ئەردۆگان پاش هەوڵی کودەتاکە دەستیپێکرد, کە چۆن دەزگای هەواڵگری لە لایەن کەسێکی نزیک لە خۆی بەڕێوەبچێت(١٢).

دیارە مانەوە و سەلامەتی سەرۆک لە سەرووی هەموو ئەجینداکانەوەیە. پاشان لە پەیوەست بە دیپلۆماسیەت و سیخوری و سەربازی چەند ئاماژەیەکی تر دەبینین. گۆڕینی وەزیری بەرگریی بە کەسێکی هاوشێوەی خلوسی ئاکار بەڵام بێ کاریزما، بە ناوی یەشار گویلەر(١٣)، دەرخەری دوو خەسڵەتە، یەکەم، لاوازکردن و کۆنترۆڵکردنی دەزگای سەربازیی، کە مێژوویەکی تایبەتی لە مێژوی سیاسی تورکیادا هەیە، دووەم جەختکردنەوەیە لە سەر کەسێک کە ڕاستەوخۆ بەشێک بووە لە هێرشەکانی سەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لێرەدا دەتوانین قسە لە سەر سێ کەسایەتی و سێ خەسڵەتی سیاسەتی هەرێمی و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

بکەین، ئەوانیش سیخوڕی، دیپلۆماسی و سەربازییە. هەریەک لەم سێ دەزگا گرنگە لە دەستی کەسانی وەفاداردابن بۆ ئەردۆگان. کەواتە ئەردۆگان نەک ئامانجی دڵنیایی بوون، بەڵکو گوێڕایەڵبوونی مسۆگەرکردووە. دوورخستنەوەی کەسانی وەک سولەیمان سۆیلۆ و خلوسی ئاکار بۆ پەرلەمان، دەرخەری ئەوەیە کە خەڵکی توند و سەربەگۆبەندی لە خۆی دوور خستەوە. هەروەها زەمینەسازییە بۆ قۆناغی گواستنەوە کە دەبێت قۆناغێکی بێکێشە بێت.

سەرباری کەرتی ئاسایشی، بوارێک بۆ بازاڕ و بەتایبەتی بۆ ڕۆژئاوا گرنگە ئابوریی بوو. هێنانەوەی محەمەد شیمشەک لەگەڵ دانانی حەفیزە ئەرکان بە سەرۆکی بانکی ناوەندیی بۆ ناردنی پەیامی عەقڵانی بوونی ئابوورییە، بەڵام شارەزایان گومانیان لە هەنگاوێکی وەها هەیە، وەک بیرمەندی گەورەی ئەرمەنی دارون ئاچەمئۆغلۆ لەم زنجیرە تویتەدا ئاماژەی پێداوە(١٤).

ئەم ڕەهەندە کەمتر بە هەرێمەوە پەیوەستە، بەڵام لەوەدا بە بایەخە کە ئەردۆگان دوانەی ئاسایش و ئابووری، کۆڵەکەی سەرەکی حکومەتەکەین. ئەم دوانەیە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا پیادە دەکات، بەڵام پێکەوە گرێدانی ئەم دووانە، وەها دەکات کە هەردوو کەرتی ئابووری و ئاسایشیش مسۆگەرکردنیان ئەستەم بێت.

### ئەردۆگان وەک سیمبول

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، جۆرێکە لە ئەڤاتار. بەو مانایە لای هەوادارانی وەک کەسێکی بان-مرۆیی و سەروو ئاساییە. زۆر لە کاریزما زیاترە. پاشخانی ئەوە لەوێوە دێت کە کۆمەڵگای تورکی بە دەرکەوتە جیاوازەکانیەوە لەژێر فشارێکی زۆری مۆدێرنەدایە، چ لە ئاستی باوەڕ، پەیوەندی، خێزان، ئابووری، بەشاربوون و بەهاکان. وەک زۆر کۆمەڵگای تر، کۆمەڵگای تورکی بەسەر ئەوانەی باوەشیان بۆ مۆدێرنە کردوەتەوە پەرتە, ئەوانەی کە دەیانەوێت خۆیانی لێبپارێزن یان هێندە بە خێرایی ژیانیان نەگۆڕن, بەڵام سەرباری ئەمە، ڕێژەی تەڵاق و جۆری خێزان و پەیوەندیی تاکەکان و خواستی مافەکان گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە، کە لە دەرئەنجامدا ترسێکی زۆری لای بەرەی پارێزەری لە هەناو کۆمەڵگای تورکیدا دروستکردووە.

ئەردۆگان وەها دەبینرێت کە بەرجەرستەکەری ئەو کەسایەتییەیە کە گەندەڵ نەبووە. لێرەدا گەندەڵ بە مانای دارایی نییە بە تەنیا, بەڵکو بەمانای بەها و ڕەفتاریش دێت، وەک پرۆفیسۆر حەمید بۆز ئەرسەلان جەختی لێدەکردەوە, لای ئەم جەماوەرە ئەردۆگان کەسێکە لەگەڵیان ماوەتەوە، بەرگریان لێدەکات. لەم ڕوانگەیەوەیە، ئەردۆگان دەیەوێت دەستووری وڵات بگۆڕێت و زیاتر پارێزەری بکات.

ئەم ڕوانگەیە زەمینەی بۆ ئەردۆگان سازاندووە، هەتا بتوانێت هەردوو ناسیونالیزم و ئایین تێکەڵ بکات، کە بە دڵی جەماوەری نیشتەجێبووی ئەناتۆلیایە.

ئەم دۆخەی ئەردۆگان وەک کەسایەتیەکی سەرو-ئاسایی لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی زۆری لەسەر ئیسلامی سیاسی هەیە. وەک ئەبوبەکر عەلی کەسایەتی دیاری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی ئاماژەی پێداوە، بوونی ئەردۆگان وەک پشتیوانییەکی مەعنەوی گەورەیە بۆ پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە هەرێم. ئەم دۆخی وابەستییەیە کە مایەی جەمسەرگیرییە لەناو کایەی سیاسی کوردستاندا.

**سیستەمی سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئەمنی تورکیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. ئەم کاریگەرییانە لە سەر هێزەکانی ناوکایەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە لایەک و هەروەها لە پانتاییە جوگرافییە جیاوازەکانی کوردستان لە لایەکی تر، بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێت.**

## کاریگەریی ئاسایشی

چەمکی ئاسایشاندن، یان securitization لە ئاستی پیادەکردن و ئاستی ڕاڤەکردنی سیاسەتی هەرێمی تورکیا چەمکێکی سەرەکییە، بەتایبەتی بەرامبەر کورد و هەرێمی کوردستان. بەگشتی ئاسایشاندن چەند کاراکتەرێک لە خۆی دەگرێت:

یەکەم: کاراکتەری ئاسایشاندن، دەکرێت حکومەت بێت، یان نوخبەی سیاسی یان سەربازی یان کۆمەڵگای مەدەنی. بەمپێیە کەسێک یان لایەنێک یان گروپێک هەیە بڕیاردەدات کە پرسێک، گروپێک یان خەڵکێک بخاتە دۆخی ئاسایشاندنەوە، کە بەگشتی دەربڕینێکی زمانەوانییە(١٥).

دووەم: خەسڵەت ئاسایشاندراوە، بە هەمان شێوە دەکرێت خەڵکێک گروپێک یان دەوڵەت بێت، کە وەها دەبینرێت لە دۆخی مەترسی ئاسایشی یان مان و نەماندان.

لەم دۆخەدا زەمینە بۆ پەنابردنە بەر ڕێگا و شێواز و ئامرازی توند یان ئەوپەڕی توند دەسازێنێت، بەبێ ڕێگەدان بە هیچ گومانێک یان ڕەخنەیەک لە کردارەکە(١٦). ئەم میتۆدی ئاسایشاندنە، ساڵانێکی زۆرە میتۆدی سەرەکی مامەڵەی تورکیایە لەگەڵ کورددا(١٧)، بەڵام ئەگەری هەیە بە شێوازێکی چڕتر بەردەوام بێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی سلێمانی و شەنگال. ئێستا دەتوانین بڵێین سلێمانی و شەنگال ناوچەی عورفی-فرە-ئەکتەری

ئەمنین. بەو مانایە ڕێگا بۆ ئەکتەرە ئەمنییە خاوەن ئەجیندا جیاوازەکان هەیە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەریەک بکەون. تورکیا یەکێکە لەو ئەکتەرانە و ئامرازی کۆن و نوێی زۆرە. تورکیا بەهۆی گەشەی تەکنەلۆجییەوە، توانای چاودێری، بەدەستهێنانی زانیاری، درۆن و بە ئامانجگرتنی کەسەکان، هەبوونی تۆڕی ئەنجامدانی کرداری ئەمنی، کە دەزگای میتی تورکی بە تۆڕی تری لۆکاڵی و نێودەوڵەتی سپاردوە(١٨).

وەک مامۆستای زانکۆ و شارەزای کاروباری عێراق سەرحەت ئێرکمان پێیگوتم، ئەم سیاسەتی سودبینین لە دۆخەکە و هەوڵدان بۆ درێژەپێدانی لەلایەن حکومەتی نوێی تورکییەوە بەردەوام دەبێت. سەرحەت لە پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)وە نزیکە.

هەڵکشانی بەرەی فاشیستی تورکی دەرخەری کۆمەڵێک گۆڕانکارییە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی توندتربوونی فاشیزم دەرکەوتنی کوردە، بەجۆرێک لەنێوان فاشیزمی تورکی و کورددا هاوکێشەیەکی سفری هەیە. ئەمەش پاشخانی ئەو دەربڕینەی جەیسم جێفرییە(١٩) کە دەڵێت ئەگەری ڕودانی هەمان جۆرە ڕووداوی ١٩٩٣ ڕواندا لە تورکیا هەیە.

چ بۆ ڕازیکردنیان وەک جەماوەرێکی بەرفراوان، یان لە ئەنجامی فشاریاندا، چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆگان لە بەرامبەر کورددا، لە هەر سێ پارچەی کوردستان توندبێت. هەرچەندە بارین کایۆئۆغلۆ، مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، وەهای دەبینێت ئەردۆگان ناچێتە ژێر فشاری کەسایەتییە تورکە توندڕەوەکانەوە.

### تورکیا و عێراق

وەک ڕوونە تورکیا و عێراق لە چەندین ئاستی جیاوازدا پەیوەندی و کێشەیان هەیە. وەک لە لێکۆڵینەوەیەدا لەسەر ئەم بوارە ئاماژەم پێداوە، پەیوەندیی نێوان تورکیا و عێراق، هەمیشە بە نیمچەیی دەمێنێتەوە(٢٠) پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە، خەسڵەتی تایفی، ئاسایشی، هەرێمایەتی و قەیرانی ئاوی هەیە. ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخە، ئایا پەیوەندیی تورکیا بە عێراقەوە چۆن کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟ بە پوختی ئاماژە بە دوو بوار دەدەم، کە ئەوانیش نەوت و ئاون.

لە ڕابوردودا تورکیا بەهۆی نەبوونی توانای دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی شیعەی بەغداد، پەنای بۆ هەرێمی کوردستان هێنا. ئەم واقیعە، وەک پاشخانێک، دۆخێکی وەهای دروستکردوە هەمیشە ئەو پرسیارە بکرێت ئایا تورکیا ئەگەر پەیوەندیی لەگەڵ بەغداد باشبوو، ئەوا لەگەڵ هەرێمدا خراپ دەبێت؟! هەروەها بە

پێچەوانەوە؟ دیارە وەک مێژوو پێمان دەڵێت، پێچەوانەکەی ڕاستە، بەڵام مەرج نییە باشبوونی پەیوەندیی نێوان عێراق و تورکیا ببێتە هۆی خراپبوونی پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان. سەربارى ئەمە نابێت عێراق وەک فاکتەرێک لە پەیوەندییەکەدا لە بەرچاو نەگرین، بەڵام ئاڵۆزییەکە لەوەدایە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەریی نییە، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ یان بگرە بە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە بەڕێوەدەبرێت. ئێران و تورکیا، وەک دوو وڵاتی خاوەن کولتووری ئیمپراتۆریی، دەکرێت خۆیان لەنێوان خۆیاندا بێ کێشەبن، بەڵام لە جێگاکانی تر ململانێ و کێبڕکێ بکەن، وەک عێراق و سوریا بۆ نموونە، بەم میتۆدە دەڵێن، کۆمپارتمێنتەلایزەیشن.

**هەرچەندە وەک جۆری سیستەمی سیاسی تورکیا مۆدێلی دەسەڵاتخوازیی کێبڕکێییە. بەڵام بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە ئێستادا وڵاتێکی ئازاد نییە.**

بەمپێیە تورکیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقێکدا دەستبەرداری هەرێم نابێت، کە کاریگەریی دانان و پەیوەندیی لەگەڵیدا بۆ تورکیا ئێجگار سنوردارە. تورکیا لە بواری بازرگانی، کاری کۆمپانیاکانی، ئاسایش، کاریگەریی دانان لە سەر عێراق، سودبینین لە سەرچاوەی وزە و زۆر بواری تر سوود لە هەرێم وەردەگرێت، بەڵام عێراق نە دەیەوێت نە پێیدەکرێت هەموو ئەم سوودانە بە تورکیا بگەیەنێت. نەوت و لە داهاتوودا غاز بە سودی تورکیا بووە، هەرچەندە دۆڕانی تورکیا لە دادگای ناوبژیوانی پاریس وەها دەبینرا لەم بوارەدا کۆتایی ڕۆڵی تورکیا بێت، بەڵام تورکیا ئێستا هاوکێشەکەی پێچەوانە کردووەتەوە، بەوەی سەرباری دۆڕانی عێراق، ناچارە لە دەرگاکانی بدات، چونکە بواری تر بەتایبەتی ئاو، دەوڵەتی عێراق زۆر ئاسان بە چۆکدا دەهێنێت(٢١).

پرسی ئاو ئاڵۆزترە. لە شەستەکانەوە تورکیا دەستی بە کۆمەڵێک بەنداوی گەورە کرد بە ناوی گاپ، کە کورتکراوەی ناوی پرۆژەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە. ئەم پرۆژانە لەناو تورکیادا کۆمەڵێک ئامانجیان هەیە، کە ڕاستەوخۆ بە کوردەوە وابەستەیە، لەوانە پڕکردنی دۆڵ و نشێو بە ئاو بۆ دروستکردنی بەربەست بەرامبەر جووڵە، هەروەها نغرۆکردنی زۆر شوێن لە پێناوی سڕینەوەی یادەوەری، بۆ نموونە حەسەن کێف. ئەم ڕەهەندی سڕینەوەی یادەوەریی و کۆنترۆڵکردنەی چەکدارانی کورد، تەنانەت لە لایەن میدیاکانی حکومەتیشەوە دانی پێدا دەنرێت.

ڕەهەندێکی تری گلدانەوەی ئاو دروستکردنی پرۆژەکان گۆڕینی باکووری

کوردستانە بۆ جێگایەک کە ببێت بە سەبەتەی خۆراکی تورکیا. بەمجۆرە تورکیا لەنێوان بەشی ڕۆژئاوای پیشەسازی و بەشی ڕۆژهەڵاتی کشتوکاڵیدا بەش دەبێت, کە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت, بەڵام لە پەیوەست بە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، توانای تورکیا بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە و ژمارەی زۆر، تورکیا لە ئەنجامدا بوو بە وڵاتێک کە توانای کۆنترۆڵکردنی ڕوبارەکانی هەیە. ئەم توانای کۆنترۆڵکردنە نوێیە, لە ئەنجامدا تورکیا هەوڵدەدات وەک چەکێک لە پەیوەندیی هەرێمایەتی و جیوپۆلەتیکیدا بەکاربهێنێت، بە تایبەت لەگەڵ سوریا و عێراقدا.

بەڵام ڕەهەندی ترسناکی ئاو، تەنیا بەکاربردنی وەک ئامرازێکی سیاسی یان جیوپۆلەتیکی نییە, بەڵکو ڕەهەندە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی. کۆمەڵگای عێراق لە باشور زۆر بە خێرایی زیاد دەکات و بە شاریی دەبێت، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری گەورە دەبن هەتا لە داهاتوودا عێراق پێویستی بە ئاوی زیاتر بێت.

لە هەمانکاتدا کێشەی دابەشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاودا لە کولتوورێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاو وەک بێنرخ یان ناکۆتا مامەڵە دەکات. تورکەکان هەمیشە دوو ڕەخنەیان هەیە، یەکەم: بۆ لە گرتنەوەی ئاودا کەس باسی ئێران ناکات؟ دووەم: مامەڵەی عێراقییەکان لەگەڵ ئاودا نەگونجاوە. لە میانەی چەند دیدارێکدا لەگەڵ لایەنی تورکی، کاتێک ئەندامبووم لە لیژنەیەکی هاوبەش کە لەلایەن ڕێکخراوی سی ئێم ئای فینلەندییەوە بەڕێوەدەبرا، گلەیی وگازندەکانی تورک زۆر ڕوون بوون، هەروەها وەک بیانوو بۆ پێنەدانی ئاوی زیاتر بە عێراق بەکاردەهات. وەها دیارە عێراقییەکان لە واقیعە نوێیەکە تێناگەن. کێشەی ئاو لە چەند ئاستێکدا کاریگەریی لەسەر عێراق دەبێت، وەک ژینگە، پرسی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاسایشی خۆراک و زۆر بواری تر. هەموو ئەمانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە سەر کوردستان دەبێت.

**گۆڕینی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری کە بە میت ناسراوە وەک وەزیری دەرەوەی تورکیا سەرنجراکێشترین بڕیار بوو، هاکان فیدان لە سەردەمی سەرۆکایەتی میت-یشدا وەک وەزیری دەرەوەی سێبەر ناوبراوە.**

### کۆتایی

هەڵبژاردنەکان گەرچی لە ناوەوەی تورکیا گۆڕانکارییان لە کەس و نوخبەی فەرمانڕەوادا دروستنەکرد، بەڵام کاریگەریی زۆریان لە سەر هەرێمی

کوردستان هەیە. تورکیا پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هەیە، بەجۆرێک کوردستان یەکەیەکی تەواو دەرەکی نییە بۆ تورکیا، لە هەمانکاتیشدا تەواو ناوەکی نییە. ئەم دۆخە تایبەتە وەها دەکات هەرێمی کوردستان دۆخێکی تایبەتی بە تورکیاوە هەبێت. ئەم دۆخی ناوەکیبوون و دەرەکیبوونە لەم ساڵانەی سەردەمی پارتی داد و گەشەپێداندا زیاتر قوڵبووەتەوە، بەجۆرێک کە تێکەڵاوبوونی ئەم دوولایە چەندین ڕەهەند و لایەنی نوێی وەرگرتووە. تورکیا لە کوردستان ئەکتەرێکی ئاسایشی و سیاسییە. لەڕێگەی گەشەی تەکنەلۆجی سەربازییەوە توانای جوڵە و چاودێری و کاریگەریی زیاتر بووە. هەروەها پارتی داد و گەشەپێدان پەیوەندیی ئایدۆلۆژی و مۆدێل و حیزبایەتیشی زیاتر کردووە.

جگە لە ڕەهەندی پرسی کورد و ئایین، پەیوەندیی تورکیا بە هەرێمی کوردستانەوە ڕەهەندی عێراقی و هەرێمیشی هەیە، بەتایبەتی ئێران. ئەم دۆخە وەها دیارە زیاتر بە ڕامان لە کەسایەتییەکانی کابینەی نوێ و گرێدانی هەر سێ ڕەهەندی هەواڵگری، دیپلۆماسی و سەربازی چڕ دەبێتەوە.

لە کاتێکدا تورکیا لە عێراقدا دەیەوێت کاریگەر و سوودمەندبێت، بەڵام ناتوانێت دەستبەرداری کۆمەڵێک ئەجینندابێت لەوانە: تایفیەت، پەکەکە، وزە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو. لە داهاتوودا ئابووری و ئاسایش فاکتەری سەرەکی دەبن لە پەیوەندییەکەدا، بەڵام ئەم دوو فاکتەرە ناتوانن لە دەرەوەی فاکتەرە هەرێمی و ناوخۆیی و کەسییەکان بن.

### سەرچاوەکان

1.https://link.springer.com/cher/10.1007/978-3-658-36179-2_27
2.https://freedomhouse.org/country/turkey/freedom-world/2022
3.https://www.democratic-erosion.com/2022/12/31/competitive-authoritarianism-in-turkey
4.https://www.gmfus.org/news/importance-mitigating-polarization-turkey
5.https://www.duvarenglish.com/in-new-video-kilicdaroglu-criticizes-rising-cost-of-living-news-62178
6.https://www.lrb.co.uk/the-paper/v45/n11/tom-stevenson/one-more-term
7.https://www.al-monitor.com/originals/2023/06/saudi-aramcos-50-billion-deal-turkey-seeks-less-dependency-west
8.https://www.khaleejtimes.com/uae/sheikh-mohamed-erdogan-hail-progress-in-uae-turkey-relations
9.https://edition.cnn.com/2023/05/31/

middleeast/turkey-erdogan-take-back-istanbul-mime-intl/index.html

10.https://www.hurriyet.com.tr/yazarlar/abdulkadir-selvi/kabine-degisikligini-nasil-okumali-278713

11.https://repository.bilkent.edu.tr/server/api/core/bitstreams/175b39d3-23a8-4668-829f-9ba6acfe15fb/content

12.https://www.intelligenceonline.com/government-intelligence/2023/06/12/erdogan-tightens-grip-on-mit-with-appointment-of-kalin,109992712-art

13.https://www.tccb.gov.tr/en/cabinet/minister-of-national-defense#:~:text=Yaşar%20Güler%20was%20born%20in,of%201975%20and%201984%2C%20Mr

14.https://twitter.com/DAcemogluMIT/status/1669711684771151872

15.https://onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1111/dome.12099

16.https://www.researchgate.net/publication/263657031_SECURITIZATION_OF_KURDISH QUESTION_IN_TURKEY

17.https://onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1111/dome.12099

18.https://www.awene.com/detail?article=8859

19.https://www.wilsoncenter.org/article/handling-turkey-west-relations-after-erdogans-election-victory-engage-understand-overcome?utm_campaign=mep&utm_source=update&utm_medium=email&emci=d72a45ea-4b09-ee11-907c-00224832eb73&emdi=90678bd0-e109-ee11-907c-00224832eb73&ceid=69201

20.https://epc.ae/en/details/featured/why-turkey-iraq-relations-are-destined-to-remain-limited

21.https://www.iraqoilreport.com/news/iraq-turkey-talks-begin-over-pipeline-but-no-signs-of-progress-45820/

# شکستی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا چاوەڕوانکراو بوو؟

بەختیار ئەحمەد ساڵح

## پێشەکی

دواجار هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا بە سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کاندیدی هاوپەیمانی کۆمار کۆتایی هات و جارێکی دیکە خەونی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا (هاوپەیمانی میللەت) بۆ شکستپێهێنانی ئەردۆغان لەباربرا. لەم هەڵبژاردنەدا ئۆپۆزسیۆن هەوڵیدا چەند کاندیدێکی خاوەن مەیلی سیاسی جیاواز لە ناسیۆنالیست، چەپ، ئیسلامی، کورد بناسێنێت, بۆ ئەوەی ڕێگری لە سەرکەوتنی ئەردۆغان و پارتەکەی بکات، بەڵام ئۆپۆزسیۆن لە هەردوو هەڵبژاردنەکەی و پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆماردا تووشی شکست هات.

دۆخی تورکیا ئامادە بوو بۆ گۆڕانکاری. گەندەڵی، هەڵاوسان، هێواش بەدەمەوەچوونی لێقەوماوانی زەمینلەرزەکەی مانگی شوباتی ئەمساڵ کە هۆکار بوو بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی کوژراوانی کارەساتەکە بۆ زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس، داواکاری خەڵک بۆ گۆڕانکاری بەهێزتر کردبوو، بەڵام دەرکەوت بە ملیۆنەها کەس لە تورکیا ئامادەن

بەرژەوەندیی پارتەکەیان بخەنە پێش نیگەرانییەکانی دیموکراسی و ئازادییەکان لە کۆمەڵگادا.

### شکستی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)

بۆ ئەوەی پارتێکی سیاسی سەرکەوتنی خۆی لە کێبڕکێی هەڵبژاردن مسۆگەر بکات، پێویستە سیاسەتی واقیعی لەسەر بنەمای دیدێکی سیاسی سەرتاسەری دابڕێژێت و کەیسێکی کۆمەڵایەتی بۆ پشتیوانی لەو سیاسەتانە دروست بکات. لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا دەرکەوت پارتی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن، پارتی گەلی کۆماری، نەیتوانی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا دروست بکات، ئەوەی لە خوارەوە دێت هۆکارەکانی شکستی ئەو پارتەیە:

١.جەهەپە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە کۆمەڵایەتییە پەنای بۆ شێوازی جۆراوجۆر برد. کەمال کلیچدارئۆغڵو سەرۆکی جەهەپە، هاوپەیمانیەکی هەڵبژاردنی دامەزراند بەناوی هاوپەیمانی میللەت کە لە شەش پارت پێکهاتبوو: پارتی باش، پارتی سەعادەت، پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن، پارتی ئایندە و پارتی دیموکرات. ئەم بلۆکەی ئۆپۆزسیۆن ئاواتەخوازی ئەوە بوو هەم دەنگدەرانی تورکی ناسیۆنالیست و هەم پارێزکارەکان/ بەرەی ڕاستڕەو بکاتە ئامانج، بەڵام ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی جەهەپە بووەوە، شکستهێنان بوو لە پەرەپێدانی سیاسەتێکی کۆنکرێتی لەسەر بنەمای دیدێکی سیاسی هەمەلایەنە.

٢.جەهەپە نەیتوانی دیدێکی هەمەلایەنەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە بەرەی دەرەکیدا بخاتەڕوو. لە ماوەی دوو دەیەی دەسەڵاتی ئاکەپەدا، تورکیا ڕۆڵێکی باڵادەستی ناوچەیی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بینی، لە کاتێکدا سیاسەتی دەرەوەی جەهەپە لە مێشکی دەنگدەراندا ون نەبوو.

٣.جەهەپە هەوڵیدا بە بەشداریکردنی پارتی دیموکراتی گەلان دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەکاندا کۆبکاتەوە، لەکاتێکدا نەیتوانی هیچ دەستپێشخەرییەک لەسەر پرسی کورد بخاتەڕوو.

٤.جەهەپە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی ئیسلامییەکان، هەندێک لایەنی سیاسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی لەسەر پرسی ئازادیی ئایین بەدەستنەهێنا.

٥.شکستی ئۆپۆزسیۆن تەنها لە پێکنەهێنانی دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا سنووردار نەبوو، بەڵکو نەبوونی سیاسەتیش بوو. وەک چۆن بەبێ باروت هیچ شەڕێک سەرناکەوێت، جەهەپە-یش بەبێ سیاسەت نەیتوانی بەسەر ڕکابەرەکەیدا زاڵ بێت. کاتێک سیاسەت بەرهەم نەهێنرێت، ئەو توخمە جۆراوجۆرانەی کە پێکەوە کۆکراونەتەوە ناتوانن پێکهاتەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن،

لەبری ئەوە پێکهاتەیەکی دژبەیەک دروست دەبێت، کە بۆ بەرژەوەندییە کورتخایەنەکان لەگەڵ یەکتر کۆدەبێتەوە.
٦.بلۆکی ئۆپۆزسیۆن، لەبری پێشنیازکردنی سیاسەتی کۆنکرێتی بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک و زیادکردنی خۆشگوزەرانییان لە بوارە جیاجیاکاندا، لەسەر بنەمای هەستی دژە ئەردۆغان پێکهێنرا. ئەم بلۆکە سەهۆڵینەی کە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە باوەشیان گرتبوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن توانەوە. بانگەشەیەک کە بێ پلان و ناوەڕۆک بێت و لەسەر بنەمای ڕەخنەی تووند بێت، بە دڵنیاییەوە شکست دەهێنێت(١).

## ڕۆڵی ترس لە شکستی ئۆپۆزسیۆن

لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت کە هێشتا دەتوانرێت سوود لە ترس و نیگەرانییەکانی کۆمەڵگا وەربگیرێت و زۆرینە لە دەوری فەریادڕەسێک کۆبکرێتەوە:
١.پارتی دەسەڵاتدار لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا نەیارەکانی بە ناکارامە و ناڕێکخراو و تەواو مەترسیدار ناوزەند دەکرد, لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک و بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ وڵات پێداگری دەکرد. کاتێک خەڵک نیگەران بێت لە ئاسایش و باری گوزەرانی، بە دڵەڕاوکێوە دەنگ دەدات، خواست و ئارەزووە سیاسی و ئازادیخوازەکانی کاڵ دەبێتەوە و پەنا بۆ فریادڕەس دەبات. لەم دۆخانەدا خەڵکی لە دەوری کەسێک کۆدەبنەوە کە بە بەڵێنەکانی ئومێدی نەهێشتنی نەهامەتییەکان بدات.
٢.لە کاتی بانگەشەدا، پارتی دەسەڵاتدار گرتەی ساختەی بەکارهێنا بۆ بەستنەوەی نەیارەکەی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە, بە تیرۆریست ناوی بردن و بانگەشەی ئەوەی کرد کە کلیچدارئۆغڵو ئەگەر هەڵبژێردرێت عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکە ئازاد دەکات.
٣.لەو ناوچانەی کە زەمینلەرزەکە گرتییەوە، پەرەسەندنی دڵەڕاوکێ وایکرد دەنگدەران پشتگیریی هەمان ئەو پیاوە بکەنەوە کە لە پلەی یەکەمدا بە مۆڵەتدانی نایاسایی بە بیناکاران کارەساتی بەسەردا هێنان، ئەوانەی ئازیزان و موڵک وماڵیان لەدەستدا، پشتگیرییان لە سەرکردەیەکی یەکلاکەرەوە کرد کە پێیان وابوو بەپێی بەڵێنەکانی دەتوانێت بە خێرایی دەست بە ئاوەدانکردنەوە بکات و لە ماوەی ساڵێکدا پرۆژەکان تەواو بکات.
٤.کێشە ئابوورییەکانی تورکیا سەرچاوەیەکی دیکەی نیگەرانییەکان بوون، وڵاتەکە لەبەردەم ئابوورییەکی لەرزۆک و دارمانی لیرە و ڕێژەی هەڵاوسانی زۆر بەرزدایە. ملیۆنان کەس لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. هەرچەندە سەرچاوەی ئەم کێشە ئابوورییانە سیاسەتەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بوو، بەڵام

هێشتا خەڵک ئەوەندە متمانەیان بە ئەردۆگان هەبوو کە بتوانێت چارەسەری کێشەکانیان بکات و ئامادە نەبوون شانسی خۆیان لەگەڵ سەرکردەیەک تاقیبکەنەوە کە پارتەکەی هێشتا ئەزمونی بەڕێوەبردنی وڵاتی نییە.
٥.ملیۆنان کەس کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان پشت بە هاوکاری حکومەت دەبەستن، نیگەران بوون لەوەی ئەگەر کلیچدارئۆغڵو بچێتە سەر دەسەڵات، لەوانەیە یارمەتییەکانی حکومەت لەدەستبدەن. ئەردۆغان سوودی لە هەموو ئەو نیگەرانیانە وەرگرت و توانی ترسی کۆمەڵگا بەکاربهێنێتەوە و لە بەرژەوەندی خۆی کێبڕکێکە کۆتایی پێبهێنێت(٢).

## ڕۆڵی دەنگدەری کورد

لە ساڵی ١٩٩١ەوە جوڵانەوەی سیاسی کورد لە تورکیا بە ڕابەرایەتی ١٠ پارتی جیاواز هاتووەتە ناو هەڵبژاردنەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هەڕەشە لەسەر ئەو پارتانە بووە و بووەتە هۆی داخستنیان. لەم هەڵبژارنەش پارتی دیموکراتی گەلان بەهۆی دۆسێیەکی دادگا و ئەگەری داخستنی، لەژێر ناوی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، سەرکردەکانی پارتی چەپی سەوز پێش هەڵبژاردن هاوپەیمانییان لەگەڵ پارتی کرێکارانی تورکیا (تیپ) و پارتە چەپەکانی دیکە پێکهێنا و هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی-یان دامەزراند. سەرکردەکانی پارتی چەپی سەوز بڕیاریان دابوو کاندیدێکی سەربەخۆ بۆ سەرۆکایەتیی تورکیا بەربژێر نەکەن، بۆیە پشتیوانییان لە کلیچدارئۆغڵو کرد.

## سەرکەوتنی ئەردۆغان جارێکی دیکە خەونی ئۆپۆزسیۆنی بۆ شکسپێهێنانی ئەردۆغانی لەباربرد.

دەنگدەرانی کورد ڕۆڵێکی گرنگیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا بینی و لە بەرژەوەندیی کەمال کلیچدارئۆغڵو کاندیدی ئۆپۆزسیۆن لە ئاستێکی بەرزدا بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، بەڵام لە کۆتاییدا ڕێژەی بەشدارییان لە خولی دووەمی هەڵبژارندا بە بەراورد بە بەشداریکردنیان لە خوولی یەکەم، کەمتر بوو. کەمبوونەوەی بەشداری کورد لەم هەڵبژاردنانەدا دەکرێت بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێنرێتەوە؛ لەنێویاندا سەرکوتکردنی سیاسەتمەدارانی کورد و بەکارهێنانی تۆنی ناسیۆنالیستی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بە تایبەت پێش خولی دووەمی هەڵبژاردن.
لەگەڵ ئەوەشدا کە پشتیوانی کورد لە کلیچدارئۆغڵو پێگەی ناوبراوی بەهێزتر کرد، بەڵام لە هەمانکاتدا بوو بە گەورەترین کارتی فشار بەدەست ئەردۆغان-نەوە،

ئەردۆغان تەواوی بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیی بە تۆمەتبارکردنی کلیچدارئۆغڵو بە پشتیوانی لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەسەر برد. تەنانەت ڤیدیۆیەکی ساختەی بڵاوکردەوە و تیایدا باس لەوە دەکرێت کە کلیچدارئۆغڵو لەگەڵ موراد قەرەیلان یەکێک لە سەرکردەکانی پەکەکە کۆبووەتەوە، ئەم ڤیدیۆیە پاڵپشتی بۆ هەڵمەتی ئەردۆغان زیاتر کرد.

بەهۆی کاریگەریی هەدەپە لە ناوچە کوردنشینەکان، ئەو ناوچانە زۆرترین دەنگیان بە کلیچدارئۆغڵو داوە. لە کۆی ٢٠ پارێزگا کە زۆرترین دەنگیان بە کلیچدارئۆغڵو داوە، ١٢ پارێزگایان لە ناوچە کوردییەکان بوون. هەروەها ئەو ١٥ ناوچەیەی کە زۆرترین پشتیوانییان لە کلیچدارئۆغڵو کرد، هاوڵاتی کوردی ئەو ناوچانەبوون، بەڵام سەرەڕای پشتیوانیی دەنگدەرانی کورد لە کلیچدارئۆغڵو لەم دوو خولەی دەنگداندا، ئەوەی بەدەستهات چاوەڕوان نەکراوبوو.

هەدەپە ڕۆڵی زۆری بە چەپەکان داوە و پێگەی ئەوانی زیاد لە ئاستی خۆیان بەرز کردووەتەوە, لەبەرامبەردا سوودێکی بەرچاوی بەدەستنەهێنا. ئەگەر یەسەپە بە تەنها بچوایەتە ناو هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوا نەیدەتوانی بەربەستی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش ببڕێت. جێگەی ئاماژە پێدانە کە کورد و چەپەکان لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣وە بە سووڕێکی بێکۆتایی دامەزراندن و داخستن ڕاهاتوون(٣).

ڕێژەی بەشداری کورد لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٣ بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ لەو ناوچانەی کە پارتی دیموکراتی گەلان باشترین ئاستی هەبوو تیایدا، کەمی کردووە، هۆکارەکەشی دەکرێت بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بگەڕێنینەوە:

١.دابەزینی بەربەستی هاتنە ناوەوەی پارتەکانە بۆ پەرلەمانی تورکیا: پێش ئەم هەڵبژاردنە، پارتە سیاسییەکان پێویستیان بە بەدەستهێنانی ١٠٪ی دەنگەکان هەبوو بۆ ئەوەی بچنە پەرلەمانی تورکیا، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بەربەستی چوونە ناو پەرلەمانی تورکیا بۆ ٧٪ کەمکرایەوە، بەهۆی دابەزینی بەربەستی چوونە ناو پەرلەمانەوە کەمتر پێویست بە بەشداری کورد هەبووە.

٢.دەستبەسەرکردنی ئەندامانی هەدەپە: زۆرێک لە ئەندام و بەرپرسانی پێشووی هەدەپە لە زینداندانن لەوانە سەڵاحەدین دەمیرتاش کە بۆ ماوەی حەوت ساڵە لە زینداندایە. لەگەڵ بەردەوامی گوشارەکان و دەستبەسەرکردنیان، ڕێکخراوە حیزبیەکان بە تایبەت لە ناوچە دوورەدەستەکان چالاکییە سیاسییەکانیان کەم کردەوە و کادیرە سەرەکییەکانی بزووتنەوەکەش لە سیاسەت کشاونەتەوە.

٣.پێدەچێت هەدەپە هاوپەیمانێکی هەڵەیان هەڵبژاردبێت، ئەوان لە

هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادییدا دیار بوون، بەڵام لە زۆر شوێنی ڕۆژئاوای تورکیادا، ئەو دەنگدەرانەی کە مەیلی سۆسیالیستی یان سۆسیال دیموکراسییان هەبووە و چاوەڕوان دەکرا دەنگ بە هەدەپە بدەن، گۆڕییان بۆ پارتی کرێکارانی تورکیا.

٤.ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بەگشتی بۆ خوار ئاستی مامناوەند دابەزی: ڕێژەی بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ٢٠١٨ لە ناوچەکانی ژێر کاریگەریی هەدەپە کەمی کردووە. ڕێژەی بەشداریکردن لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ١٤ی ئایار لە تێکڕای ڕێژەی بەشداریکردن لە هەموو ناوچەکانی تورکیا کەمتر بوو. لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا کە لە ٢٨ی ئایاردا بەڕێوەچوو، دیسان ڕێژەی بەشداری کورد لەو ناوچانەدا کەم بووەوە.

٥.کلیچدارئۆغڵو پێش گەڕی دووەم تۆنێکی نەتەوەپەرستانەتری بەکارهێنا و هەوڵی بەدەستهێنانی ٥٪ی دەنگەکانی سینان ئۆغان-ی دا, لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا لەڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ ئومێد ئۆزداگ، سەرۆکی پارتی زەفەر کە بە کەسێکی نەژادپەرستی توندڕەوی تورکی ناسراوە، کلیچدارئۆغڵو بەڵێنی پێدابوو کە ڕێوشوێنی یاسایی سنووردار بگرێتەبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی دامەزراندنی شارەوانی سەر بە پارتی داد و گەشەپێدان. لە ڕاستیدا کورد دەنگی نەدا بە بەرزبوونەوەی ناسیۆنالیزم دژی ئەردۆغان بە مەبەستی گەڕانەوەی دیموکراسی بۆ تورکیا(٤).

## بەلاڕێدا بردنی ڕاپرسییەکان و شکستی ئۆپۆزسیۆن

ڕاپرسییەکان لە تورکیا وەک زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی جیهان، زۆرجار دەتوانن چەواشەکارانە بن، ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا هیچی هاوشێوەی ئەو ڕاپرسیانە نەبوو کە پێش هەڵبژاردن ئەنجامدرابوون و ئاماژە بوون بۆ پێشەنگی کاندیدی ئۆپۆزسیۆن کەمال کلیچدارئۆغڵو، بابەتێک کە بێگومان دەنگدەرانی تورکیای تووشی سەرسوڕمان کرد. ڕاپرسییەکان کە لەلایەن دامەزراوە و کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی تورکیاوە ئەنجام دراون، چەندین جار جەختیان لە پێشەنگی کلیچدارئۆغڵو لە کێبڕکێ لەگەڵ ئەردۆغان کردووەتەوە. لەم ڕووەوە زۆر کەس پێیان وابوو جەماوەری ئەردۆغان تا ڕادەیەکی زۆر کەمی کردووە, بەهۆی بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و تێچووی بژێوی ژیان لە تورکیا, کە وا بیر دەکرێتەوە هۆکاری سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەت بێت، بەڵام ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ڕاستیدا باسی واقیعێکی دیکەی کرد. لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا ئەردۆغان ٤٩.٥٪ و کلیچدارئۆغڵو ٤٤.٩٦٪ی دەنگی گشتی بەدەستهێنا،

ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەشێکی زۆر لەو نموونانەی لە ڕاپرسییەکاندا وەرگیراون، لە توێژە پارێزگار/ڕاستڕەو و چینە هەژارەکەی کۆمەڵگا نەبوون.

**لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دو ایيەی تورکیادا پارتی ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن (جەهەپە) نەیتو انی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا دروست بکات.**

ئەنجامدانی ڕاپرسی لەو دۆخەی کە تورکیا پیایدا گوزەری دەکرد، بەر لە هەڵبژاردنەکان کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بەهۆی ئەو هەل و مەرجەی کە لە دوای زەمینلەرزەکەی مانگی شوبات هاتە ئاراوە، لە هەمانکاتدا هەندێک سنووردارکردن بەهۆی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە دروست بوو، کە ئاڵنگاریی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی دروستکرد. بە شێوەیەکی گشتی ڕاپرسییەکان مەرج نییە گوزارشت لە نیازی ڕاستەقینەی دەنگدەران بێت، ئەگەری ئەوە هەیە خەڵک لە ڕێگەی ڕاپرسییە جیاوازەکانەوە بیەوێت نارەزایەتی خۆی لە شێوزاێکی دیاریکراوی بەڕێوەبردن نیشان بدات، بەڵام کاتێک کە دەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان هەڵوێستیان بگۆڕێت، لەلایەکی دیکەشەوە زۆجار دەرەنجامی ڕاپرسییەکان زیاتر هانی ئەو لایەنە دەدات کە لەدواوەیە تا بە خاڵە لاوازەکانیدا بچێتەوە و تا وادەی هەڵبژاردنەکان خۆی چاک بکات(٥).

سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئۆپۆزسیۆن شکستی هێنا؟ شارەزایان لە تورکیا پێیان وایە وەرچەرخانی ناسیۆنالیستی کەمال کلیچدارئۆغڵو لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٨ی ئایاردا، ڕێژەی بەشداریکردنی لایەنگرانی "کورد"ی کەمکردووەتەوە، هەندێکیش بەر لە دەنگدانەکە ڕایانگەیاندبوو کە ڕێککەوتنەکەی کلیچدارئۆغڵو لەگەڵ ئومێت ئۆزداغی ڕاستڕەوی توندڕەو، پاڵپشتی ئەو دەنگدەرانەی کورد کە لە خولی یەکەمدا پشتیوانی کلیچدارئۆغڵویان کردبوو، بێهێز دەکات. هەرچەندە پارتی دیموکراتی گەلان لە خولی دووەمدا پشتیوانی خۆی بۆ کلیچدارئۆغڵو دووپات کردەوە، بەڵام پێچەوانەکردنەوەی هەڵوێست و ڕێککەوتنی ڕواڵەتی کلیچدارئۆغڵو لەگەڵ ئومێت ئۆزداغ گومانی لای بەشێک لە کورد دروست کرد. لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا نزیکەی دوو ملیۆن کەس کەمیکرد، لەو ژمارەیەش نزیکەی ٤٠٦ هەزار کەس لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان بوون، کە لە خولی یەکەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو پاڵپشتی کلیچدارئۆغڵویان کردبوو(٦).

**دەتوانین گرنگترین هۆکارەکانی شکستی ئۆپۆزسیۆن لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:**

١.گرنگی دەنگی پارتە ئاینییەکان: زۆرینەی دەنگەکان ئاراستە و لایەنگرییەکی دیاریکراویان هەیە و بە تێکڕا ڕەوتێکی جێگیریان هەیە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ ، بە گشتی ٤٠٤٠٪ ی دەنگەکان تایبەت بووە بە پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی گەلی کۆماری ٢٥٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. هەروەها شرۆڤەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە، لە هەردوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ و هە ڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٥ و ٢٠١٨ و ڕیفراندۆم بۆ چاکسازی دەستوور لە مانگی نیسانی ٢٠١٧، دەردەکەوێت, کە ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە زیاتر لە ٥٠٪ دەنگەکان دەبێت و بۆ ئەو کارەش هیچ ڕێگەیەک بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا نییە, جگە لە ڕاکێشانی دەنگی گروپ و ڕێکخراوە ئایینی و پارێزگار/ ڕاستڕەو کە بە بنکەی تەقلیدی پارتی داد و گەشەپێدان ئەژمار دەکرێن. زۆرێک لە گروپە ئایینییەکان دەنگ بە ئەردۆگان دەدەنەوە تەنها لەبەر ئەوەی جێگرەوەیەکی گونجاویان بەدەستەوە نییە, بۆیە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بە گرتنەبەری ستراتیژێکی گونجاو بەشێک لەو توێژانە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بە شێوەیەکی گشتی گروپ و ڕێکخراوە ئایینی و ڕاستڕەوەکان لە دروشمی ئۆپۆزسیۆن دەترسن.

٢.نەبوونی بژاردەیەکی باش بۆ سەرۆکایەتی: باشترین بژاردە بۆ ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ئەوە بوو کە تێکڕا لە پشت کاندیدێکەوە بوەستن تا بتوانێت بەشێک لە دەنگەکانی داد و گەشەپێدان بۆ ئۆپۆزسیۆن ببات. ئەم بژاردەیەش "عەبدوڵلا گول" سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا بوو، گول بە یەکێک لە سێ دامەزرێنەرە سەرەکییەکەی پارتی ئاک پارتی دادەنرێت, خاوەن مێژووی چالاکی سیاسی وەک سیاسەتمەدارێکی ڕاستڕەوی چەندین ساڵەیە و تەنانەت زۆرێک لە حیزبە عەلمانیەکانی تورکیاش ڕێزی لێدەگرن(٧).

٣.نەبوونی یەک گوتاری لەنێوان هاوبەشەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن: هاوپەیمانی میللەت نەیتوانی چوارچێوەی هاوکاریی هەنووکەیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلان بۆ ڕای گشتی لە تورکیا ڕوون بکاتەوە, کە چۆن سەیری پەیوەندیی نێوان هەدەپە و پەکەکە دەکات. کلیچدارئۆغڵو هەر لە سەرەتاوە ناچار بوو پشتیوانی پارتی دیموکراتی گەلان بەدەستبهێنێت و فاکتەری یەکلاکەرەوەی سەرەکی کە توانی ببێتە کاندیدی هاوپەیمانی میللەت، بەدەستهێنانی پشتیوانی کورد بوو، بەڵام ئەو کاردانەوەیەی لە لایەن دەنگدەرانی

هاوپەیمانیەوە هاتە پێشەوە، بە تایبەت بەشێک لە ئەندامانی پارتی باش، ڕێگربوون لە ڕاگەیاندنی ڕاشکاوی ئەم هاوکارییە(٨).

٤.هاوپەیمانی میللەت کە لە شەش پارتی سیاسی جیاوازی ئایدیۆلۆژی پێکهاتبوو، لە سۆسیال دیموکراسەوە تا ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و ڕاستڕەو، لە هەوڵەکانیدا بۆ شکستدانی ئەردۆغان یەکڕیزی نیشانداوە، بەڵام نەیتوانیوە دەنگدەران ڕازی بکات کە ئەگەر سەرکەوت، دەتوانێت چۆن وڵات بەڕێوەببات. ئەو شتەی کە نیشانەی هێز بوو بۆ ئۆپۆزسیۆن، واتە فرەچەشنییەکەی، وەک لاوازییەک هەستی پێدەکرا. لە ڕاستیدا ڕەنگە دەنگدەران ترسیان لەوە هەبووبێت کە ئۆپۆزسیۆنێکی وەها هەمەچەشن نەتوانن یەکگرتوو بن بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کێشە زۆرەکانی وڵات.

٥.وا دەردەکەوێت دەنگی کورد بۆ ئۆپۆزسیۆن جامێکی ژەهراوی بوو بێت نەک دیاری، دەنگدەران کە هەستیارن بەرامبەر بەدۆخی ئاسایشی وڵاتەکەیان، ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە لەلایەن پەکەکە بڵاوکرایەوە, باسی لەوە دەکرد بە شێوەیەکی کاتی شەڕی خۆیان لە دژی حکومەت ڕادەگرن, بۆئەوەی دەرفەتێک بدەن بە ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرکەوتن، لە ڕاستیدا لێدوانەکانی ئەردۆغان-ی پشتڕاستکردەوە کە دەیوت ڕکابەرەکانی پشتگیری تیرۆریستانیان کردووە(٩).

**جەهەپە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی ئیسلامییەکان، هەندێک لایەنی سیاسی بۆلای خۆی ڕاکێشا، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی لەسەرپرسی ئازادیی ئایین بەدەستنەهێنا.**

### تایبەتمەندییە یەکلاکەرەوەکانی دەنگدان لەم هەڵبژاردنەدا:

١.کەمبوونەوەی سنووردار لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا: ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە خولی دووەم گەیشتە ٨٥.٧٢٪ بە ڕێژەی ٥٢ ملیۆن و ٩٣ هەزار و ٢٧٤ دەنگ، لەو ژمارەیەش ٥١ ملیۆن و ٤١٨ هەزار و ٣٦٥ دەنگ پەسەندکرا، بە ڕێژەی کەمبوونەوەی ١.٣٪ دەنگ بە بەراورد بە خولی یەکەم کە تیایدا کۆی گشتی ڕێژەی بەشداریکردن ٨٧٪ بووە، واتە ٥٣ ملیۆن و٩٩٣ هەزار و ٥١ دەنگ، ئەم کەمبوونەوەی دەنگدانەش بە زیانی کلیچدارئۆغلۆ و سوودی ئەردۆگان تەواو بوو.

٢.ڕێژەی بەرزی دەنگدان بە ئەردۆغان لەو ناوچانەی کە زەمینلەرزە گرتییەوە: دەنگەکانی ئەردۆغان بە بەراورد بە خولی یەکەم بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە ڕێژەی دەنگەکانی لەو ناوچانەی کە زەمینلەرزەکە زیانی پێگەیاندبوو،

ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ کارایی و چالاکی تیمی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەردۆغان لەو ناوچانە.

٣.کۆکردنەوەی دەنگی ناسیۆنالیستەکان بە قازانجی ئەردۆغان: ئەردۆغان توانی دەنگی ناسیۆنالیستەکان کۆبکاتەوە، لەڕێگەی مەلەفی گەڕانەوەی ئاوارەکانی سوریا. مەولود چاوش ئۆغڵو وەزیری ئەوکاتی دەرەوەی تورکیا، ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکانی خولی دووەم، باسی لە هەوڵەکانی ئەنقەرە کرد بۆ گەڕانەوەی نزیکەی ٥٥٣ هەزار ئاوارەی سوری بۆ ناوچەکانی باکووری سوریا. ئەمە جگە لە کارتی پەکەکە کە ئەردۆغان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا بەکارهێنا، لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا لە یەکێک لە گردبوونەوەکاندا گرتەیەکی ساختەی چەکدارانی پەکەکە دەرکەوت کە هاواریان بۆ کلیچدارئۆغڵو دەکرد. ئەم قسانەی ئەردۆغان بەرامبەر بە پەکەکە، جگە لە لێدوانەکانی سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پەنابەرانی سوریا، وای لە سینان ئۆغان کاندیدی نەتەوەپەرست بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لە خولی یەکەمدا کرد لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٣ پشتیوانی خۆی بۆ ئەردۆغان رابگەیەنێت و داوای لە لایەنگرانی کرد لە خولی دووەمی هەڵبژاردندا دەنگ بە ئەردۆغان بدەن. ئەمەش بە ڕوونی لە زۆری ڕێژەی دەنگدان بە ئەردۆغان لە خولی دووەمدا ڕەنگیدایەوە، ئەمە جگە لە بەردەوامبوونی هەماهەنگی تورکیا لە ڕێگەی ڕەوتی کۆبوونەوە چوار قۆڵییەکانی نێوان وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ڕوسیا، ئێران و سوریا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئاوارەکان بۆ سوریا(١٠).

٤.ئەزمونی سیاسی ئەردۆغان بە بەراورد لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن: ئەزمونی سیاسی ئەردۆغان چ پەیوەندیی بە شێوزای حوکمڕانییەوە هەبێت یان بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو لە بەرژەوەندیی دەنگەکانی کە لە دوو خولی هەڵبژاردندا توانی پێشەنگی خۆی بپارێزێت، ئەم حاڵەتەش زیاتر لە توانای ئەردۆغاندا بەدیارکەوت بۆ ڕاکێشانی دەنگی نەیارەکانی لە ناوچە زیان لێکەوتووەکانی زەمینلەرزەکە.

**بەشداری کورد لە خوولی دووەمی هەڵبژاردندا بەراورد بە خوولی یەکەم بەڕێژەیەکی زۆر دابەزی، ئەمەش بەهۆی ڕێککەوتنی کاندیدی هاوپەیمانی میللەت لەگەڵ پارتێکی دژە کوردی نەژادپەرستی تورکی**

٥.کۆنترۆڵکردنی میدیا: ئەردۆغان و تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی بەهرەمەند

بوون لە کۆنترۆڵی تەواوەتی میدیاکانی تورکیا، ئەم کۆنترۆڵکردنە بەسەر میدیاکاندا سوودێکی زیاتری بە ئەردۆغان بەخشی، تا وێنەی خۆی لە لای دەنگدەر جوانتر بکات و لە بەرامبەردا کەسایەتیی کلیچدارئۆغڵو لەکەدار بکات. هەروەها کاندیدی ئۆپۆزسیۆن کەمترین کاتەکانی پەخشکردنی وەرگرتووە و کاتێک لە میدیاکاندا دەرکەوتووە، وەک سەرکردەیەکی ناکارامە بۆ حوکمڕانی وڵات نیشان دراوە. ئەم هەڵمەتە میدیاییانە دەنگدەرانی تووشی شڵەژان و ترسی ئەوە کردووە کە ئەگەر کلیچدارئۆغڵو هەڵبژێردرێت، ڕەنگە دۆخی تورکیا زۆر خراپتر بێت.

٦.دابینکردنی هاندانی ماددی ئەردۆگان بۆ دەنگدەران: ئەردۆگان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بوو لە "هەڵهاتن بۆ پێشەوە" و دوورخستنەوەی تەرکیز لەسەر قەیرانی گرانی و تێچووی ژیان، لەڕێگەی ئەو هاندانە داراییانەی بە شێوەی خانەنشینی و موچەی زۆر و داشکاندن لەسەر پارەی کارەبا و غازی سروشتی ماڵان، پێشکەشی هاووڵاتیانی کرد، ئەمەش ڕۆڵی ئەرێنی خۆی هەبوو لە کەمکردنەوەی فشارەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاراستەی دەنگدەران بەرامبەر ئەردۆگان(١١).

٧.کۆکردنەوەی ڕەوتی کۆنەپارێزی ناسیۆنالیستی و ئایینی: ئەردۆگان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا توانی هەردوو ڕەوتی پارێزکاری ناسیۆنالیستی و ئایینی کۆبکاتەوە، بە گواستنەوەی گفتوگۆکان بۆ پرسەکانی وەک ئاسایش و بەها خێزانییەکان. ئەمە لە نێو دەنگدەرانی ناسیۆنالیست و پارێزکاردا دەنگدانەوەی هەبوو، بە قۆستنەوەی هەستی گۆشەگیری توێژە ئیسلامییەکان لە تورکیا لە سیکیۆلاریزمدا لە ڕووی ڕێگرتن لە باڵاپۆشی ژنانی موسوڵمان لە دامودەزگاکانی خوێندن و دامودەزگاکانی دەوڵەت و دوورخستنەوەی ئایین لە ژیانی گشتی و سیاسەت بۆ دەیان ساڵ. بەم شێوەیە هەڵمەتەکانی وێناکردنی کیلیچدارئۆغڵو و "پارتی گەلی کۆماری" وەک سیمبولی ئەم ستەمکارییە کاریگەر بوون لە کۆکردنەوەی دەنگدەرانی ڕاستڕەوی ئایینی و پارێزکارەکان لە تورکیا و نمایشکردنی ئەردۆگان وەک پاڵەوانێکی ئایینی کە لە دژی هێزە دژە ئاینییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا خەبات دەکات.

## دەرەنجام

١.کلیچدارئۆغڵو سەرباری ئەم بەڵێنانە سەرکەوتنی بەدەستنەهینا، بەڵێنی دا سەلاحەدین دەمیرتاش ئازاد بکات لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی هەدەپە، وتاری "من خاوەنی دیدگای نیشتمانیم"ی پەسەند کرد بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی پارتی سەعادەت، وتەی "نیشتمانی شێن داگیرکارییە" پەسەندکرا بۆ دڵنیابوون لە

پشتیوانی یۆنان، دژە ڕوسیا بوو بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە لەگەڵ ئەمەریکایە، سەرەڕای پشتیوانی هەدەپە بۆی، کەچی گوتاری ناسیۆنالیستی پەرەپێدا, بەڵام لە بەرامبەردا ئەردۆگان کاری لەسەر ڕەواندنەوەی ترس و نیگەرانییەکانی هاوڵاتی تورکیا کرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

٢.ئەردۆگان سەرباری ڕۆڵی لە زیان گەیاندن بە دۆخی ئابووری تورکیا، بەڵام توانی خۆی وەک فریادڕەس نیشان بدات, کە دەتوانێت تەواوی ترس و نیگەرانییەکانی هاوڵاتیان تایبەت بە ئاسایش و باری گوزەرانیان بڕەوێنێتەوە، لە کاتێکدا کلیچدارئۆغلۆ وێنەیەکی جیاواز لەسەر خۆی بە دەنگدەری تورک بگەیەنێت.

٣.هەدەپە ڕۆڵی زۆری بە چەپەکان داوە و پێگەی ئەوانی زیاتر لە ئاسایی بەرز کردووەتەوە و لەبەرامبەردا سوودێکی بەرچاوی بەدەستنەهێنا. ئەگەر پارتی چەپی سەوز لە تورکیا بە تەنها بچوایەتە ناو هەڵبژاردنەکانەوە، بێگومان نەیدەتوانی بەربەستی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش ببەزێنێت. پێدەچێت هەدەپە هاوپەیمانێکی هەڵەیان هەڵبژاردبێت.

٤.دەرەنجامی ڕاپرسییەکان ئۆپۆزسیۆنی دڵنیا و بێباک کرد لەسەرکەوتن, لە بەرامبەردا ئەردۆگان و تیمەکەی سوورترکرد لەسەر بردنەوە بەشێوەیەک کە بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و تێچووی بژێوی ژیان لە تورکیا, وای لە هاوڵاتی نەکرد ریسک بکات و بە دوای بژاردەی دیکەدا بگەڕێت تا چانسی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا تاقیبکاتەوە.

٥.بە شێوەیەکی گشتی دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆن ترس و دڵەڕاوکێی لەلای ڕێکخراوە ئایینی و توێژە پارێزکارەکەی کۆمەڵگا دروستکرد، هەر بۆیە زۆرێک لە گرووپە ئایینییەکان دەنگیان بە ئەردۆگان دایەوە تەنها لەبەر ئەوەی جێگرەوەیەکی گونجاویان نەبوو.

٦.ئەوەی کە نیشانەی هێز بوو بۆ ئۆپۆزسیۆن، واتە فرەچەشنییەکەی، بوو بە نیشانەی لاوازی، لە ڕاستیدا هاوڵاتی تورکی ترسی لەوە هەبوو کە ئۆپۆزسیۆنێکی وەها هەمەچەشن ڕەنگە نەتوانێت لەناو خۆیدا یەکگرتوو بێت بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قەیرانە زۆرەکانی وڵات.

**ئەردۆغان تەواوی بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیی بە تۆمەتبارکردنی کلیچدارئۆغلۆ بە پشتیوانی لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەسەر برد.**

## سەرچاوەکان

١.لماذا خسرت المعارضة التركية؟
https://www.yenisafak.com/ar/columns/ihsan-aktas/4032433-
٢.اردوغان و بهره برداری از ترس.
https://cutt.us/jDd9e-
٣.ترکیه؛ آینده کردها و چپ ها پس از انتخابات
https://cutt.us/6PqtH-
٤.چرایی پیروزی اردوغان علیرغم رویگردانی کردها از او
https://cutt.us/267ka-
٥.ما أسباب خسارة تحالف المعارضة التركية انتخابات الرئاسة؟
https://cutt.us/2RJz3-
٦.پیروزی اردوغان یا شکست اپوزیسیون؟
https://cutt.us/6O7Mu-
٧.چرا نظرسنجی‌ها نتایج انتخابات ترکیه را به درستی پیش‌بینی نکردند؟!
- https://www.alef.ir/news/4020229101.html
٨.قلیچدار اوغلو چه کسانی رامقصر شکست می داند؟ | از ملی گرایان تا کردهای مخالف اردوغان
https://cutt.us/JxzW4-
٩.كيف ورطت استطلاعات الرأي ووسائل الإعلام المعارضة؟
https://cutt.us/wmfpE-
10.TURKISH ELECTIONS: WHY IS ERDOGAN STILL UNBEATABLE?
https://cutt.us/5CSIB-
١١.فوز أردوغان.. عوامل الحسم والأولويات القادمة
-https://cutt.us/cTxxn

# ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و نەخشەی نوێی پەرلەمان

نوسینی: فەرزین چاغداش، ئەحمەد قادر

هەڵبژاردنەکانی تورکیا کۆتایی هات. هەرچەندە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان وەک کاندیدی هاوپەیمانی کۆمار بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لە خولی دووەمدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام هەڵبژاردنی پەرلەمان بە یەک خول کۆتایی هات و ڕێژەی دەنگی پارت و هاوپەیمانیەکان و ژمارەی کورسییەکانیان یەکلایی بوویەوە.

بەگوێرەی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا، ١٥ پارتی سیاسی لە چوارچێوەی ٣ هاوپەیمانیدا ٦٠٠ کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاندیدی چەند پارتێکی سیاسی لەڕێگەی لیستی پارتەکانی دیکەوە بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە و چەند کورسییەکیان بەدەستهێناوە.

هەریەک لە هاوپەیمانی کۆمار، هاوپەیمانی میللەت، هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی، تەواوی ئەو ٦٠٠ کورسییەی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە، هاوپەیمانی ئاتا لەگەڵ هاوپەیمانی هێزە سۆسیالیستییەکان نەیانتوانیوە هیچ کورسییەکی پەرلەمان بەدەستبهێنن, ئەمە جگە لەوەی ١١ پارتی سیاسی دیکە بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و نەیانتوانی هیچ کورسییەک بەدەستبهێنن.

## ڕێژەی بەشداریکردن

ڕێژەی بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە. بەگوێرەی ئەنجامە ڕاگەیەنراوەکانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا, ڕێژەی ٨٧.٤٠٪ی دەنگدەران بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانیان کردووە(١), ئەم ڕێژەیەش ئاستێکی بەرزە و ناتوانرێت بەراوردی هیچ وڵاتێکی ئەوروپی یاخود خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت.

ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لەم هەڵبژاردنەدا بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران ٨٦.٢٤٪ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگدەران لەم هەڵبژاردنەدا نەیانتوانی ژمارەی پێوانەیی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٣٧ بشکێنن، بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا بە درێژایی مێژووی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٣٧دا بوو, کاتێک ڕێژەی ٩٣.٣٨٪ی دەنگدەران بەشداریان کرد(٢).

## ژمارەی کاندیدان

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا ٢٤ پارتی سیاسی لەچوارچێوەی ٥ هاوپەیمانیدا لەگەڵ ١٥١ کاندیدی سەربەخۆ ململانێیەکی توندیان بۆ بردنەوەی ٦٠٠ کورسی ئەنجامدا. دواجار دەنگدەران بڕیاریاندا کێ لە کوێی پەرلەماندا دابنیشێت.

١٨ پارتی سیاسی لە چوارچێوەی هەریەک لە هاوپەیمانی کۆمار، میللەت، ئاتا، ڕەنج و ئازادی، هاوپەیمانی یەکێتی هێزە سۆسیالیستییەکان، لەگەڵ ١١ پارتی سیاسی دیکە و ١٥١ کاندیدی سەربەخۆ, کێبڕکێی بردنەوەی ٦٠٠ کورسی پەرلەمانیان کردووە(٣).

## هاوپەیمانی کۆمارزۆرینەی پەرلەمانی بردەوە

هاوپەیمانی کۆمار بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان توانی ڕێژەی ٤٩.٥٪ کە بریتییە لە ٢٦ ملیۆن و ٩٣٤ هەزار و ٤٥٥ دەنگ ٣٢٢ کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، بەمجۆرە زۆرینەی پەرلەمانی بۆ هاوپەیمانیی کۆمار مسۆگەر بووە. بەجۆرێک ئەگەر هاوپەیمانیی میللەت و هاوپەیمانیی ڕەنج و ئازادییش یەکبگرن, ناتوانن زۆرینەی پەرلەمانی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

لەناو هاوپەیمانیی کۆماریشدا پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بە بەدەستهێنانی ڕێژەی ٣٥.٦٪ کە بریتییە لە ١٩ ملیۆن و ٣٨٧ هەزار و ٤١٢ دەنگ ٢٦٧ کورسی پەرلەمانی تورکیای بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ٤ پەرلەمانتاری ئاکەپە ئەندامی پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار)ن و لەچوارچێوەی لیستی ئاکەپەدا کاندیدی پەرلەمان بوون.

پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست

(مەهەپە) بە بەدەستهێنانی ڕێژەی ١٠.١٪ کە بریتییە لە ٥ ملیۆن و ٤٨٤ هەزار و ٥١٤ دەنگ ٥٠ کورسی بەدەستهێناوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرەڕای جیابوونەوەی باڵی مێرال ئاکشەنەر لە مەهەپە و دامەزراندنی پارتی باش لە ساڵی ٢٠١٧ و جیابوونەوەی سینان ئۆغان و ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی زەفەر بۆ کاندیدی سەرۆک کۆمار، بەڵام دەنگەکانی مەهەپە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو هێندە کەمی نەکردووە کە شایانی باسکردن بێت، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨یشدا مەهەپە لەڕێگەی بەدەستهێنانی ٥ ملیۆن و ٥٢٦ هەزار و ٦٣٨ دەنگ, توانی ١١.١٣٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت(٤). بە درێژایی مێژووی هەڵبژاردنەکانیش لە تورکیا لەدوای ساڵی ٢٠١٥ەوە دەنگی مەهەپە لە ڕێژەی ١٢٪ تێنەپەڕیوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ئەم پارتە لەڕووی بەدەستهێنانی دەنگ و کەمبوونەوەی ڕێژەکەیەوە پڕە لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە(٥), بۆیە ئەم دۆخە تاڕادەیەک بە ئاسایی دادەنرێت. بۆیە بەدەستهێنانی ڕێژەی ١٠.١٪ی دەنگەکان لەم هەڵبژاردنەدا گومانی زۆری خستووەتە سەر خاوێنی ئەو هەڵبژاردنە. لە بەرامبەردا ئەگەری ئەوە هەیە لە هەندێک لە ناوچەکاندا لایەنگرانی ئاکەپە دەنگیان بە کاندیدانی مەهەپە دابێت. لەبەرئەوەی لە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا بەهۆی کەمی دەنگی هەردوو پارتەکەوە ئاکەپە کاندیدی لەو ناوچەیە بۆ پەرلەمان بەربژێر نەکردووە و داوای لە ئەندام و لایەنگرانی کردووە دەنگ بە کاندیدی مەهەپە بدەن.

پارتی خۆشگوزەرانی نوێ (یەڕەپە) بە بەدەستهێنانی ڕێژەی ٢.٨٪ کە بریتییە لە ١ ملیۆن و ٥٢٩ هەزار و ١١٩ دەنگ, ٥ کورسی بۆ ئەم خولەی پەرلەمان بەدەستهێناوە. ئەم پارتە تاڕادەیەک نوێیە و لە پارتی سەعادەت جیابووەتەوە.

پارتی یەکێتی مەزن (بەبەپە) سەرەڕای ئەوەی ١٪ , کە ٥٣٣ هەزار و ٤٠٩ دەنگی بەدەستهێناوە، بەڵام نەیتوانیوە ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت.

## بەرەی ئۆپۆزسیۆن زۆرینەی پەرلەمانی لەدەستداوە

سەرەڕای بانگەشەی فراوان و بەردەوامی هاوپەیمانیی میللەت بۆ بردنەوەی زۆرینەی پەرلەمانی، بەڵام نەک تەنیا خۆی بەڵکو ئەگەر کورسییەکانی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی-یش بخرێتە سەری, ئەوا هێشتا ناتوانن زۆرینەی پەرلەمانی پێکبهێنن.

هاوپەیمانی میللەت بە بەشداری ٦ پارتی سیاسی وەک بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆن بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد. هەرچەندە لەو ٦ پارتە پێنجیان بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیان کرد، بەڵام هەر نەیانتوانیوە زۆرینەی پەرلەمانی بۆ خۆیان مسۆگەر

بکەن.

### ١٥ پارتی سیاسی لە چوارچێوەی ٣ هاوپەیمانیدا ٦٠٠ کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە.

پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەک دایک و ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن ٤ پارتی دیکەی لە باوەش گرت، بەڵام دەرەنجامە گشتییەکان لە بەرژەوەندیی چوار پارتە بچووکەکە و زیانی جەهەپە کۆتایی هات. هەر چەندە لە هەڵبژاردنەکەدا جەهەپە بە بەدەستهێنانی ١٣ ملیۆن و ٧٩١ هەزار و ٢٩٩ دەنگ، ڕێژەی ٢٥.٣٪ی دەنگەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ١٦٩ کورسی، بەڵام لەم ڕێژەیە ٣٩ کورسی بۆ چوار پارتی دیکەیە کە کاندیدەکانیان لەناو لیستی جەهەپە بەربژێر کردووە.

پارتی ئایندە ١٠ کورسی، پارتی دەڤا ١٥ کورسی، پارتی سەعادەت ١٠ کورسی، پارتی دیموکرات ٣ کورسی، پارتی باش ١ کورسی و پارتی چەپی تورکیا ١ کورسی بەدەستهێناوە. ئەم ٣٩ پەرلەمانتارە لەڕێگەی لیستی جەهەپە-وە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە.

بەمجۆرە جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیادا خاوەنی تەنیا ١٣٠ کورسی تەواوی خۆیەتی، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ توانی ١٤٦ کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت.

### هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادیی سێیەم بوو، بەڵام "هەدەپە و یەسەپە ئامانجەکانیان بەدەستنەهێنا"

هاوپەیمانیی ڕەنج و ئازادیی ٦٥ کورسی بەدەستهێناوە. هەرچەندە هەدەپە و یەسەپە ٦١ کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە(٦)، بەڵام "ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان هێناوە لە ئاستی ئامانجەکانیاندا نەبووە". هەر چەندە دەنگدەرانی هەدەپە و یەسەپە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەرزکردنەوەی دەنگەکانی کەمال کلیچدارئۆغڵو گێڕاوە، بەڵام لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا میتحەت سانجار هاوسەرۆکی هەدەپە و چیغدەم ئوچار هاووتەبێژی یەسەپە ڕایانگەیاند، "ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی کورسی پەرلەمانی بۆ پارتەکانیان بە سەرکەوتوو نابینن". سانجار دانی بەوەدا ناوە، "ڕێژەیەکی دیاریکراو دەنگی لەدەستچوومان هەیە"(٧). هەر چەندە لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە هەدەپە و یەسەپە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ١٠٠ کورسی بانگەشەیان دەستپێکرد، بەڵام بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکان ئەو دوو پارتە تەنها ٦١ کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە. پارتی کارکەرانی تورکیا (تیپ)یش بە بەدەستهێنانی ٤ کورسی ڕێژەی کورسییەکانی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادیی بۆ ٦٥ کورسی بەرزکردووەتەوە.

## هەدەپە و ئاکەپە قەڵاکانیان لە باکووری کوردستان پاراست

ململانێیەکی سەخت لەنێوان ئاکەپە و هەدەپە لە باکووری کوردستان هەبوو. هەردوولایان هەوڵیان دەدا قەڵای ئەویدی بڕوخێنێت. لە کاتێکدا ئاکەپە تەنیا ئورفا شک دەبات وەک تاکە قەڵای خۆی لە باکووری کوردستان بەرامبەر هەدەپە سەرکەوتن یاخود هاوسەنگی پێبپارێزێت، هەدەپە-یش ئامەد بە قەڵای خۆی دەزانێت و ڕێژەی کورسییەکانی لەو شارەوە بەرز دەکاتەوە یاخود دەپارێزێت.

پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) لە کۆی ١٤ کورسی ئورفا توانی ٧ کورسی بەدەستبهێنێت. واتە نیوەی پەرلەمانتارانی ئەو شارە لە فراکسیۆنی ئاکەپە دەبن. بەمپێیە ئاکەپە جارێکی دیکە توانی قەڵای هەڵبژاردنەکانی لە باکووری کوردستان بە سەلامەتی بهێڵێتەوە(٨). هەڵبەت بۆ ئەم کارەی ئاکەپە بەکیر بۆزداغ-ی وەزیری دادی حکومەتەکەی ئەردۆگانی وەک سەرۆکی لیستەکەیان لە ئورفا کاندید کردبوو، ئەمەش هێمایە بۆ ترسانی ئاکەپە لە دەنگەکانی لەو قەڵایە و هەروەها بایەخپێدانی قەڵاکەی(٩).

لە بەرمبەردا هەدەپە ٨ کورسی لە کۆی ١٢ کورسی ئامەد بەدەستهێناوە(١٠)، هەرچەندە هەدەپە لە شارەکانی هەکاری، وان، ماردین و شرناخ-یش سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، بەڵام هیچیان لە ئاست سەرکەوتنەکەی ئامەد-دا نین. بۆیە لە ئاستی قەڵادا ئاکەپە و هەدەپە توانیان بەرگری لە قەڵاکانیان بکەن و لە مەترسی ڕووخان دووری بخەنەوە.

## سەرکەوتنی هوداپار هەموو انی شۆک کردووە

کاندیدانی پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا. هەر چوار کاندیدەکەی هوداپار لە چوار شاری باکووری کوردستان و تورکیا سەرکەوتنێکی بێوێنەیان تۆمار کردووە. لەم هەڵبژاردنەدا هوداپار تەنیا پارتە سەرجەم کاندیدەکانی هەرچەندە کەمیش بووبن بۆ پەرلەمانی تورکیا سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێت(١١)، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نکوڵی لەو ڕاستییە بکەین دواجار کاندیدانی هوداپار بەهۆی دەنگدەرانی ئاکەپە-وە سەرکەوتنیان بەدەستهیناوە.

سەرکەوتنی هەر چوار کاندیدەکەی هوداپار لە باکووری کوردستان و تورکیا هێمایە بۆ دروستی ڕێککەوتنەکەی ئاکەپە لەگەڵ هوداپار. لە هەمانکاتدا سەرکەوتنی ئەو چوار کاندیدەی هوداپار و ژمارەیەکی بەرچاو لە کاندیدەکانی ئاکەپە لە باکووری کوردستان، نەخشەی کاری هاوبەشی ئەو دوو پارتە هەم لە پەرلەمان و هەم لە تورکیا و باکووری کوردستان لە ئایندەدا دەکێشێت. ئەمە جگە لەوەی کاری جددی و لێبڕاوانەی ئەندام و لایەنگرانی هوداپار لە باکووری کوردستان بۆ ئاکەپە مایەی سەرنج بووە.

بەجۆرێک ئەندامانی ئاکەپە تارادەیەک پاڵیان لێدابوویەوە و بەتایبەت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا سندوقەکان لە باکووری کوردستان لەلایەن هوداپارەوە سەرپەرشتی و چاودێری کراون.

## جیابوونەوەکان و دروستبوونی فراکسیۆنی نوێ

دوای یەکلابوونەوەی ئەنجامەکان بەتەواوی و سوێندخواردنی پەرلەمانتاران، وەک هەر خولێکی دیکەی پەرلەمانی جیابوونەوە و دروستکردنی فراکسیۆنی نوێ سەریهەڵداوە.
لە دەستپێکی کارەکانی پەرلەمانەوە پێناچێت جیابوونەوەکان بەهۆی کێشە و ململانێی ناوخۆییەوە بێت. ئەمە جگە لەوەی ئەم پرۆسەیە بریتی نییە لە جیابوونەوەی پەرلەمانتارانی یەک حیزب یاخود یەک فراکسیۆن بۆ دوان و زیاتر، بەڵکو بریتییە لە جیابوونەوەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لەسەر لیستی پارتێکی دیاریکراو بۆ پەرلەمان سەرکەوتوون، ئێستا لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و ئازادانەدا لەو حیزب یاخود فراکسیۆنە جیادەبنەوە و بەناوی حیزبەکانی خۆیانەوە لە کاری پەرلەمانتاری بەردەوام دەبن.
وەک چاوەڕوان دەکرا سەرەتای جیابوونەوەکان بریتی بوو لە جیابوونەوەی ١٥ پەرلەمانتاری پارتی دەڤا، ١٠ پەرلەمانتاری پارتی سەعادەت، ١٠ پەرلەمانتاری پارتی ئایندە، ٣ پەرلەمانتاری پارتی دیموکرات و ١ پەرلەمانتاری پارتی چەپی تورکیا(١٢)، ئەم ٣٩ پەرلەمانتارە لە هەمانکاتدا بەشێک بوون لە پێکهاتەی هاوپەیمانی میللەت، بەڵام بەمجۆرە دۆخەکە بەردەوام بێت کە وا پێشبینیکراوە، ئەوا هاوپەیمانی یاخود فراکسیۆنێک بەناوی هاوپەیمانی میللەت بوونی نامێنێت.

**هەرچەندە ئاکەپە وەک حیزب ڕێژەی دەنگەکانی کەمی کرد، بەڵام هاوپەیمانی کۆمارکە ئاکەپە ڕابەرایەتی دەکات زۆرینەی پەرلەمانی بردەوە.**

لەلایەکی دیکەوە ٤ پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) جیابوونەوە، دوانیان کە بریتین لە پەروین بوڵدان و میتحەت سانجار هاوسەرۆکانی هەدەپە، فراکسیۆنی (هەدەپە)یان لە پەرلەمانی تورکیا دروستکردووە، دوو پەرلەمانتارەکەی دیکەیش فراکسۆنی ڕەنج-یان پێکهێناوە کە ناوی حیزبەکەیانە(١٣).
ئەم جیابوونەوەیە لە ناوی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی-یەوە ڕوویداوە، بەڵام پێناچێت کاریگەریی لەسەر یەکگرتوویی ئەو هاوپەیمانێتییە هەبێت.
لەناو هاوپەیمانی کۆماریشەوە تەنیا ٤ پەرلەمانتاری هوداپار لە فراکسیۆنی

ئاکەپە جیابوونەتەوە و فراکسیۆنێکی نوێیان بەناوی حیزبەکەیانەوە پێکهێناوە(١٤).
هەموو ئەو پەرلەمانتارانەی لەو حیزب و فراکسۆنانە جیابوونەتەوە کە پێشتر لەگەڵیاندا بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئێستا هەریەکەیەیان بە ناوی پارتی خۆیانەوە لە سایتی پەرلەماندا ناوەکانیان تۆمارکراوە(١٥).
ئەوەی تێبینی دەکرێت جیابوونەوەی زۆر لە فراکسیۆنی جەهەپە-دا ڕوویداوە، وەک دەردەکەوێت ٣٩ پەرلەمانتار لەو فراکسیۆنە جیابوونەتەوە و بەسەر چوار فراکسیۆندا دابەشبوون و یەکێکیشیان گەڕاوەتەوە ناو پارتەکەی خۆی.

| ژ | ناوی پارتی سیاسی | ژ. کورسی |
|---|---|---|
| ١ | پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) | ٢٦٣ |
| ٢ | پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) | ١٣٠ |
| ٣ | پارتی چەپی سەوز (یەسەپە/هەدەپە) | ٥٧ |
| ٤ | پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) | ٥٠ |
| ٥ | پارتی باش | ٤٤ |
| ٦ | پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن (دەڤا) | ١٥ |
| ٧ | پارتی سەعادەت | ١٠ |
| ٨ | پارتی ئایندە | ١٠ |
| ٩ | پارتی خۆشگوزەرانی نوێ | ٥ |
| ١٠ | پارتی کارکەرانی تورکیا | ٤ |
| ١١ | پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) | ٤ |
| ١٢ | پارتی دیموکرات | ٣ |
| ١٣ | پارتی ڕەنج | ٢ |
| ١٤ | پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) | ٢ |
| ١٥ | پارتی چەپی دیموکرات | ١ |
| **کۆ** | **هەموو پارتەکانی ناو پەرلەمان** | **٦٠٠** |

خشتەی ژمارە (١) دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان بەسەر فراکسیۆن و پارتە سیاسییەکاندا, دوای جیابوونەوەی پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە سەرەکییەکانیان دەخاتەڕوو(١٦).

## هێشتا ژنان ڕێژەی ٢٠٪یان تێنەپەڕاندووە

سەرەڕای بانگەشەی گەرم و فراوانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بۆ بەشداری ژنان لە کایەی سیاسی و بەتایبەت هەڵبژدنەکاندا، بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت هێشتا ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان نەگەیشتووەتە ٢٠٪ی پەرلەمان. بەرپرسیارێتی و کەم و کورتی گەورەیش لەم بوارەدا کەوتووتە سەرشانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکی.

دوای نوێکردنەوەی زانیارییەکانی پەرلەمانی تورکیا دەربارەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان و دابەشبوونی پەرلەمانتاران لەسەر بنەمای ڕەگەز، دەرکەوت لە کۆی ٦٠٠ پەرلەمانتار تەنیا ١١٩یان ژنن، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ١٩.٨٣٪ی کۆی پەرلەمانی تورکیا.

لەبەرئەوەی سیستەمی کۆتا(١٧) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پەیڕەوی لێناکرێت و زۆرێک لە پارتەکانی ئەو وڵاتەیش لەناو خۆیاندا ئەو سیستەمە جێبەجێناکەن، بۆیە ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە کایەی سیاسی و بەتایبەت لە پەرلەمان و پۆستە باڵاکانی وڵاتدا کەمە. ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی بەسەر کابینەی نوێی حکومەتیشەوە هەبووە، بەجۆرێک لە کۆی ١٧ وەزیر تەنها یەکێکیان ژنە(١٨).

لەگەڵ ئەمانەشدا تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ ڕێژەی بەشداری ژنان لە پەرلەماندا ٤٪ی تێنەپەڕاندووە، بەڵام لەدوای هاتنە سەر دەسەڵاتی ئاکەپە ڕێژەی بەشداری ژنان وەک ئەندامی پەرلەمان بەرزتر بووەتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا ئەو ڕێژەیە گەیشتە ١٧٪، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەکە تەواو نزیک بووتەوە لە پێنج یەکی پەرلەمانی تورکی(١٩).

ئەوەی مایەی سەرنجە ڕێژەی بەرزی ژمارەی پەرلەمانتاران لەناو لیستی پارتە کوردی و چەپەکاندایە، بەجۆرێک لە لیستی هەدەپە-دا ڕێژەی بەشداری ژنان ٥٠٪ و لەناو یەسەپە-دا ڕێژەکە ٤٧.٣٧٪ دەبێت، هەروەها بەشداری ژنان لە فراکسیۆنی ڕەنج-دا دیسان ٥٠٪یە و لە فراکسیۆنی پارتی کەرکەرانی تورکیا-شدا ٢٥٪ دەبێت, بەڵام پارتی چەپی دیموکرات لەبەرئەوەی تەنیا یەک پەرلەمانتاری پیاوی هەیە, بۆیە ڕێژەی بەشداری ژنان تێیدا سفرە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێژەی بەشداری ژنان لە فراکسیۆنی جەهەپە-دا, کە یەکێکە لە پارتە چەپڕەوەکان و بە دایکی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دادەنرێت, تەنیا ١٨.٤٦٪، ئەم ڕێژەیەش لە ڕێژەی بەشداری ژنان لە فراکسیۆنەکانی ئاکەپە، دەڤا و ئایندە کەمترە, کە سیاسەتیان لەسەر هێڵی پارێزکار/ ڕاستڕەو/ ئیسلامییە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی سایتی پەرلەمانی تورکیا ڕێژەی بەشداری ژنان لە فراکسۆنی ئاکەپە-ی دەسەڵاتدار ١٩.١٪ بووە، ئەمەش بە نزیکەیی هەمان ڕێژەی بەشداری ژنانە لە کۆی گشتی پەرلەماندا. هەروەها بەشداری ژنان لە فراکسیۆنی

ئایندە-دا ٢٠٪ و لە فراکسیۆنی دەڤا-دا ٢٦.٦٧٪ دەبێت.

خاڵێکی دیکە لە پرسی بەشداری ژناندا, نزیکی ڕێژەی بەشداری ئەم ڕەگەزەیە لە دوو فراکسیۆنی نەژادپەرستی تورکیدا, واتە بەشداری ژنان لە فراکسیۆنی مەهەپە-دا ٨٪, کە لە بەرەی دەسەڵاتدایە، هەروەها بەشداری ژنان لە فراکسۆنی پارتی باش-دا ١١.٣٦٪ دەبێت, کە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنە، لێرەدا نزیکی ڕێژەی بەشداری ژنان لە هەردوو پارتە نەژادپەرستە تورکییەکەدا ئاراستەی گشتی و تێڕوانینی ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورکی بۆ بەشداری ژنان لە کایەی سیاسی و پەرلەمانیدا دەردەخات.

فراکسیۆنی ئاکەپە زۆرترین پەرلەمانتاری ژنی هەیە, کە ژمارەیان ٥٠ پەرلەمانتارە، بەڵام ئەو ٥٠ ژنە تەنیا ڕێژەی ١٩.١٪ی فراکسیۆنەکەیان پێکدەهێنن.

جگە لەمانەش ژنان لە هەریەک لە فراکسیۆنەکانی هوداپار، پارتی خۆشگوزەرانی نوێ، پارتی سەعادەت و پارتی دیموکرات بوونیان نییە. ئەم چوار پارتە ٢٢ کورسی پەرلەمانییان هەیە. جگە لە پارتی دیموکرات ئەو سێ پارتەی دیکە تاڕادەیەکی زۆر بەرامبەر پرسەکانی ژنان توندن.

دابەشبوونی ژنان بەسەر سێ هاوپەیمانێتییەکەی ناو پەرلەماندا بەجۆرێکە پشکی شێر بەر هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادیی دەکەوێت. بەجۆرێک لەکۆی ٦٥ پەرلەمانتاری هاوپەیمانێتییەکە ٣٠ پەرلەمانتار ژنە, کە دەکاتە ڕێژەی ٤٦.١٥٪ی هاوپەیمانێتییەکە، ئەم ڕێژەیە نزیکە لە نیوە, واتە وەک سیستەمی هاو (سەرۆکی) کە پارتەکانی نێو هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی، بەتایبەت هەدەپە و یەسەپە پەیڕەوی لێدەکەن. لە بەرامبەردا لە کۆی ٣٢٢ پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کۆمار تەنیا ٥٤ پەرلەمانتار ژنن, کە دەکاتە ڕێژەی ١٦.٧٧٪ی هاوپەیمانێتییەکە. هەروەها لەکۆی ٢١٣ پەرلەمانتاری هاوپەیمانی میللەت تەنیا ٣٥ پەرلەمانتاری ژنی تێدایە, کە دەکاتە ١٦.٤٣٪ی هاوپەیمانێتییەکە, واتە بەگشتی ڕێژەی بەشداری ژنان وەک پەرلەمانتار لە هەردوو هاوپەیمانی کۆمار و میللەت وەک یەک وان.

ئەگەر بێتوو لەسەر بنەمای دابەشبوونی بەرەی ڕاستڕەو/ پارێزگار/ ئیسلامی و بەرەی چەپڕەو/ سێکیولار بەراوردی ڕێژەی بەشداری ژنان بکەین، دەبینین ژمارەی پەرلەمانتارانی ژن لەو فراکسیۆنانەی کە لە بەرەی ڕاستڕەون ٦٥ پەرلەمانتارە, کە دەکاتە ڕێژەی ١٦.٢٠٪ی ڕێژەی بەرەی ڕاستڕەو لە پەرلەمان. لە کاتێکدا کۆی گشتی ژمارەی پەرەمانتارانی ئەم بەرەیە ٤٠١ کەسە. لە بەرامبەردا بەرەی چەپی تورکی لە پەرلەماندا ١٩٩ پەرلەمانتاری هەیە، لەم ژمارەیەش ٥٤ پەرلەمانتاری ژنن، ئەمەش ڕێژەی ٢٧.١٣٪ی فراکسیۆنەکە دەکات, بەڵام ئەوەی

جێگەی سەرنجە لەکۆی ئەو ٥٤ پەرلەمانتارە ژنەی بەرەی چەپ, ٢٨ پەرلەمانتار, واتە لە نیوە زیاتری سەر بە فراکسیۆنی یەسەپە و هەدەپە-ن.

بەکۆی گشتی ڕێژەی بەشداری ژنان لە پەرلەمانی تورکیادا ناگاتە یەک لەسەر چوار و ڕێژەی کۆتایی تێنەپەڕاندووە, کە ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ دیاریکراوە. هەرچەندە بەشداری ژنان لەم خولەی پەرلەماندا بەراورد بە خولەکانی پێشوو زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە، بەڵام هێشتا ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ژنان ڕێژەکە بە کەم دەزانن و پێیان وایە ئەو بارودۆخە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ستەمی سەر ژنان لەڕێگەی پرۆژە یاساکانی پەرلەمانەوە, کە ڕێژەی پێویستی نوێنەرانی ژنی تێدا نییە بەردەوام بێت (٢٠).

هۆکاری سەرەکی بەشداری کەمی ژنان لە پەرلەمانی تورکیادا, بۆ ئاراستەی گشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گوتاری زاڵ لە میدیای تورکیدا دەگەڕێتەوە, کە هێشتا بەرەی ڕاستڕەو/ پارێزکار/ ئیسلامی هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە باڵادەستە.

| ژ | ناوی پارتی سیاسی | ژ. کورسی | ژ. پ. پیاو | ڕێژە | ژ.پ. ئافرەت | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) | ٢٦٣ | ٢١٣ | ٪٨٠.٩٩ | ٥٠ | ٪١٩.٠١ |
| ٢ | پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) | ١٣٠ | ١٠٦ | ٪٨١.٥٤ | ٢٤ | ٪١٨.٤٦ |
| ٣ | پارتی چەپی سەوز (یەسەپە/هەدەپە) | ٥٧ | ٣٠ | ٪٥٢.٦٣ | ٢٧ | ٪٤٧.٣٧ |
| ٤ | پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) | ٥٠ | ٤٦ | ٪٩٢ | ٤ | ٪٨ |
| ٥ | پارتی باش | ٤٤ | ٣٩ | ٪٨٨.٦٤ | ٥ | ٪١١.٣٦ |
| ٦ | پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن (دەڤا) | ١٥ | ١١ | ٧٣.٣٣ | ٤ | ٢٦.٦٧ |
| ٧ | پارتی سەعادەت | ١٠ | ١٠ | ٪١٠٠ | ٠ | ٪٠ |
| ٨ | پارتی ئایندە | ١٠ | ٨ | ٪٨٠ | ٢ | ٪٢٠ |
| ٩ | پارتی خۆشگوزەرانی نوێ | ٥ | ٥ | ٪٥ | ٠ | ٪٠ |
| ١٠ | پارتی کارکەرانی تورکیا | ٤ | ٣ | ٪٧٥ | ١ | ٪٢٥ |
| ١١ | پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) | ٤ | ٤ | ٪١٠٠ | ٠ | ٪٠ |
| ١٢ | پارتی دیموکرات | ٣ | ٣ | ٪١٠٠ | ٠ | ٪٠ |
| ١٣ | پارتی ڕەنج | ٢ | ١ | ٪٥٠ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٤ | پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) | ٢ | ١ | ٪٥٠ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٥ | پارتی چەپی دیموکرات | ١ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٪٠ |
| **کۆ** | **هەموو پارتەکانی ناو پەرلەمان** | **٦٠٠** | **٤٨١** | **٪٨٠.١٧** | **١١٩** | **٪١٩.٨٣** |

خشتەی ژمارە (٢) دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان بەسەر هەردوو ڕەگەزدا ڕووندەکاتەوە(٢١).

## ئەمجارە-یش بەرەی ڕاستڕەو زۆرینەی ڕەهای بردەوە

بە درێژایی مێژووی هەڵبژاردنەکان لە تورکیادا زۆربەی جار بەرەی ڕاستڕەو/ پارێزگار/ ئیسلامی سەرکەوتنی بەسەر بەرەی چەپڕەو/ سێکیولار-دا بەدەستهێناوە، بەجۆرێک هەندێک جار بەرەی ڕاستڕەو زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانی بردووەتەوە(٢٢).

لەم هەڵبژاردنەشدا هەرچەندە لە کاتی بانگەشە و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەهۆی هاوپەیمانی چەند پارتێکی ڕاستڕەو لەگەڵ بەرەی چەپڕەودا ڕێژەی کورسی بەدەستهێنراوی بەرەی چەپڕەو نزیک بوویەوە لە نیوەی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان. ئەوەی کە هەریەک لە پارتەکانی دەڤا، سەعادەت، ئایندە، پارتی دیموکرات و پارتی باش-ی لەگەڵ جەهەپە-دا کۆکردووەتەوە، دژایەتی ئەردۆگان و هەوڵی دوورستنەوەی ناوبراو بوو لە کۆشکی سەرۆکایەتیی کۆمار، بەڵام کاتێک ئەم هەوڵە شکستی هێنا ئیدی هاوپەیمانی میللەت-یش دابەشبووە و پارتە ڕاستڕەوەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکە لە بابەتە ئایدۆلۆژییەکاندا مەحاڵە پشتیوانی لە جەهەپە بکەن.

لەبەرئەوەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە فراکسیۆنی جەهەپە جیابوونەتەوە، نە تێڕوانینی خۆیان و نە تێڕوانینی حیزبەکەیان، جگە لە دژایەتیکردنی ئەردۆگان و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی لە دەسەڵات خاڵێکی هاوبەشی ستراتیجی ئەوتۆیان بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ جەهەپە-دا نییە، بۆیە پێشبینی دەکرێت نەک پشتیوانی فراکسیۆنی جەهەپە نەکەن، بەڵکو لە زۆرێک لەو پرۆژەیاسایانەی کە پەیوەستە بە ململانێی ئیسلامی/ڕاستڕەو لەگەڵ سێکیولار/ چەپڕەو پشتیوانی فراکسیۆنی ئاکەپە/ هاوپەیمانی کۆمار و بەرەی دەسەڵات بکەن.

واتە لەو پرۆژە یاسا یاخود بڕیارانەی کە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و ململانێی چەپڕە و ڕاستڕەویان هەیە، جەهەپە، پارتی دیموکرات، هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی و پارتی چەپی دیموکرات تەنیا بە ١٩٩ پەرلەمانتار دەتوانن پشتیوانی لە بیری سیکیۆلاریزم و چەپڕەوی بکەن، ئەمەش کەمترە لە ڕێژەی یەک لەسەر سێی پەرلەمان.

**هەرچەندە ئاکەپە وەک حیزب ڕێژەی دەنگەکانی کەمی کرد، بەڵام هاوپەیمانی کۆمارکە ئاکەپە ڕابەرایەتی دەکات زۆرینەی پەرلەمانی بردەوە.**

بەڵام لەو پرۆژە یاسایانەی پەیوەست بە بابەتی خزمەتگوزاری و سیستەمی کارگێڕیی دەوڵەتەوە، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت

تا ڕادەیەکی باش لە پەرلەمان ڕۆڵ بگێڕێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ٢٧٨ پەرلەمانتاری هاوپەیمانی میللەت و هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی، دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لەسەر ڕەوتی داڕشتنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەماندا بگێڕن.
ئیدی لێرەوە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە بابەتەکانی پەیوەست بە سیستەمی کارگێڕی و خزمەتگوزاری دێتە کایەوە، بەڵام لە بابەتە ئایدۆلۆژییەکاندا ئۆپۆزسیۆن لاواز دەبێت.

| ژ | ناوی پارتی سیاسی | ژ.کورسی | ژ | ناوی پارتی سیاسی | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) | ٢٦٣ | ١ | پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) | ١٣٠ |
| ٢ | پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) | ٥٠ | ٢ | پارتی چەپی سەوز (یەسەپە/هەدەپە) | ٥٧ |
| ٣ | پارتی باش | ٤٤ | ٣ | پارتی کارکەرانی تورکیا | ٤ |
| ٤ | پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن (دەڤا) | ١٥ | ٤ | پارتی دیموکرات | ٣ |
| ٥ | پارتی سەعادەت | ١٠ | ٥ | پارتی ڕەنج | ٢ |
| ٦ | پارتی ئایندە | ١٠ | ٦ | پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) | ٢ |
| ٧ | پارتی خۆشگوزەرانی نوێ | ٥ | ٧ | پارتی چەپی دیموکرات | ١ |
| ٨ | پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) | ٤ | | | |
| کۆ | کورسییەکانی بەرەی ڕاستڕەو | ٤٠١ | کۆ | کورسییەکانی بەرەی چەپڕەو | ١٩٩ |

خشتەی ژمارە (٣) دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان بەسەر هەردوو بەرەی ڕاستڕەو/ ئیسلامی لەگەڵ بەرەی چەپڕەو/ سیکیۆلار دەخاتەڕوو.

## سەرکەوتووان و شکستخواردووانی پەرلەمان

ئەوەی ڕوونە ئاکەپە و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتنیان لە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بەدەستهێناوە و دەتوانن زۆرێک لە پرۆژە یاسا و بڕیارە ستراتیژییەکان تەنیا بە دەنگی ئەو ٣٢٣ ئەندام پەرلەمانەی خۆیان تێپەڕێنن. لە بەرامبەردا هەردوو هاوپەیمانی میللەت لەگەڵ هاوپەیەمانی ڕەنج و ئازادیی شکستیان هێناوە و نەیانتوانیوە بە هەردووکیشیان بێت زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنن. ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی میللەت لەچوارچێوەی لیستی جەهەپە-دا بە فیکری ئیسلامی/ڕاستڕەویەوە گەیشتوونەتە پەرلەمان، ئەگەری ئەوە هەیە بڕیار و پرۆژە یاساکانی پەیوەست بە بابەتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان و پرسی ئازادیی ڕادەربڕین، پێکهاتەی خێزان لەلایەن هاوپەیمانی کۆمارەوە و بە پشتیوانی ئەو پەرلەمانتارە ئیسلامییانەی ناو جەهەپە و هاوپەیمانی میللەت، بە ئاسانی تێپەڕێنرێت.
لەسەر ئاستی پارتە سیاسییەکانیشدا هەریەک لە ئاکەپە، جەهەپە، هەدەپە، یەسەپە،

تیپ، پارتی باش، مەملەکەت، زەفەر، عەدالەت، لەو پارتانەن کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بۆیان بە زیان کۆتایی هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی هاوپەیمانی کۆمار و بردنەوەی زۆرینەی پەرلەمانی شکستەکەی ئاکەپە-ی شاردووەتەوە.
لە بەرامبەردا هەریەک لە پارتەکانی مەهەپە، پارتی خۆشگوزەرانی نوێ، هوداپار، دەڤا، سەعادەت، ئایندە، پارتی دیموکرات لەو پارتانەن کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. مەهەپە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ ژمارەی پەرلەمانتارانی زیادیکردووە. پارتی خۆشگوزەرانی نوێ سەرەڕای ئەوەی تازە لە پارتی سەعادەت جیابووەتەوە و یەکەمجاریەتی بەشداری هەڵبژاردن بکات، بەبێ هاوبەشی لەگەڵ لیستی پەرلەمانتارانی ئاکەپە-یش توانیویەتی ٥ کورسی پەرلەمان بباتەوە. ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ فاتیح ئەربەکانی سەرۆکی ئەو پارتە ئەژمار دەکرێت. سەرکەوتنی هەر ٤ کاندیدەکەی هوداپار لەچوارچێوەی لیستی کاندیدانی ئاکەپە-دا بە سەرکەوتنێکی بێوێنە و مێژوویی وێنا دەکرێت. هەریەکە لە پارتەکانی سەعادەت، دەڤا، ئایندە، پارتی دیموکرات کاندیدانی خۆیان لەچوارچێوەی لیستی جەهەپە-دا بەربژێر کرد، بۆیە چونە پەرلەمانی ١٠ کاندیدی سەعادەت، ١٠ کاندیدی ئایندە، ١٥ کاندیدی دەڤا و ٣ کاندیدی پارتی دیموکرات بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئەو پارتانە ئەژمار دەکرێت.

**سەرەڕای ئەو جیابوونەوە یەک لە دوای یەک و کێشە ناوخۆییانەی ناو مەهەپە، بەڵام ڕێژەی دەنگی پارتەکە هێندە کەمی نەکردووە کە شایانی باس بێت، بۆیە گومانێکی زۆر دەکرێت کە ساختەکاری لەڕادەبەدەر لە بەرژەوەندی ئەو پارتە ئەنجام درابێت.**

## کۆتایی

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژاردنی هاوپەیمانێتییەکان بوو، دواجار پەرلەمان بەسەر هەردوو بەرەی ڕاستڕەو/ هاوپەیمانی کۆمار لەگەڵ بەرەی چەپڕەو/ هاوپەیمانی میللەت دابەشبووە و هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی.
بەو پێیەی هاوپەیمانی کۆمار بە سەرکردایەتیی ئاکەپە زۆرینەی پەرلەمانی لەدەستدایە و پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیایش هەر لە دەستی خۆیدایە، پێشبینی دەکرێت زۆرێک لە پرۆژە یاسا و بڕیارەکانی هاوپەیمانی کۆمار و سەرۆک کۆمار بە ئاسانی تێپەڕێنرێت، لە بەرامبەردا پرۆژە یاسا پێشنیازکراوەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا ئاڵنگاریی سەختی بخرێتە بەردەم.

هەرچەندە هەریەک لە هاوپەیمانی میللەت و هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی، لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بەجیا وتە و بۆچوونیان هەبێت، بەڵام بەهۆی نزیکی ئایدۆلۆژیا و بۆچوونیان لەڕووی چەپبوون و ئۆپۆزسیۆنبوونەوە، دەکرێت لە باردۆخە هەستیارەکاندا وەک یەک هاوپەیمانی یاخود فراکسیۆن مامەڵە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کورسییەکانی هەردوو هاوپەیمانێتییەکە بریتییە لە ٢٧٨ کورسی، بەمجۆرە هێشتا ناتوانن ململانێی هاوپەیمانی کۆمار بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا جیابوونەوەی ٣٩ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی جەهەپە و دروستکردنی فراکسیۆن بەناوی پارتەکانی خۆیانەوە، قەبارەی جەهەپە-ی لە پەرلەماندا کەمتر کردووەتەوە، بەجۆرێک بووتە هۆی دابەشبوونی هاوپەیمانی کۆمار و کەمبوونەوەی هێزی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی تورکیادا. هەروەها نزیکی پەرلەمانتارانی پارتەکانی دەڤا، سەعادەت و ئایندە لە بەرەی ڕاستڕەو ئومێدی بە پشتیوانانی بیری پارێزگار/ئیسلامی بەخشیوە، کە پەرلەمانتارانی ئەو سێ پارتە بە ٣٥ پەرلەمانتارەوە دەتوانن بە ئاسانی فراکسیۆنێکی نوێ و جیاواز لە فراکسیۆنی جەهەپە یان هاوپەیمانی میللەت دروست بکەن، لە هەمانکاتدا ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی بەرەی ڕاستڕەو لە پەرلەمانی تورکیادا دەکات بە زۆرینەی ڕەها، بەمجۆرە بە ئاسانی دەتوانن سەرجەم پرۆژە یاسا پێشنیازکراوەکان بەدڵی خۆیان تێپەڕێنن.

لەلایەکی دیکەوە نزیکی پارتی خۆشگوزەرانی نوێ و هوداپار لەڕووی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی و توندییەوە لە یەک، لە هەمانکاتدا لە هەندێک بابەت و بارودۆخکدا پێویستی ئاکەپە بە بوونی فراکسیۆنێکی بەدەر لە فراکسیۆنەکەی خۆی، دەکرێت پاڵ بە ئاکەپەوە بنێت لەڕێگەی پێدانی چەند پەرلەمانتارێک بە هوداپار و پارتی خۆشگوزەرانی نوێ، فراکسیۆنێکی نوێ لە پەرلەمان دروست بکەن، بەڵام دواجار ئەو فراکسیۆنە لە خزمەتی ئاکەپە و هاوپەیمانی کۆماردا دەبێت.

**لەم هەڵبژاردنەیشدا بەرەی ڕاستڕەو/ ئیسلامی سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر بەرەی چەپڕەو/ سیکیۆلاردا بەدەستهێناوە.**

کەواتە ئاکەپە و هاوپەیمانی کۆمار لەڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی و لە هەمانکاتدا کورسی سەرۆک کۆمار، دەتوانێت زۆرێک لە پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بەوجۆرەی خۆی دەیەوێت و لە بەرژەوەندیدایە لە پەرلەمان تێیپەڕێنێت و ئۆپۆزسیۆنێکی پەرتەوازە لە چوارچێوەی دوو هاوپەیمانێتیدا ئەگەر یەکیش بگرن، ناتوانن بەر لە مۆنۆپۆلی پەرلەمان لەلایەن ئاکەپە و مەهەپە-وە بگرن.

## سەرچاوەکان

(1) -https://www.yenisafak.com/secim-katilim-orani-2023-toplam-secmen-sayisi-orani-gecerli-ve-gecersiz-oy-sayisi-kac-h-4531048

(2) -https://www.verikaynagi.com/grafik/turkiyede-genel-secimlere-katilim-oranlari/

(3) -https://www.gazeteduvar.com.tr/secim/14-mayis-2023-genel-secim-sonuclari

(4) -https://www.sozcu.com.tr/secim2018/sonuclari/mhp/

(5) -https://tr.wikipedia.org/wiki/T%C3%BCrkiye%27de_se%C3%A7imler

(6) -https://secim.aa.com.tr/

(7) -https://www.birgun.net/haber/hdp-ve-yesil-sol-partiden-secim-sonuclarina-iliskin-aciklama-437312?utm_source=webpush

(8) -https://www.sozcu.com.tr/2023/gundem/yeni-milletvekilleri-belli-oldu-iste-600-isim-7684689/

(9) -https://www.ysk.gov.tr/doc/karar/dosya/1542793/2023-643.pdf

(10) -https://www.sozcu.com.tr/2023/gundem/yeni-milletvekilleri-belli-oldu-iste-600-isim-7684689/

(11) -https://ilkha.com/siyaset/huda-parin-her-4-adayi-da-meclise-giriyor-329212

(12) -https://www.mepanews.com/deva-gelecek-ve-saadetten-tbmmde-ortak-grup-karari-60784h.htm

(13)- https://www.cumhuriyet.com.tr/siyaset/hdp-ve-yspde-kurultay-sureci-2090742?utm_medium=ilgili%20Haberler&utm_source=Haber%20Detay&utm_campaign=ilgili%20Haberler

(14) -https://www.yeniakit.com.tr/haber/huda-parin-4-millet-vekili-kendi-partilerine-gecis-icin-1764958.html

(15) -https://www.tbmm.gov.tr/sandalyedagilimi

(16) -https://www.tbmm.gov.tr/sandalyedagilimi

(١٧) - سیستەمێکی تایبەتە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کەمینەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦١ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی جۆن کەنەدی لە ئەمریکا بۆ بەشداری ڕەشپێستەکان لە هەڵبژاردنەکان و نوێنەرایەتییان لە کۆنگرێس پەیڕەوکرا، دواتر ژنان داوایانکرد ئەو سیستەمە

بۆ بەشداری ئەوانیش جێبەجێبکرێت، لە ساڵی ١٩٩٥ لە کۆنگرەی چوارەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەکینی پایتەختی چین بە فەرمی بڕیاردرا بە جێبەجێکردنی سێستەمی کۆتا بۆ بەشداری ژنان لە کایە جیاوازەکانی ژیان و بەتایبەت لە سیستەمی سیاسی و فەرمانرەوایی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان، ئەمەش زیاتر لەڕێگەی جیاکردنەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ بەشداری و نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان، بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا جێبەجێدەکرێت، ئەو ڕێژەیەی بۆ بەشداری ژنان لە پەرلەمان و کایە جیاوازەکاندا دیاریکراوە، بەپێی وڵات و پارتە سیاسییەکان دەگۆڕێت و بەگشتی لەنێوان ٢٠٪ بۆ ٣٠٪دایە.

(18) -https://www.bbc.com/turkce/articles/ck7dr8x17p2o

(19) -https://www.youtube.com/watch?v=ylvI6RTbWI0

(20) -bbc.com/turkce/articles/cn0e1je0zm6o

(21) -https://www.tbmm.gov.tr/sandalyedagilimi

(22) -https://tack.krd/details.aspx?id=1880

# سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە دوای هەڵبژاردن

زانیار حمد محمد ساڵح

## پێشەکی

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا لە ١٤ و ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ لە دوای ٢١ ساڵ لە دەسەڵاتی ئاکەپە بە دەرفەتێک دادەنرێت بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و دارشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، ئەمەش لەسەر بنەمای گۆڕانکاری لە پۆستەکانی (وەزیری ناوخۆ، بەرگری، دەرەوە)، گۆڕانکاری لەو پۆستە وەزارییانە ئاماژەیە بۆ سروشتی فرە ناوچەیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و توانای جەختکردنەوەی لەسەر چەند پرسێکی جیهانی لە یەک کاتدا نیشان دەدەن، وەك ئەمریکای لاتین، ئەفریقا، باڵکان، ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا، ئاسیا و ئەوروپا. لە هەمانکاتدا ئاماژەیە بۆ تۆڕی دیپلۆماسی جیهانی کە تورکیا لە ماوەی ٢١ ساڵی ڕابردوودا دروستی کردووە.

لە مەراسیمی سوێندخواردنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە سەرۆک کۆماری تورکیا لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٣، نزیکەی ١٠٠ میوانی بیانی لە ٨١ وڵاتەوە بەشدارییان کرد

کە ٥٠ سەرۆکی دەوڵەتانی تێدابوو، مەراسیمەکە ئاماژەبوو بە هەردوو قۆناغی ڕابردوو و داهاتوو نەك تەنها لە سیاسەتی ناوخۆیی بەڵکو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە.

تورکیا دوابەدوای دامەزراندنی وەک کۆمارێک لە ساڵی ١٩٢٣، لە چوارچێوەی دیدگای خۆی بۆ بوون بە نەتەوەیەکی مۆدێرن و عەلمانی، پەیوەندییەکی نزیکی ئابووری و سەربازی لەگەڵ ڕۆژئاوا دروستکرد. بەڵام لە دوای دەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەك سەرۆک کۆماری تورکیا، پارتی دەسەڵاتداری داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) هەوڵی داوە تورکیا وەک دەوڵەتێکی ئازاد و زلهێزێکی جیهانی لە سەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی مامەڵە بکات. سیاسەتی دەرەوەی تورکیا سود لە زۆرێک لە ئامرازەکانی هاوکاری سیاسی و ئابووری و مرۆیی و کلتووری وەردەگرێت، تورکیا خاوەنی ٢٦٠ نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و کونسوڵگەرییە، بەمەش پێنجەم گەورەترین تۆڕی دیپلۆماسی لە جیهاندا هەیە. هەروەها تۆڕێکی هاوکاری فراوانی هەیە لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتاندا، ئەم وڵاتە پەیوەندییەکی نزیک و بەهێز لەگەڵ وڵاتانی بەڵکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ئەفریقا، باشووری قەوقاز، باشوور و ناوەڕاستی ئاسیا دەپارێزێت و سیاسەتی هاوبەشی خۆی لەگەڵ ئەفریقا قووڵتر دەکاتەوە و سیاسەتی کرانەوە بەڕووی ئەمریکای لاتین، کاریبی، و ئاسیا و زەریای هێمن پەیڕەو دەکات.

## دیبلۆماسەییەت و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، لە دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣، خولی نوێی سەرۆکایەتیی دەستبەکاربوو، لە کۆشکی چانکایا لە ئەنقەرەی پایتەخت کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرد و جێگرەکەی و کابینەی نوێی حکوومەتی ڕاگەیاند، ئەردۆغان جەختی لەوە کردەوە کە تورکیا لە ١٤ و ٢٨ی ئایار هەڵبژاردنەکانی ئەنجامدا، هەروەها بڕیاریدا نەخشەڕێگای سەدەی داهاتوو چۆن دەبێت بۆیە ئەم هەڵبژاردنە گرنگییەکی گەورە و تایبەتی هەبوو. لە کابینەی پێشووی حکومەتەکەی ئەردۆگان تەنها دوو وەزیر ماونەتەوە. جێگری سەرۆک کۆمار و ٤ وەزیر بە ڕەگەز کوردن کە یەکێکیان وەزیرەی دەرەوەیە، پارێزگاری ئیستەنبوڵ کراوە بە وەزیری ناوخۆ، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری (میت) کراوە بە وەزیری دەرەوە و سەرۆکی گشتی ئەرکانی سوپای تورکیا بووە بە وەزیری بەرگری، ئەوەی جێگای سەرنجە نەمانی هەریەک لە سولەیمان سۆیلۆ وەزیری ناوخۆ، خلوسی ئاکار وەزیری بەرگری و مەولود چاوشئۆغڵو

وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەم سێ کەسایەتییە هەم وەک کەسایەتی خۆیان و هەم بەهۆی پێگەکەیانەوە کاریگەری گەورەیان لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا هەبووە. هەرچەندە ئەو سێ کەسە بوون بە پەرلەمانتار، بەڵام سێ کەسی دیکە بە ئەزموونی جیاواز لەوانەی پێشوو خراونەتە شوێنیان. ئەوەی گرنگە کەسایەتی و دونیابینی و ڕابردووی ئەو کەسانەیە کە خراونەتە سەر کورسی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری و دەرەوە، بە تایبەت پەیوەست بە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان. هەریەک لەو سێ کەسایەتییەی کراون بە وەزیری ناوخۆ، بەرگری و دەرەوە بە ئەزموونێکی پڕی چەند ساڵەوە هاتوونەتە سەر کورسی وەزارەت و بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە لە سێبەری ئەردۆگاندا سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە و ململانێی جەنگی تورکیا ڕەنگڕێژ دەکەن (١).

دانانی هاکان فیدان(٢) سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری تورکیا وەک وەزیری دەرەوە لە کابینەی نوێدا چەند ئاماژەیەک بۆ سروشتی ئەو ڕێبازە دەدات کە ئەنقەرە لە ماوەی داهاتوودا لە سیاسەتی دەرەوەدا دەیگرێتەبەر.

هاکان فیدان لەو ساڵانەی کە سەرۆکایەتی دەزگای هەواڵگری دەکرد، سەرپەرشتی کەناڵەکانی پشتەوەی پەیوەندییەکان (هەستیارترینەکان)ی لەگەڵ ئەکتەرە جیاوازەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەکرد، لەوێدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە دارشتنی لایەنە ئەمنییەکان و هەواڵگرییەکانی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا و وڵاتانی تر، هەروەها لە پشت پەردەوە بەشداری دەکرد لە ڕێکخستنی ئاشتەوایی لەگەڵ نەیارانی ناوچەیی تورکیادا، وەک ئیمارات، ئیسرائیل و مصر، ئەمە جگە لە سەرپەرشتی ئەو کەناڵە ئەمنی و هەواڵگرییانەی کە ئەنقەرە ساڵانێک لەمەوبەر لەگەڵ ڕژێمی سوریا کردبوویەوە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەردۆغان نەخشەڕێگای تورکیای دارشتووە، کە سیاسەتی دەرەوە زیاتر سەربەخۆبێت لە ڕۆژئاوا و لە هەمان کاتدا ناسنامەی جیۆپۆلەتیکی خۆی وەک بەشێک لە ناتۆ بپارێزێت، جگە لەوەش هاکان فیدان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە ململانێی تورکیا لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە). هەروەها پەیوەندی هاکان فیدان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونە هەواڵگرییە بەرفراوانەی کە بەدەستی هێنابوو لە بەڕێوەبردنی پرسە هەستیارەکان لەگەڵ ئەو ئەکتەرە دەرەکییانەی کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەبووە، ئەمە جگە لە زانیارییە بەرفراوانەکانی لە بواری دیپلۆماسی، کە بە هاوڕێیەتی بەردەوامی

ئەردۆغان لە سەردانەکانی دەرەوە و گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان بەهێزتر بووە، بۆیە هاکان فیدان دەتوانێت سیاسەتێکی دەرەکی نوێ پەیڕەو بکات لەگەڵ دابینکردنی ئاسایش و دیپلۆماسی تورکیا هاوئاهەنگ بێت(٣) ئەردۆغان گۆڕانکاریی بەرچاوی لە وەزارەتە سەرەکییەکانی دەوڵەتی تورکیادا کرد، بەو پێیەی هاکان فیدان سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری تورکیا بۆ جێگرتنەوەی مەولود چاوشئۆغلو، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دەگرێتە ئەستۆ. فیدان کە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٠ەوە سەرۆکایەتی دەزگای هەواڵگری دەکات، لایەنگرێکی سەرسەختی ئەردۆغانە و پێشتر بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕاوێژکاری دیپلۆماسی بووە. ئەردۆغان لە ساڵی ٢٠١٢ لەبارەی فیدانەوە وتویەتی: ئەو پارێزەری نهێنییەکانی منیش و دەوڵەتیشە، هاکان فیدان ساڵانێکە "پیاوی متمانەپێکراو"ی ئەردۆغان بووە، هەروەها ئەو کەسەیە کە سەرکردایەتی دانوستانەکان لەگەڵ جیهانی عەرەبی، مصر، ئیمارات و لیبیا و هەروەها سوریا دەکات، کە سەرۆک کۆماری تورکیا هەوڵی بۆ دەدات لە ڕێگەی مۆسکۆوە پەیوەندییەکان ئاسایی بکەنەوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی گرژییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، تورکیا بەدوای پەیوەندییەکی دیکەدا دەگەڕێت، بەتایبەتی لەگەڵ چین و ڕووسیا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکین بەهێزتر کردووە، لە ساڵی ٢٠١٥وە تورکیا پەیوەندییەکان زیاتر پەرەپێدا لەگەڵ چین، ئەمەش وایکرد کە چین ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی تورکیا، لەوانە وێستگەی وزەی ئەتۆمی و خەڵوز و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی لە چینەوە، هەروەها چین لە ساڵی ٢٠١٦ەوە ملیارەها دۆلاری قەرز و گۆڕینەوەی پارەی بۆ تورکیا دابینکردووە، لە هەمان کاتدا تورکیا زیاتر چاوپۆشی لە سەرکوتکردنی ئویغورەکانی* چین دەکات کە کەمینەیەکی موسڵمانن، لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەردۆغان مامەڵەی چینی بەرامبەر بە ئویغورەکان بە "جینۆساید" وەسف کرد، بەڵام لەو کاتە بەدواوە ئەنقەرە بە ئاشکرا فشاری نەخستوەتە سەر چین سەبارەت بە سەرکوتکردنی ئویغرەکان لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە(٤). حکومەتی نوێی تورکیا ئاراستەی کارکردنی بەو شێوازەیە کە تورکیا هاوسەنگییەك بپارێزێت لە نێوان ڕۆژئاوا و وڵاتانی تر، بەڵام زیاتر مەیلی بە لای ڕوسیا و چینەوە هەیە.(٥)

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا لە ١٤ و٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ لە دوای ٢١ ساڵ لە دەسەڵاتی ئاکەپە بە دەرفەتێک دادەنرێت بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.**

**کابینەی نوێی حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان:**
ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، دوای ئەوەی وەک سەرۆک کۆماری تورکیا سوێندی یاسایی خوارد، ناوی ئەندامانی کابینەی نوێی حکومەتی تورکیای لە ڕێوڕەسمێکدا ئاشکرا کرد. کابینەی نوێی حکومەتی تورکیا لەم کەسانە پێکدێت (٦)

•جەودەت یڵماز، یاریدەدەری سەرۆک کۆمار
•یڵماز توونج، وەزیری داد
•ماهینوور ئۆزدەمیر گۆکتاش، وەزیری خێزان و کاروباری کۆمەڵایەتی
•ڤێدات ئشکهان، وەزیری کار و بیمەی کۆمەڵایەتی
•محەممەد ئۆزهەسەکی، وەزیری ژینگە و گۆڕانکاری کەش و هەوا وشارنشینی
•هاکان فیدان، وەزیری دەرەوە
•عوسمان ئاشکن باک، وەزیری وەرزش و لاوان
•ئاڵپارسڵان بایراکتار، وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکان
•محەممەد شیمشەک، وەزیری دارایی
•عەلی یەرلیکایا، وەزیری ناوخۆ
•محەمەد نووری، وەزیری گەشتوگوزار و کلتوور
•یوسف تەکین، وەزیری پەروەردە
•یەشار گیولەر، وەزیری بەرگری
•فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستی
•محەمەد فاتیح کاجر، وەزیری پیشەسازی و تەکنەلۆجیا
•عومەر بۆڵات، وەزیری بازرگانی
•عەبدوڵقادر ئوراڵئۆغڵو، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
•ئیبراهیم یوماکلی، وەزیری کشتوکاڵ و دارستان

زۆرینەی وەزیرەکان کەسانی شارەزا و پسپۆرن لە بوارەکانیاندا، بە پێی ناوی وەزیرەکان، جێگری سەرۆک کۆمار و ١٥ وەزیر گۆڕانکاریان بەسەردا هات، ئەو ناوانەی کە درێژەیان بە ئەرکەکانیان دا، بریتی بوون لە مەحمەد نوری ئەرسۆی، وەزیری گەشتوگوزار و کلتوور و فەخرەددین کۆجا، وەزیری تەندروستی، ئەوەی گرنگە لەناویاندا بە پێی زانیارییەکان یاریدەدەری سەرۆک و سێ لە وەزیرانی کابینەکەی ئەردۆغان بە رەچەڵەک کوردن، کە بریتین لە ( جەودەت یلماز، هاکان فیدان، محمد شیمشەک، فەخرەدین کۆجا)، ئەمەش ڕەنگە بە ناڕاستەوخۆ ئەردۆغان نیشانی بدات کە لە کابینەکەیدا پشتی بە کوردەکانیش بەستووە بۆ ئەوەی زیاتر دەنگی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان و تورکیا بەدەست بهێنێت، بە پێی زانیارییەکان تا کاتی ئاشکراکردنی ناوی وەزیرەکان تەنانەت زۆربەی وەزیرەکانیش نەیانزانیووە کە بەرپرسیاری وەرگرتنی وەزارەتن، ئەو ناوانەی کە زۆر دیارن هەریەکە لە وەزیری دەرەوە و ناوخۆ و وەزیری داراییە، بە تایبەت وەزیری دارایی محمد شیمشەک کە لە پێشوودا وەزیری

دارایی بووە و ئەو کاتەی پۆستەکە لە دەستی ئەودا بوو، هەڵاوسان لە تورکیا ٦،١٪ بوو، بەڵام ئێستا بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکان، ڕێژەکە گەیشتووەتە ٧٣٪. ناوبراو یەکێک بوو لە یەکەمین کەسەکان کە ئەردۆغان داوای لی کردبوو وەزارەتەکە وەربگرێت، هەربۆیە ئەردۆغان دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە ئابووری تورکیا بەرەو قۆناغێکی سەقامگیر بەرێت، هەروەها وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی تورکیا دراوە بە کەسە شارەزا و ناوە دیارە سیاسیەکانی تورکیا.

لەلایەکی دیکەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ئیبراهیم کالنی* وەک سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی تورکیا (میت) دەستنیشانکردووە، دانانی " ئیبراهیم کالن" وەك سەرۆکی میت دەردەکەوێت ئەو پیاوە نزیکترین و کاریگەرترین کەسایەتییە لە ئەردۆغانەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە متمانەپێکراوترین کەسییەتییە کە وادەکات زیاتر پێگەی ئەردۆغان بەهێزتر و بەتواناتر بێت.(٧)

**حکومەتی نوێی تورکیا و سوریا :**

ڕژێمی سوریا سوورە لەسەر ئەوەی کە تورکیا هێزەکانی لە ناو خاکی سوریا بکشێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دوای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا داوای کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی تورکیای لە باکووری سوریا کرد، ئەمە چەندین جارە لە کۆبونەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ڕژێمی بەشار ئەسەد مەرجی سەرەکییان بۆ وتوویژ و کۆبونەوەکان و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی تورکیایە لەسەر خاکی سوریا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەوانەیە ڕژێمی ئەسەد لە ئێستادا پەیوەندییەکی باشی هەبێت لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان، لەلایەکی ترەوە بەشار ئەسەد گومانی لە هێزە سەربازییەکانی تورکیا هەیە و وەك داگیرکەر دەیبینێ و پرسی دوژمنایەتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، بۆیە سوریا هێزی تورکیا لەناو خاکەکەیدا وەک داگیرکەر وێنا دەکات.

لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێك لە نێوان بەشار ئەسەد و ئەردۆغان ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر داهاتووی هەسەدە و ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمەش بە زیانی ئیدارەی خۆسەر دەبێت، بۆیە لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا ئەمریکا ڕازی نابێت بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێوان تورکیا و سوریادا چونکە ئەمە وادەکات کوردەکان کە لە ئێستادا وەك پارێزەرێکی ئەمریکی بوونیان هەیە لە ناوچەکەدا ئەوکات فۆکەسیان لەسەر شەڕی دژ بە تورکیا و گروپە جیهادییەکانی نزیك لە تورکیا بێت. ڕایەکی تریش هەیە پێی وایە ئیسرائیلیش لەگەڵ ئەوە نییە لە ئێستادا پێگەی

ئیدارەی خۆسەر لاوازبێت چونکە بوونی بۆشایی ئەمنی لەو ناوچانە وادەکات کە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلس بکەوێتە مەترسیەوە و هەڕەشە لە سەر ئاسایش و ئەمنی قەومی ئەو وڵاتە دروست ببێت، بۆیە کوردەکان باشترینن بۆیان.(٨)

**مەراسیمی سوێندخواردنی ئەردۆغان ئاماژەبوو بە هەردوو قۆناغی ڕابردوو و داهاتوو نەك تەنها لە سیاسەتی ناوخۆیی بەڵکو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەووڵاتە.**

هەروەها ئەیمەن سوسان، جێگری وەزیری دەرەوەی سوریا ڕایگەیاند، ناگونجێت پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوان دوو وڵاتدا هەبێت، کە یەکێکیان زەویەکانی ئەوی دیکەیانی داگیرکردووە، ڕاشیگەیاند، کشانەوەی تەواو و بێ مەرج لە خاکی سوریا خاڵی سەرەکی هاتنە کایەی هەر پەیوەندییەکی ئاساییە لەگەڵ تورکیا، ئەگینا بەبێ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکان وەهمە و ئەم بابەتە دەبێت بۆ هەموو لایەک ڕوون بێت. سوریا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تورکیا هێزەکانی لە خاکەکەی بکشێنێتەوە ئینجا گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، ڕەنگە ئەو کۆبوونەوانەی نێوان تورکیا و سوریا و ئێران و ڕوسیا بێ ئەنجامبن، چونکە تورکیا نیازی ئەوەی نییە لە خاکی سوریا بکشێتەوە.(٩)

یەکێکی تر لەو پرسانەی کە بووەتە سەرچاوەی کێشە لە نێوان تورکیا و سوریا بریتیە لە پرسی گەڕانەوەی ئاوارە سورییەکان کە نیشتەجێی خاکی تورکیان، ئەمەش لە رووی ئابورییەوە بارگرانییەکی زۆری بۆ تورکیا دروستکردوە و ڕەخنەیەکی زۆر لە ئەردۆغان گیراوە سەبارەت بەو پرسە و بەتایبەتی پارتە ئۆپۆزیسۆنەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا زۆر جەختیان لەسەر ئەو بابەتە دەکردەوە و مشتومڕێکی زۆری دروستکردبوو، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا جەختی لە گرنگی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان کردەوە کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی خۆویستانەی هاوڵاتییە سورییەکانی نیشتەجێی تورکیا. سەرۆکی کاروباری یەکێتی ئەوروپا لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا فاروق قایماکجی، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی یەکێتیی ئەورووپا کرد کە هاوکاربن بۆ گەڕانەوەی خۆبەخشانەی سوورییەکان بۆ وڵاتەکەیان. تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی یەکێتی ئەوروپاوە پرسی پەنابەرانی سوری چارەسەر بکات، تاوەکو وڵاتانی ئەوروپایش فشار لە سوریا بکەن بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بکات لەگەڵ تورکیا بۆ ئەوەی پەنابەرە سورییەکان بگێڕنەوە بۆ سوریا، ئەم داواکردنی هاوکارییە لە ئەوروپا مانای ئەوە دەگەیەنێت تورکیا دەیەوێت

پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەرەو ئاسایی کردنەوە بەرێت، چونکە لە ماوەی ڕابردوودا پەیوەندییەکانیان بەرەو خراپی چووبوون و هەندێک وڵاتی ئەوروپی کونسوڵخانەکانیان لە تورکیا داخست، هەربۆیە ڕەنگە لە داهاتوودا پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەوروپا بەرەو ئاسایی بونەوە و سەقامگیری بچێت.(١٠)

**حکومەتی نوێی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا:**

حکومەتی نوێی تورکیا بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ خولی سێیەم خۆی لەبەردەم ژینگەیەکی ئاڵۆز و ئاڵنگاری سیاسەتی دەرەوەدا دەبینێتەوە. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی لە ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا بەهۆی چەندین بابەتی وەک ململانێی سووریا، قەیرانی پەنابەران، ململانێی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ڕێککەوتنی مووشەکی ئێس-٤٠٠ لەگەڵ ڕووسیا ئاڵۆز بووە. لە هەمان کاتدا تورکیا هەوڵیداوە کاریگەری و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا، ئاسیای ناوەڕاست و قەفقازدا فراوانتر بکات. بەپێی بانگەشەکانی ئاکەپە بێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بەو شێوەیە دادەڕێژرێت کە ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی چواردەوردا و کرانەوەی تورکیا بە ڕووی وڵاتانی دەرەوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپای خۆرهەڵات دەبێت، کەسایەتی هاکان فیدان وادەکات گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕووبدات و زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا بە ڕووی وڵاتانی ئەوروپادا کراوەتر بێت، پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ئاسایی بکاتەوە، بۆیە لەوانەیە ئەرکی ئەم حکومەت نوێیە لە ئێستادا بریتی بێت لەوەی کە پرۆسەیەکی نوێی ئاشتی دەستپێبکات، بۆ ئەوەی ئابووری تورکیا لە داڕوخان ڕزگاربکات، چونکە لە ئێستادا گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەم حکومەتە نوێیە قەیرانی داراییە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەبێت بۆ ئەوەی ناسەقامگیری و کێشە دروستبێت.(١١)

تورکیا بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا، ساڵی ڕابردوو سەرۆك کۆماری تورکیا لە کۆبوونەوەی باڵیۆزەکانی یەکێتی ئەورووپا لە پایتەختی تورکیا ڕایگەیاند، سەبارەت بە ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا "لە ئەولەویەتی ستراتیژی ئێمە دەمێنێتەوە". (١٢)

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا داوای لە سوید کرد هەنگاوی کۆنکرێتی بنێت بۆ قبوڵکردنی ئەندامێتی سوید لە ناتۆ، دوای شەڕی ڕوسیا و ئۆکرانیا، هەریەکە لە سوید و فنلەندا داواکارییەکی یاساییان ئاراستەی ناتۆ کرد کە ئەو دوو وڵاتە ببن بە ئەندام لە ناتۆ، ئەمەش لە

ترسی ئەوەی وەك ئۆكرانیا هێرش نەكرێتە سەریان و پارێزراوبن، توركیا ڕازی بووە بەوەی فنلەندا ببێت بە ئەندام لە ناتۆ، بەڵام سەبارەت بە سوید تا ئێستا ڕەزامەندی نیشان نەداوە بەڵكو توركیا مەرجی ئەوەی لەسەر سوید داناوە كە دەبێت ئەو كەسانەی كە ناویان هەیە و داواكارن لەلایەن توركیاوە و سەر بە پەكەكەن یاخود نزیكن لە پەكەكەوە سوید تەسلیمی توركیایان بكاتەوە، هەروەها سەبارەت بە گویلەنییەكانش بەهەمان شێوە ئەو لیستەی توركیا داویەتی بە سوید دەبێت ئەو كەسانە تەسلیم بە توركیا بكرێنەوە. بۆیە هاكان فیدان سورە لەسەر ئەوەی ئەو كەسانەی داواكراون لەلایەن حكومەتی توركیاوە تەسلیم بكرێنەوە.(١٣)

لەلایەكی دیكەوە یەشار گولەر وەزیری بەرگری توركیا ڕایگەیاند، لە كۆبوونەوە دوو قۆڵییەكانماندا بە هاوپەیمانەكانمان ڕاگەیاند كە پشتیوانی لە سیاسەتی دەرگای كراوەی ناتۆ دەكەین، هەروەها سوید دەتوانێت وەک فینلاند ببێتە ئەندامی ناتۆ ئەگەر بەڵێنەكانی لە یاداشتە سێ قۆڵییەكان بە شێوەیەكی كۆنكرێتی جێبەجێ بكات. لەوانەیە توركیا داوكاری سوید بۆ ئەندامبوون لە هاوپەیمانی ناتۆ ڕازی بێت، چونكە ئەگەر بێت و توركیا ڕازی نەبێت ئەوا بە ئەگەرێكی زۆرەوە لەلایەن هاوپەیمانی ناتۆوە بە تایبەت ئەمریكا توشی سزای دارایی دەبێتەوە، دۆخی ئابووری توركیاش لە ئێستادا وا ناخوازێت كە توشی سزا و گەمارۆ ببێتەوە لەلایەن ئەمریكا و ئەوروپاوە.(١٤)

ینس ستۆڵتنبێرگ، سكرتێری گشتی ناتۆ ڕایگەیاند، ئەو كۆبوونەوەیەی لە ئەنقەرە لە نێوان توركیا و سوید و فینلاند بەڕێوەچوو، ئەرێنی بوو، لەگەڵ هەندێک پێشکەوتن. ئاماژەی بەوەشکرد، سوید "ئەركەكانی خۆی جێبەجێكرد، دەستووری گۆڕی و جەختی لەسەر شەڕی دژی تیرۆر كردەوە و ڕێگرییەكانی هەناردەكردنی چەكی بۆ توركیا هەڵگرت". (١٥)

**لە كابینەی پێشووی حكومەتەكەی ئەردۆگان تەنها دوو وەزیر ماونەتەوە. پارێزگاری ئیستەنبوڵ كە بە ڕكابەرێكی سەرسەختی سولەیمان سۆیلۆ دادەنرێت كراوە بە وەزیری ناوخۆ. سەرۆكی دەزگای هەواڵگری (میت) كراوە بە وەزیری دەرەوە، جێگری سەرۆک كۆمار و ٤ وەزیر بە ڕەگەزكوردن كە وەزیرەی دەرەوە و داراییان تێدایە.**

**حكومەتی نوێی توركیا و ئەمریكا:**

هاكان فیدان، وەزیری دەرەوەی توركیا یەكەم دیداری دووقۆڵی خۆی لەگەڵ ئەنتۆنی بلینكن هاوتا ئەمریكیەكەی

ئەنجامدا، فیدان ئاماژەی بەوەکرد، ڕەنگە لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ ئەمریکا ڕێکنەکەوین، بەڵام هاوپەیمانی درێژخایەنمان لە (ناتۆ) هەیە و بابەتەکانی دیکە ناچارمان دەکات بەردەوام بین لە کارکردنی پێکەوەیی. وتیشی ئەوان لە لەندەن بوون بۆ ئەوەی "پشتیوانی بۆ ئۆکرانیا نیشان بدەن". فیدان لەگەڵ هاوتا ئەمریکیەکەیدا بارودۆخی ئۆکرانیای تاوتوێکردووە، ڕێککەوتنی ناردنی دانەوێڵە بە دەستپێشخەرییەکی تورکیا ئەنجامدراوە، فراوانکردنی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەو پێیەی هاکان فیدان پێشتر بەرپرسی دەزگای هەواڵگری میت بووە، بە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لەوانەیە گۆڕانگاریی بنچینەیی ڕووبدات لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا لە گەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و لە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی ئەو پەیوەندییانە بێت کە پێشتر تورکیا تارادەیەك دوورکەوتبووە لە ئەمریکا و هەندێك وڵاتی ئەوروپی، وە چەند پرسێك هەیە کە جێگای ناکۆکی و ململانێی نێوان تورکیا و ئەمریکا بوو لە گرنگترین ئەو پرسانەش ئەمانەن:
کڕینی فڕۆکەی ئێف ١٦ ی ئەمریکی لەلایەن تورکیاوە، ئەندامێتی سوید لە ناتۆ، ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەرمینیا، ئازەربایجان و ئەرمینیا، ڕێککەوتنی ناردنی دانەوێڵەی ئۆکرانیا، ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە، کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئێس ٤٠٠ ی ڕوسی لەلایەن تورکیاوە.(١٦) پێش هەڵبژاردنەکانی تورکیا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بۆ نزمترین ئاست دابەزی و جۆرێك لە دژیەکی هەبوو بەرامبەر بە یەکتری بەهۆی چەندین پرسی هەڵپەسێردراوەوە، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی نێوان وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و ئەمریکایە، لە ئێستادا کە تورکیا پێویستی بە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان هەیە لەگەڵ ئەمریکا، بۆیە لە ئێستادا وتارەکان و هەڵوێستەکانی سەبارەت بە ئەمریکا و ئەوروپایش نەرمی نواندنی پێوە دیارە، چونکە تورکیا ناتونێت دەستبەرداری وڵاتانی ڕۆژئاوا ببێت، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی سەرۆکی میت ئیبراهیم کالن، کە لە پشت داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوەیە.

**حکومەتی نوێی تورکیا و قوبرص ، یونان، ئەرمینیا، ئازەربایجان :**
جەودەت یڵماز جێگری سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، سەرەڕای هەوڵدان بۆ دابڕین و دوورخستنەوەی تورکیا و قوبرسی باکوور لە ناوچەکە؛ بەڵام تورکیا بە هێزی خۆی ئەو هەوڵانەی شکست

پێهێنا، جەختیشی کردەوە، ڕێککەوتنی سنووری دەریایی نێوان تورکیا و لیبیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ یەکێک بوو لە هەنگاوە گرنگەکانی تورکیا کە هەموو ئەو هەوڵانەی لەباربرد بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. مەبەست لە وتەکانی جێگری سەرۆک کۆماری تورکیا بریتییە لە جەختکردنەوە و چەسپاندنی سیاسەتی حکومەتی پێشوویان سەبارەت بەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان تورکیا و لیبیا کراوە لە نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و فایز ئەلسەراج سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی حکومەتی "الوفاق الوطنی" لیبیا ، کە ئەو ڕێککەوتنە بووە هۆی واژۆکردنی چەندین یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە بواری ئەمنی و سەربازی و سەروەری دەریایی. ئەم لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و لیبیا کاردانەوە و تووڕەیی مصر و یۆنانی لێکەوتەوە لەوکاتەدا. بۆیە جەختکردنەوە لەو لێکنزیکبونەوەیەی نێوان تورکیا و لیبیا دژی بەرژەوەندییەکانی یۆنان و مصرە لە ناوچەکەدا، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە پەیوەندییەکانی مصر و یۆنان لەگەڵ تورکیا تێکبچێتەوە لەسەر سنورە ئاوییەکان. لەبەرئەوە حکومەتی نوێی تورکیا زیاتر هەوڵدەدات ڕۆڵێکی هەرێمی گرنگ و کاریگەر ببینێت لە ناوچەکەدا و وەك هێزێکی خاوەن هەژموون و کاریگەر هەنگاو دەنێت سەبارەت بە پرسە هەستیار و گرنگ و چارەنوسسازەکان(١٧)

**ئەوەی جێگای سەرنجە نەمانی هەریەک لە سولەیمان سۆیلۆ وەزیری ناوخۆ، خلوسی ئاکاروەزیری بەرگری و مەولود چاوشئۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەم سێ کەسایەتییە هەم وەک کەسایەتی خۆیان و هەم بەهۆی پێگەکەیانەوە کاریگەری گەورەیان لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا هەبووە.**

دوای سەردانەکەی بۆ قوبرسی تورکی، سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند: "نەخشەڕێگای ئێمە دیارە. چەقی ئەم نەخشەڕێگایە لەسەر ئاشتی بنیاتنراوە. ئێمە خوازیارین دەریای ئیجە وەك دەریای ئاشتی پەیام بگەیەنێتە جیهان". ئەردۆغان ڕایگەیاند، "دەستەبەرکردنی گواستنەوەی وزەی کارەبا بە کێبڵ بۆ قوبرسی تورکی باکوور گرنگترین هەنگاومان دەبێت، دوای ئەوە ئیتر پچڕانی تەزووی کارەبا لەوێ نامێنێت". دواتر ئەردۆغان سەردانی ئازەربایجانی کرد و لە ڕێوڕەسمێکی فەرمییدا لەلایەن سەرک کۆماری وڵاتەکە، ئیلهام عەلییێڤ-ەوە پێشوازی لێکرا. حکومەتی نوێی تورکیا کار لەسەر

ئەوە دەکات ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر و گەورە ببینێت لە ناوچەکەدا، لەلایەك وەك زلهێزێکی هەرێمی مامەڵە دەکات و هەوڵی هەژموون و نفوس و فراوانخوازی دەدات لە لایەکی ترەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو پرسانەی لە ڕابـــردوودا هۆکاری سەرەکی کێشە و ناکۆکی بوو لە نێوان وڵاتاندا بە شێوەی ئاشتی و دانوستان چارەسەریان بکات، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا لە هەوڵی ئـــەوەدا بێت پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە لەگەڵ یۆنان. لەوانەیە تورکیا هەوڵی ئەوەبدات کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمینیا ئاسایی بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی ئاشتەوایی بدات لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان. لەوانەیە ئەمە خواستی ئەمریکییەکانیش بێت. لەوانەیە هۆکاری تریش بوونی هەبێت، بۆ نموونە ئابووری تورکیا لە ئێستادا لە قەیراندایە ئەیەوێت زیاتر سنورەکانی کراوە بێت لەگەڵ وڵاتاندا هیچ ناکۆکییەك کاریگەری نەبێت لەسەر ئابووری تورکیا.(١٨)

**لە ئەگەری هەرڕێککەوتنێك لە نێوان بەشار ئەسەد و ئەردۆغان ڕەنگە کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر داهاتووی هەسەدە و ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە ئەمریکا ڕازی نابێت بە ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە.**

## حکومەتی نوێی تورکیا و صربیا، کۆسۆڤۆ

سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئامادەیی ئەنقەرەی بۆ ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان صربیا و کۆسۆڤۆ ئاشکرا کرد، کە لەم دواییانەدا کۆسۆڤۆ جیابوونەوەی تاکلایەنەی خۆی لە صربیا ڕاگەیاند. ئەوەشی خستووەتەڕوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا دوو پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەلێکساندەر ڤوچیچ سەرۆکی صربیا و ئەلبین کورتی سەرۆکوەزیرانی کۆسۆڤۆ کردووە. لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، ئەردۆغان لە میانی پەیوەندییەکەدا پشتڕاستی کردووەتەوە کە تورکیا ئامادەیە بەشداری لە پرۆسەی دانوستاندا بکات.
هەروەها وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، لەسەر داواکاریی فەرماندەی هێزی هاوبەشی ناتۆ، کەتیبەیەکی کۆماندۆ ڕەوانەی کۆسۆڤۆ دەکەن. لە ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتەکەدا هاتووە "تورکیا لە چوارچێوەی نوێنەرایەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ، یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا و لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەردەوامە لە بەشداریکردن لە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و جیهانی. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ پێشهاتەکانی بەڵقان دەکات".

ئەردۆغان دەیەوێت تورکیا بکاتە وڵاتێک کە تەنها لەسەر ئاستێکی ناوخۆیی و هەرێمیدا نەمێنێتەوە و زیاتر پەرەی پێبدات و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان، هەربۆیە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ نێوەندگیری نێوان سربیا و کۆسۆسڤۆ، هاوکات ئەردۆغان و دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیان وایە کە تورکیا دەتوانێت ببێتە نێوەندگیرێک بۆ کێشەی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیاش، هاوکات تورکیا ڕۆڵی هەیە لە گرێبەستی دانەوێڵە کە لە نێوان تورکیا و ڕوسیا و ئۆکرانیا و نەتەوەیەکگرتووەکان واژۆکراوە بۆ گواستنەوەی دانەوێڵەی ڕوسیا و ئۆکرانیا لە ڕێگەی دەریای ڕەشەوە بۆ ئەو وڵاتە هەژارانەی پێویستیان بە دانەوێڵەیە و بە هۆی جەنگی ڕوسیا و ئۆکرانیاوە نەدەگەیشتە دەستیان، هاوکات لە دوای سەرکەوتنەکەی لە هەڵبژاردنەکان، ئەردۆغان ڕایگەیاند، تورکیا دەکەنە ئەستێرەیەکی درەوشاوە، بۆ ئەمەش لە ئێستاوە لە هەوڵی ئەوەدایە تورکیا بکاتە وڵاتێکی گرنگ و کاریگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پێدەچێت بۆ لەمەودوا تورکیا بەردەوامبێت لەسەر ئەم سیاسەتەی لە زۆربەی کێشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا ڕۆڵێکی نێوەندگیر و ئاشتیخواز ببینێت.(١٩)

**حکومەتی نوێی تورکیا و پرسی کورد:**

دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی تورکیا، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەستیپێکرد. ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بریتین لە جەودەت یەڵماز جێگری سەرۆک کۆمار، یەڵماز تۆنگ وەزیری داد، هاکان فیدان وەزیری دەرەوە، عەلی یەرلی کایا وەزیری ناوخۆ، یەشار گیولەر وەزیری بەرگری، سەرۆکی دەستەی ئەرکان و فەرماندەکانی هێزی وشکانی و دەریایی و ئاسمانی، لەو کۆبوونەوەدا باسی چەندین مەلەفی ئەمنی گرنگ کراوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی،(٢٠) جەودەت یەلماز جێگری سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، لەژێر سەرکردایەتی سەرۆکی تورکیا ئەردۆغان کار لەسەر دۆسیەکانی ئابووری و ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکەین و جەختی لەوە کردەوە کە حکومەتی نوێی تورکیا ئامانجی ئەوەیە لە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتوودا بێت. هاوکات عەلی یەرلی کایا وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند، لە شەڕی تورکیا دژی تیرۆر و کۆچبەری نایاسایی و تاوانەکان درێژە بە سیاسەتی وەزیری پێشوو سولەیمان سۆیلو دەدات. وتیشی مەرجەعییەتی سەرەکی بۆ ئێمە یاسایە. دەستبەرداری نابین. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و کۆچبەری نایاسایی و تاوانەکان بەردەوام دەبێت". هەروەها هاکان

فیدان لە مەراسیمی وەرگرتنی پۆستی وەزیری دەرەوە لە چاوشئۆغلو وتی، بەردەوام دەبم لە پێشخستنی دیدگای سیاسەتی دەرەوەی نەتەوەیی، کە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دەوڵەتەکەمان لە هەموو بوارەکانی دەسەڵات و سەروەری ئیرادەی نەتەوەکەمان دامەزراوە. ئەوە دەردەکەوێت کە سیاسەتەکانیان بە هامان شێوازی پێشوو بەردەوام دەبێت، یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە کە زیاتر مەبەستیان لێ (پەکەکە) یە، (٢١).

**تورکیا ڕەنگە لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ ئەمریکا ڕێکنەکەوێت، بەڵام هاوپەیمانی درێژخایەنی لە (ناتۆ) و بابەتەکانی دیکە هەردوولا ناچار بە کارکردنی پێکەوەیی دەکات.**

لە ماوەی ڕابردوودا بەشێک لە پارتە کوردییەکان لە باکووری کوردستان و تورکیا بە تۆمەتی پەیوەندییان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" لە تێڕوانینی تورکیادا بە تیرۆریست ناسراون. پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ئێستادا لەبەردەم دادگای دەستووری ئەو وڵاتەدا بەهەمان تۆمەت ڕووبەڕووی سکاڵایەکی یاسایی بووەتەوە و ڕەنگە بە بیانووی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە دابخرێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا هەدەپە بەناوی پارتی چەپی سەوزەوە بەشداری بکات، داواکاری گشتی تورکیا داوادەکات هاوکارییەکانی حکومەت بۆ هەدەپە بلۆک بکرێت، ئەگەر هەیە کە دادگای دەستووری ڕازی بێت لەسەر ئەوەی پاڵپشتییە داراییەکانی هەدەپە بلۆك بکرێت، بەم جۆرەش دەسەڵات دەتوانێت بە بڕینی سەرچاوەی دارایی هەدەپە تەواو لاوازی بکات، بەجۆرێک ئاستی چالاکی و سیاسەتەکانی بەرەو کەمترین ئاست بەرێت، لە ئەگەری داخستنی هەدەپە ڕەنگە ئەندامان و سەرکردەکانی هەدەپە وەک هاوسەرۆکانی بچنە ناو پارتی چەپی سەوزەوە و لەوێوە درێژە بە کاری سیاسی خۆیان بدەن. بەهۆی ئەو دژایەتییەی هەدەپە بۆ ئەردۆغان هەیبوو لە کاتی هەڵبژاردنەکان و پشتگیری لە کەمال کلیچدارئۆغلۆ کاندیدی هاوبەشی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەدەپە بە تەواوەتی لە قاڵب بدرێت و بچوکبکرێتەوە، ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ دادگای دەستووری تورکیا داوایکرد بەهۆی بەشدارینەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایار بە ناوی هەدەپەوە، هاوکارییەکانی حکومەت بۆ ئەو پارتە بلۆک بکرێن. ئەو هاوکارییە بەگوێرەی بڕگەی ١ لە یاسای پارتە

سیاسییەکان بە هەدەپە دەدرێت و بڕەکەی ٤٠٠ ملیۆن و ٢٢٨ هەزار و ٧٧٦ لیرەیە کە دەکاتە نزیکەی ١٧ ملیۆن دۆلار. (٢٢)

**دەرئەنجام**

تورکیای سەردەمی ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان کە بە پارتێکی ئیخوانی دەناسرێت، بە هۆی ناسنامە و سیاسەت و ئایدۆلۆجیا و ئامانجەکانیانەوە لە بەرە و جیهانی ڕۆژئاوایی تاڕادەیەك دوورکەوتبووە بەتایبەتی پێش هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا لە ١٤ و ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣، ئەمەیش وایکردووە کە پێویستی بەوە هەبێت لە ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیدا پێگەی ڕێبەرایەتی و ناوەندیی هەبێت، هەوڵی بەدەستهێنانی هەژمونی ناوچەیی بدات. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەردۆغان نەخشەڕێگای تورکیای داڕشتووە، کە سیاسەتی دەرەوە زیاتر سەربەخۆ بێت لە ڕۆژئاوا و لە هەمانکاتدا ناسنامەی جیۆپۆلەتیکی خۆی وەک بەشێک لە ناتۆ بپارێزێت.

تورکیا وەک ڕۆژهەڵاتیترین وڵاتی ئەوروپا و ڕۆژئاوایترین وڵاتی ئاسیا ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندییە ستراتیجییەکانیەتی لە ئێستادا و لە هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییە ستراتیجییە نوێیەکانی بووە بۆ داهاتوو. پرۆسەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی ستراتیجی تورکیا. ئەم وڵاتە هاوبەشی ستراتیجی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هاوپەیمانیەتی لە ناتۆدا هەیە و پێی وایە پەیوەندییەکانی بایەخێکی چارەنووسسازیان هەیە بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە ئەوروپا.

**بەهۆی ئەو دژایەتییەی هەدەپە بۆ ئەردۆغان هەیبوو لە کاتی هەڵبژاردنەکان و پشتگیری لە کەمال کڵیچدارئۆغلۆ کاندیدی هاوبەشی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەدەپە بە تەواوەتی لە قاڵب بدرێت و بچوکبکرێتەوە.**

ساڵانی ڕابردوودا تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەدا بوونی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزتر کردووە، ئەمەش لە ڕێگەی فاکتەری سەربازییەوە، تورکیا سوودمەندبووە لە ئامادەیی سەربازی لە سوریا و لیبیا و عێراق. هەروەها خزمەتگوزاری سەربازی و ڕاوێژ بە زۆرێک لە وڵاتانی ئەفریقا دەکات، هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا بەرەو گرژی و ئاڵۆزی ڕۆیشت ، بەتایبەتی سعودیە، ئیمارات، مصر و هەروەها ئیسرائیل، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی سعودییە و ئیمارات و ئیسرائیل بەرەو باشتر ڕۆیشت، ئەمەش

بە هۆی هەوڵەکانی ئەردۆغانەوە بوو. لەم دواییانەدا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پشتی بە ڕێبازێکی نوێ بەستووە بۆ ژینگەی نێودەوڵەتی ناوچەکە، ڕێبازە نوێیەکەی تورکیا بریتییە لە باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیدا - لەسەر بنەمای خستنەڕووی فاکتەری ئابووری لە سیاسەتی دەرەوەدا، لە هەوڵدایە بۆ کەمکردنەوەی فشارە دەرەکییەکان لەسەر تورکیا و گەڕاندنەوەی بازاڕەکانی وڵاتانی عەرەبی.

## لیستی سەرچاوەکان

(١) سایتی فەرمی سەرۆکایەتی تورکیا:
https://www.tccb.gov.tr/ar/-/1666/147387/cumhurbaskani-erdogan-kabinesini-acikladi

(٢) هاکان فیدان لە ساڵی ١٩٦٨ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٦ کۆلێژی سەربازی خوێندووە لە ئەمریکا. بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسیەکان و ئیدارە بەدەستهێناوە. ماستەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە. تێزی دکتۆراکەی دەربارەی ڕۆڵی تەکنۆلۆجیا لە گەیشتن بە ئامانجەکاندا-یە. ساڵی ٢٠١٠ بووە بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت). وەك بەهێزترین کەسی هەواڵگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، چەند ساڵێکە وەك دووەم پیاوی تورکیا ناوی دەبرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
https://www.internethaber.com/iste-hakan-fidanin-sir-dolu-yasami-764871h.htm

(3) https://www.aljazeera.net/opinions/2023/6/4/ملامح-السياسة-الخارجية-التركية

* ئویغورەکان بەشێکن لە هۆزە پەرتەوازەکانی گەلانی مەنگۆل و بە زۆرینە موسڵمانی سوننەن، ئێستا نزیکەی ١٢ ملیۆنیان لە وڵاتی چین دەژین، لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین ڕاپۆرتی جیاواز لەبارەی هەوڵی حکومەتی چین بۆ گۆڕینی بیری ئیسلامی ئویغورەکان بڵاوکراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
: https://www.bbc.com/news/world-asia-china-22278037

(4) https://www.cfr.org/backgrounder/turkeys-growing-foreign-policy-ambitions

(5) https://www.economist.com/special—report/2023/01/16/turkey—has—a—newly—confrontational—foreign—policy

(6) https://www.tccb.gov.tr/ar/cabinet/

* ئیبراهیم کالن لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٧١ لە خانەوادەیەکی خەڵکی پارێزگای ئەرزڕۆمی باکووری کوردستان لە ئەستەنبوڵ لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ بەشی مێژووی زانکۆی ئەستەنبوڵی خوێندووە. ماستەری لە فیکر و فەلسەفەی ئیسلامی لە مالیزیا تەواو کردووە. لە ١٩٩٦ دکتۆرای لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بەدەستهێناوە. پلەی زانستی ئێستای پرۆفیسۆرە لە بواری مێژوودا. لە ساڵی ٢٠٠٩دا بووەتە ڕاوێژکاری یەکەمی سەرۆکوەزیرانی تورکیا. لە ٢٠١٢دا بووەتە ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا. بە هەڵبژاردنی ئەردۆغان وەک سەرۆک کۆمار ئیبراهم کالن وەک یاریدەدەری سکرتێری سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا دەستی بەکار کردووە. لە ساڵی ٢٠١٤ەوە لەلایەن ئەردۆغانەوە ڕاستەوخۆ کراوەتە وتەبێژی

سەرۆکایەتی تورکیا. لە ساڵی ٢٠١٨دا بووەتە سەرۆکی دەزگای ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا. دوای ڕاگەیاندنی کابینەی نوێی حکومەتی تورکیا کالن کرا بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتیمانی تورکیا (میت). خێزاندارە و باوکی سێ منداڵە، گۆرانی دەڵێت و بەرهەمی هونەری هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.setav.org/en/ yazar/ibrahim-kalin /

(7) https://www.aljazeera.net/politics/2023/6/6/إبراهيم-قالن-لماذا-اختار-أردوغان-كبير

(٨) https://www.zamanarabic.com/tag/بشار-الأسد/

(٩) https://mubasher.aljazeera.net/news/politics/٢٠٢٣/٥/١٩/أردوغان-يرد-على-طلب-الأسد-انسحاب-الجيش

(١٠) https://www.aa.com.tr/ar/تركيا/ممثل-تركيا-لدى-الاتحاد-الأوروبي-يقدم-أوراق-اعتماده/٢٨٤٢٥٢٠

(١١) https://www.turkpress.co/node/٩٨٠٧٥

(١٢) https://www.bbc.com/arabic/inthepress-٦٥٦٩٦١١٤

(١٣) https://arabic.rt.com/world/١٤٦٧٩٥٥-هاكان-فيدان-يبحث-مع-نظيره-السويدي-انضمام-ستكهولم-إلى-حلف-الناتو/

(١٤) https://www.skynewsarabia.com/world/١٦٣٠٣١٦-تركيا-ندعم-سياسة-الباب-المفتوح-للناتو-ورسالة-للسويد

(١٥) https://www.aa.com.tr/ar/تركيا/الناتو-اجتماع-أنقرة-حول-عضوية-السويد-وفنلندا-كان-إيجابيا/٢٩٢٢٤٧٤

(١٦) https://www.dailysabah.com/arabic/politics/٢٠٢٣/٠٦/٢١/وزير-الخارجية-التركي-يلتقي-نظيره-الأمريكي-في-لندن

(١٧) https://www.aljazeera.net/news/٢٠٢٣/٦/١٩/نائب-أردوغان-لن-نتراجع-عن-صون-حقوق

(١٨) https://www.trtarabi.com/now/نائب-أردوغان-يجدد-التزام-تركيا-الدفاع-عن-حل-الدولتين-في-قبرص-١٣٦٨٦٣٩٥

(١٩) https://arabic.euronews.com/٢٠٢٣/٠٦/٠٥/turkey-sends-troops-to-help-quell-unrest-in-kosovo - https://www.trtarabi.com/now/تركيا-ترسل-كتيبة-قوات-خاصة-إلى-كوسوفو-في-يونيو-الجاري-١٣٤٧٨٠٠٧

(٢٠) https://www.aa.com.tr/ar/تركيا/بدء-أول-اجتماع-لمجلس-الأمن-القومي-التركي-بعد-الانتخابات/٢٩١٧٧٧١

(٢١) https://sputnikarabic.ae/٢٠٢٣٠٦٠٥/نائب-الرئيس-التركي-الحكومة-تركز-على-الملفات-الاقتصادية-والأمنية-ومكافحة-الإرهاب-١٠٧٧٧٥٠٣٠٣.html

(٢٢) https://www.alaraby.co.uk/politics/تركيا-طلب-إلى-المحكمة-الدستورية-بحجز-أموال-لحزب-الشعوب-الكردي - https://www.alarabiya.net/arab-and-world/٢٠٢٣/٠٣/٠٩/المحكمة-العليا-التركية-تلغي-حظر-حسابات-حزب-الشعوب-الديمقراطي

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# کشانەوەی دەمیرتاش لە سیاسەت چۆن کاریگەریی لەسەر کورد دەبێت؟

وەرگێرانی: یاد نورسی

ڕەخنەی سەلاحەدین دەمیرتاش لە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و بڕیاری کشانەوەی لە چالاکی سیاسی، لە ئامەد نەبوو بە سوپرایز و مایەی سەرسوڕمان نەبوو، بەڵکو شارەزایانی ناوچەکە و چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە سیاسەتی کوردی لە کۆمەڵگای تورکی دابڕاوە.

سیاسەتی تورکیا کە ماوەیەک بەر لە ئێستا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی بەخۆیەوە بینی، لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە ڕووبەڕوو دەبێتەوە, کە زیاتر لە شەش ساڵە لە بەندینخانەی ئەدیرنە زیندانی کراوە.

سەڵاحەدین دەمیرتاش لە وتارێکدا کە ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی ئایار بڵاوکرایەوە، بە توندی ڕەخنەی لە هەدەپە گرت، دەمیرتاش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئیرفان ئاکتان ڕایگەیاند کە واز لە چالاکی سیاسی دەهێنێت. دەمیرتاش بە ئاماژەدان بەوەی "لەم قۆناغەدا" وازی لە چالاکی سیاسی هێناوە، بەڵام دەستی لە ئەندامێتی هەدەپە نەکێشاوەتەوە، جەختی لەوە کردەوە کە ماوەی پێنج ساڵە هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پەیامانەی بۆ هەدەپەی ناردووە وەرنەگرتووە و داواکارییەکەی بۆ ئەوەی کاندیدی سەرۆک کۆمار بێت لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا ڕەتکراوەتەوە.

## ئایا بەڕاستی دەمیرتاش وازی لە سیاسەت هێنا؟

پەیامەکەی دەمیرتاش کە لە ئەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە، وا لێکدەدرێتەوە بەتەواوی واز لە سیاسەت بهێنێت, بەڵام لە چاوپێکەوتنەکەدا دەربڕینی دەمیرتاش "لەم قۆناغەدا" بە بەجێهێشتنی دەرگایەکی کراوە لێکدرایەوە. شارەزایانی سیاسیش لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ئەمە کشانەوەیەکی کاتییە و کەسایەتییەکی وەک دەمیرتاش لە داهاتوودا بە تەواوی دەستبەرداری سیاسەتی کوردی نابێت.

سەبارەت بە هەبوونی کێشە لەنێوان دەمیرتاش و ئیدارەی هەدەپەدا، دکتۆر وەهاب کۆشکون مامۆستای زانکۆی دیجلە لە بەشی یاسا, پێیوایە هەر دوولا خۆیان لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە لەبەردەم خەڵکدا بەدوور دەگرن. کۆشکون باس لەوەدەکات دەمیرتاش لەگەڵ ئەوەی بۆ یەکەمجار دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ وتارێکی ڕەخنەیی توند ئاڕاستەی هەدەپە دەکات، بەڵام هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبوو، پەیامە توندەکانی وەک سوپرایزێک سەیر نەکرا.

ئەو دەڵێت: "دەمیرتاش بەتەواوی دەستبەرداری سیاسەت نەبووە، ڕەنگە پێیوابووبێت دوای ئەوەی ئاک پارتی و ئەردۆگان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دۆخی ئێستایدا ڕوونادات، هەستی بە پێویستی کەمێک زیاتر پاشەکشە کردن کرد"، واتە گەر گونجاو بێت بڵێین: "خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکات. ئەگەر لە داهاتوودا بارودۆخەکان بگۆڕدرێن، پێدەچێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکاتەوە و جارێکی دیکە ڕۆڵێکی چالاک لە سیاسەتدا بگێڕێتەوە."

## دەنگدەرانی کورد پشتگیریی لە دەمیرتاش دەکەن

ڕەخنەکانی دەمیرتاش و بڕیاری کشانەوەی لە (ئامەد- ناوەندیی سیاسەتی کوردی) کاردانەوەی بەرفراوانی هەبوو. لەگەڵ دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەو شارەدا کە ژمارەی دانیشتووانی دوو ملیۆنە و بەر لە هەڵبژاردن مەیدانێکی گەرمی سیاسی بوو، لە ئێستادا خەڵکی دووبارە لە قسەکردن بۆ کامێراکان دوودڵن.

هەرچەندە کەسانێک لە شەقامی کوردی لە ئامەد هەن ڕەخنەکانی دەمیرتاش بە نادادپەروەرانە دەزانن, بەڵام زۆرینە پشتگیریی هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دەکەن. لایەنگرانی دەمیرتاش پێیانوایە لە دوای دەستگیرکردنی ناوبراوەوە سیاسەتی کوردی بێ سەرکردە ماوەتەوە. هەروەها دەنگدەرانی هەدەپە لە ئامەد تووڕەن, لەوەی هەدەپە (یەسەپە لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣)دا هاوپەیمانی لەگەڵ تیپ(١) کردووە, ئەوان لایان

وایە هاوپەیمانی لەگەڵ تیپ ١٥ کورسی کوردەکانی بەهەدەر داوە.

### پەیوەندیی نێوان سیاسەتی کوردی و کۆمەڵگای تورکیا پچڕا

دەمێکە زانراوە کێشە لەنێوان سەلاحەدین دەمیرتاش و ئیدارەی هەدەپە-دا هەبووە, بەڵام سەرەڕای ململانێکان زۆرجار پەیامی پێکەوەبوون بڵاودەکرایەوە، مشتومڕ و ململانێیەکانیش بۆ خەڵکی نەدەخرایەڕوو. هەروەها مایەی تێڕامانە کە ڕەخنەکانی دەمیرتاش و ئەو مشتومڕانەی بۆ یەکەمین جار هاتنە پێشەوە, بڕیاری کشانەوە چۆن کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کوردی دەبێت؟ بە گوتەی مەسعود عەزیز ئۆغڵو، بەرپرسی ناوەندیی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیجلە, کە لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ سیاسەتی کوردی دەکات, دەمیرتاش هەوڵی داوە سەرنج بۆ خاڵێکی جیاواز ڕابکێشێت:

لە ساڵی ٢٠١٥دا سیاسەتێکی کوردی لە مەیدانەکەدا کارابوو, کە لە ١٣٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و بەهۆیەوە بووبوو بە کاراکتەری یەکلاکەرەوەی ململانێ سیاسییەکانی تورکیا، واتە کورد لە سیاسەتی تورکیادا هێزێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو, بەڵام ئەمڕۆ کورد بە دوورکەوتنەوە لە ڕۆڵی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەی خۆی، وای لێهاتووە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەی ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت, تەنیا لە هەوڵی ئەوەدابێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێت، پەیوەندیی نێوان سیاسەتی کوردی و کۆمەڵگای تورکیا پچڕاوە. لە ڕاستیدا ئەوەی دەمیرتاش باسی دەکات، دۆزینەوەی شێوازی نوێ و شوێنکەوتنی نوێیە سەبارەت بەم حاڵەتە قەرەباڵغییە. ئاشکرایە ئەو شێوازەی پەیڕەو کراوە بەلای ئەوەوە ڕاست نییە و ئەو ڕەخنەی لێدەگرێت و گلەیی لە گۆڕانکارییەکەی ئەوان دەکات.

**شارەزایانی ناوچەکە و چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە سیاسەتی کوردی لە کۆمەڵگای تورکی دابڕاوە.**

### سەلاحەدین دەمیرتاش کێیە؟

سەلاحەدین دەمیرتاش لە ساڵی ١٩٧٣ لە ناحیەی پالوی ئیلازیغ لەدایکبووە، پێش کاری سیاسی وەک پارێزەر و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئامەد کاری کردووە. دەمیرتاش دوای ئەزموونی کۆمەڵگەی مەدەنی بە فەرمی بەشداری سیاسەتی کوردی دەکات، بووە هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە). دەمیرتاش لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ دەستگیرکرا و تا ١١ی شوباتی ٢٠١٨

هاوسەرۆکی هەدەپە بووە.
دەمیرتاش بۆ ماوەی سێ خول ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بووە، تا ئێستاش لە زیندانی داخراوی ئەدرنە جۆری ئێف دەستگیرکراوە. سەلاحەدین دەمیرتاش کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ کاندید بوو، ڕۆڵێکی کارایشی لە بڕیار و دۆخە یەکلاکەرەوەکاندا بینیوە. سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دادگای دەستووری تورکیا و دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپاوە بڕیار لەسەر پێشێلکاری مافەکانی دەمیرتاش دراوە، بەڵام تا ئێستاش لەسەر دۆسیەی کۆبانی و چەندین دۆسیەی تر لێکۆڵینەوە لە دەمیرتاش بەردەوامە.

**سەرهەڵدانی کێشەی سەرکردایەتیکردنی هەدەپە لەدوای دەمیرتاشەوە**

دەمیرتاش بە کێشانی وێنەیەکی جیاواز بەدرێژایی ژیانی سیاسی خۆی، بوو بە ناوێک لە سیاسەتی کوردییدا, کە دەنگدەرانی تورکیا لەسەری کۆک بوون. دەمیرتاش کە ساڵانێکە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ەوە قسەکانی "ئێمە ناتکەینەوە بە سەرۆک" بۆ ئەردۆگان پاتدەکاتەوە، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئیستەنبوڵدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەسەر دەنگدەرانی کورد بینی. بەر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لە ساڵی ٢٠١٩ لە ئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو، عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە داوای کردبوو دەنگدەرانی کورد بێلایەن بمێننەوە. لە بەرامبەردا دەمیرتاش و ئیدارەی هەدەپە ڕایانگەیاند پێویستە پشتیوانی لە ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو کاندیدی هاوپەیمانی میللەت و جەهەپە بکرێت، بۆیە زۆرینەی دەنگدەرانی کورد دەنگیان بە ئیمام ئۆغڵو داوە.

**داوکاری دەمیرتاش بۆ کاندیدبوونی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لەلایەن بەرپرسانی هەدەپە-وە ڕەتکراوەتەوە.**

دکتۆر وەهاپ کۆشکون پێیوایە جیاوازییەکی جددی لەنێوان دەمیرتاش و سەرکردەکانی هەدەپە-دا هەیە. کۆشکون ئاماژەی بەوە داوە کە دەمیرتاش بە پێچەوانەی سەرۆکەکانی دیکەوە وەک سەرکردەیەکی سیاسی ڕەفتار دەکات و دەڵێت: "دمیرتاش کاریزمایەکە لە کۆمەڵگەوە پشتیوانی زۆری لێدەکرێت، دوای زیندانیکردنی کێشەی سەرکردایەتیی لەناو هەدەپە-دا دەرکەوت، لەدوای کشانەوەکەی و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ دەستێوەردانێکی لە سیاسەتی هەدەپە نابێت، کێشەی سەرکردایەتیی لەناو هەدەپە-دا بە ئەگەرێکی زۆرەوە بە قووڵی دەردەکەوێت".

## "مشتومڕ لەناو هەدەپە-دا دەستپێدەکات"

ڕەخنەکانی دەمیرتاش و بڕیاری کشانەوەی لە لایەن شارەزایانی سیاسی ناوچەکەشەوە وەک بانگەوازێک بۆ بەخۆداچوونەوەی هەدەپە و کشانەوەی ئەو کەسانەی بەرپرسن لە شکستی هەڵبژاردنەکان لە سیاسەت دەخوێنرێتەوە، بەڵام هێشتا نازانرێت لەلایەن هەدەپەوە چۆن وەڵامی ئەم بانگەوازە دەدرێتەوە کە بڕیاری نوێکردنەوەی خۆی داوە.

لە بەرامبەردا دکتۆر وەهاپ کۆشکون پێیوایە، پێویستی هەدەپە بۆ نوێبوونەوە زۆر ڕوون بووەتەوە، دوای هەڵبژاردن گفتوگۆیەکی جددی بەم ئاڕاستەیە لە حزبەکەدا دەستپێدەکات, کۆشکون پێیوایە: "هەدەپە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە هیچ سیاسەتێکی بەرهەم نەهێناوە، ئەوەش بە جددی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، کە هاوپەیمانی بەردەوامی هەدەپە لەگەڵ چەپی تورکیا چی بۆ بەدەستهێناوە و چی لەدەست بردووە؟"

بۆیە کشانەوەی دەمیرتاش و نووسینی ئەو هەموو ڕەخنانە بە زمانێکی ڕوون و زۆر توند لە کاتی کشانەوەیدا، دەبێتە هۆی ئەم گۆڕانکاریانە لەناو هەدەپەدا.

## "کێشەی ژێرخان لە هەدەپە-دا هەیە"

یەکێک لەو خاڵانەی کە لە لێدوانەکانی دەمیرتاشدا باسی لێوەکراوە، ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکەی ناوبراوە لەلایەن ئیدارەی هەدەپە-وە بۆ کاندیدبوونی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیادا. ئیبرۆ گونای، وتەبێژی هەدەپە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کاندیدبوونی دەمیرتاش بەهۆی دۆخی ناوبراوەوە لەڕووی یاساییەوە کێشەی هەیە، بۆیە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە، هەروەها پێشنیاز بۆ کاندیدێکی ژنیش هەبووە. باشە ئەگەر سەلاحەدین دەمیرتاش لە خولی یەکەمدا کاندید بووایە، ئایا بەڕاستی دەکرا ئەنجامێکی جیاواز بۆ ئۆپۆزسیۆن بەدەستبهێنرێت؟

### بەکارهێنانی دەستەواژەی "لەم قۆناغەدا" لەلایەن دەمیرتاشەوە بۆ کشانەوەی لە سیاسەت هێمایە بۆ کاتیبوونی بڕیارەکەی.

وەهاپ کۆشکون پێیوایە سیاسەتی هەدەپە بۆ بەربژێرنەکردنی کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆک کۆمار هەڵە بووە و دەڵێت: "دەمیرتاش لەم کارەدا بەرپرسیارێتیی هەیە". کۆشکون ئاماژەی بە کێشە پێکهاتەییەکانی هەدەپە کرد و وتی: "بێگومان کاندیدبوونی دەمیرتاش دەیتوانی پاڵنەری جەماوەرەکە زیاتر بکات". کۆشکۆن دەڵێت: "کێشەیەکی ڕوونی دیموکراسی ناوخۆیی حزبی لە

هەدەپەدا هەیە، کێشەکە لەکێشەی کەسییەوە دەرچووە, وەک دەمیرتاش ئاماژەی پێداوە و بەم شێوەیە درێژە بە هەڵسەنگاندنەکەی دەدات؛ سیاسەتی هاوپەیمانی و بەربژێرکردنی کاندیدەکان و بێباکی ناوەند بەرامبەر بە هەستیاریی خەڵکی خۆجێی، هەموویان کێشەی جیاوازن، بۆیە ئەگەر ڕێژەی دەنگی هەدەپە لە ١٣٪وە بۆ ٨٪ دابەزی، ئەمە دۆخێک نییە تەنها بەوە ڕوونی بکەینەوە دەمیرتاش کاندید بێت یان نا، لێرەدا کێشەکە زۆر قووڵترە، زۆر پێکهاتەیی ترە، کێشەیەک هەیە، هەدەپە ناسنامەی خۆی وەک پارتێکی گەشەسەندوو و ئومێدبەخشتر لەدەستداوە، بووەتە پارتێکی بچووکبووەوە، ئەوەش مەترسییەکی زۆر جدییە".

**زۆرینەی هاوڵاتیان لە ئامەد و باکووری کوردستان پشتگیریی ڕەخنەکانی دەمیرتاش لە هەدەپە دەکەن.**

لینکی بابەتەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:
https://www.dw.com/tr/selahattin-demirta%C5%9F%C4%B1n-%C3%A7ekilmesi-k%C3%BCrt-siyasetini-nas%C4%B1l-etkiler/a-65797454?fbclid=IwAR1WKRsMM9GRthFejA4cZGbfaAsB4osQ48Bi0i9cFIUJCbmom9eExbM7kMw

(١) پارتی کرێکارانی تورکیا (تیپ) Türkiye İşçi Partisi (TİP) پارتێکی سیاسییە لە تورکیا. ئەم پارتە لە جیابوونەوە لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (TKP) دامەزرا. لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاردا لە چوارچێوەی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادییدا دەنگی بە کەمال کلیچدارئۆغڵو کاندیدی هاوپەیمانی میللەت داوە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان جیا لە پارتەکانی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و تەنها ٤ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

# جەهەپە لەنێوان "بەندەری ئارامی" کلیچدارئۆغڵو و هەوڵەکانی گۆڕانکاری ئیمام ئۆغڵو

وەرگێڕانی: حەمزە محەمەد ساڵح

بە ئەنجامدانی یەکەمین کۆبوونەوەی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بە سەرۆکایەتی کەمال کلچدارئۆغڵو سەرۆکی پارتەکە و ڕاگەیەنراوی دوای کۆبوونەوەکە، دووبارە بابەتی گۆڕانکاری لەناو جەهەپە-دا ڕەهەندێکی نوێی وەرگرت.

کلچدارئۆغڵو دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند دەرگای گۆڕانکاری بەردەوام بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، هەروەها وتیشی "ئەوە ئەرکی کاپتنە کە کەشتییەکە بباتە بەندەری ئارام، با هەمووانیش بزانن کەشتییەکە دەبەمە کەناری ئارامی". ئەم وتانەی سەرۆکی جەهەپە سەرنجی هەمووانی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

بەپێی وتەی بەرپرسانی جەهەپە نموونەکەی کلچدارئۆغڵو "کاپتن و بەندەری ئارام" ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤ی تورکیا خۆی سەرۆکایەتی بەشداری پارتەکەی و بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی دەکات.

دووبارە کۆبوونەوەی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ لەگەڵ کلیچدارئۆغڵو ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە بۆ گۆڕانکارییەکی بێ گرفت پێشنیازی بەردەوامبوون لەگەڵ کەسی سێیەم بکات.

دوای ئەوەی سەرۆکی جەهەپە کلیچدارئۆغڵو وەک کاندیدی سەرۆک کۆمار ماڵئاوایی لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا کرد، بەڵام دوێنێ بە بابەتێکی تەواو جیاوازەوە گەڕایەوە. کلچدارئۆغڵو بەرامبەر بەو داواکاریانەی لەناو پارتەکەیدا سەبارەت بە پرسی گۆڕانکاری بەرزبوویەوە وتی: "تاوەکو کۆتایی دەرگای گۆڕانکاریی بە کراوەیی دەهێڵمەوە". بەڵام کە وتی "ئەوە ئەرکی کاپتنی کەشتییە کە کەشتییەکە بباتە بەندەری ئارامی، با هەمووانیش بزانن کەشتییەکە دەبەمە کەناری ئارامی" ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە مەرجی گۆڕانکاریشی باس کردووە.

## "کەشتییەکە تاوەکو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەبات"

زۆرینەی بۆچوونەکانی ناو جەهەپە لەسەر ئەوەیە وتەکانی کلیچدارئۆغڵو ئەو پەیامەی لێدەخوێنرێتەوە تاوەکو هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی مانگی ئازاری ٢٠٢٤ لە سەرۆکایەتیی پارتەکەیدا دەمێنێتەوە.

بەرپرسانی جەهەپە ئەوەیان ڕوونکردەوە کلیچدارئۆغڵو دوای هەڵبژاردن بە هیچ شێوەیەک بیری لە دەست لەکارکێشانەوە لە سەرۆکایەتیی پارتەکەی نەکردووەتەوە. هەروەها کاتێک کلیچدارئۆغڵو دەستەواژەی "کەشتییەکە بە سەلامەتی دەگەیەنمە بەندەری ئارامی" بەکارهێنا، ئاماژەی بە مانەوەی خۆی کردووە تاوەکو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان.

بەرپرسانی جەهەپە ئاماژە بەوە دەکەن ئەم ئامانجەی کلیچدارئۆغڵو پاش ماوەیەکی تر لە ڕێگەی ئەو ڕاگەیەنراوانەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە سەرۆکی جەهەپە ئەنجامی دەدات و لەگەڵ دەستپێکی پشووی پەرلەمانیشدا بە چڕی دەست بە ئامادەکاری پێویست دەکات بۆ کۆنفرانسی لق و ناوچەکانی جەهەپە لە پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستخراوە، لە کاتی دووبارە ڕێکخستنەوەی مەکتەبی سیاسی جەهەپە-دا، کلیچدارئۆغڵو لە ڕێگەی بەستنەوەی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتەکەی ڕاستەوخۆ بە خۆیەوە، دەیەوێت مۆدێلێکی نوێ لە ڕێکخستنی حیزبی بهێنێتە کایەوە. لەم ڕوانگەوە بۆ هەر ناوچەیەک بەڕێوەبەرێک دادەنرێت، کە بەرپرسی ڕێکخستنەکان بێت. زانیارییەکانی ناو هۆڵە داخراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، سەرۆکی جەهەپە لە نێوان پەرلەمانتارە خانەنشینەکانی پارتەکەیی و بەرپرسی لق و ناوچەکاندا، هێشتا بڕیاری کۆتایی نەداوە کە کامیان بکات بە

بەرپرسی ڕێکخستنەکان.

لە هەمانکاتدا لێپرسراوی ڕێکخستنەکان بەرپرسیار دەبن لەوەی کە چالاکییە مەیدانییەکانیان ڕێکبخەن، لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا و ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن لە گەیشتن بەو چین و توێژانەی لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاردا پەیامەکانیان پێنەگەیاندوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بابەتی درووستکردنی لیژنەیەک بۆ گۆڕانکارییەکی گشتی لە پەیڕەوی کاری جەهەپە-دا باسی هەیە.

### ترسی دابەشبوونی جەهەپە

هەرچەندە لەناو جەهەپە-دا خواستێکی فراوان بۆ گۆڕانکاری بوونی هەبێت، بەڵام لە ڕوانگەی کاتەکەیەوە دوو تێڕوانین بەدیدەکرێت.

ئیمام ئۆغڵو-یش لەناو ئەو بەرەیەدایە کە دەنگی ناڕەزییان هەیە و بڕوایان وایە پێویستە کلیچدارئۆغڵو کۆنگرەی حیزب ئەنجام بدات، بۆ جارێکی دیکە خۆی کاندید نەکاتەوە و تەنها وەکو سەرۆکێکی فەخری لە پۆستەکەی بەردەوام بێت.

بەرپرسانی ناوەندیی جەهەپە-یش لەو باوەڕەدان کە پێویستە کلیچدارئۆغڵو تاوەکو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ترسیان لەوە هەیە پێش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان شەڕی سەرۆکایەتیی لەناو پارتەکەدا ڕێگە بۆ دابەشبوون و لەتبوونی پارتەکە خۆش بکات، ئەمەش سەرەتا بە مانای لە دەستدانی پۆستی سەرۆکی شارەوانی شارە گەورەکان و بەدەستنەهێنانی ئامانجی خوازراو لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دێت.

کلیچدارئۆغڵو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەیەوێت ئیمام ئۆغڵو و سەرۆک شارەوانییە سەرکەوتووەکان بەبێ ئەوەی بچنە ناو ململانێی هەڵبژاردنی سەرۆکی پارتەکەیانەوە، پێویستە سەرنج بخەنە سەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، لەبەرئەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت پاشەکشە لەم هەڵوێستەی خۆی بکات.

**سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی جەهەپە دەرگیا گۆڕانکاری لە پارتەکەیدا بە کراوەیی هێشتووەتەوە، بەڵام مافی گەیاندنی کەشتی پارتەکەیی بە بەندەری ئارامی تەنها بەخۆی ڕەوا دەبینێت.**

### بژاردەکانی بەردەم ئەکرەم ئیمام ئۆغڵۆ چییە؟

دوای ئەوەی ئیمام ئۆغڵو بۆ جارێکی دیکە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٤ و ٢٨ی ئایار سەبارەت بە پرسی کاندیدبوون کۆبوونەوەی لەگەڵ کلیچدارئۆغڵو ئەنجامدا، ڕاستەوخۆ هیچ جۆرە ڕوونکردنەوەیەکی نەدا. بەڵام دوێنێ لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنوساندا وتی، کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو گرووپەکانی

ناو جەهەپە کردووە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا دوای تەواوبوونی گفتوگۆکانی ناو پارتەکە ئەوەی دەیەوێت بۆ ڕای گشتی ڕادەگەیەنێت.
لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە، بەهۆی ئەوەی کۆنگرەی ئاسایی جەهەپە پێش وادەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو لەنێوان کورسی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئیستەنبوڵ و کورسی سەرۆکایەتیی جەهەپە-دا، تووشی چەقبەستوویی دەبێت و نازانێت کامیان هەڵبژێرێت، چونکە یاسا ڕێگە نادات کەسێک لە یەک کاتدا هەم سەرۆکی پارتێکی سیاسی بێت، هەم سەرۆکی شارەوانیی بێت.
لە دۆخی بەردەوامبوونی ئیمام ئۆغلو لە پۆستی سەرۆکی شارەوانغی ئیستەنبوڵ و دووبارە خۆکاندیدکردنەوەی بۆ هەمان پۆست، ئەگەری خێراترکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دادوەرییەکان و "سەپاندنی قەدەغەی کار و چالاکی سیاسی" کە ماوەیەکی زۆرە لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتی دادوەرییەوە دژی ئیمام ئۆغڵو کراوەتەوە، خێراتر و بەهێزتر بکات.

### بژاردەی کەسی سێیەم لەنێوان دوو ئۆغڵو-دا

لایەنگرانی ئیمام ئۆغڵو لەو باوەڕەدان ئەگەر بێتوو جەهەپە بە سەرۆکایەتیی کلیچدارئۆغڵو بڕواتە ناو ململانێ و بانگەشەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤وە، ئەوا کێشەی گەورە بۆ پارتەکەیان دروست دەبێت بەتایبەت لەگەڵ ئەو پارتانەی کە بۆ ئەو هەڵبژاردنانە هاوپەیمانێتی لەگەڵ جەهەپەدا پێکدەهێنن، لەسەرووی هەمووشیانەوە پارتی باش.
پارتی باش لە ماوەی خۆ پاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بە تیشک خستنە سەر " کاندیدی براوە" بەردەوام نارازی بوون لە خۆ کاندیدکردنی کلیچدارئۆغڵو، هەر بۆیە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان باسیان لە ڕاستی بۆچوونەکەیان دەکرد، چونکە سەرۆکی پارتی باش وەک دووەم گەورەترین پارتی پێکهێنەری هاوپەیمانی میللەت، داوای دەکرد لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاردا ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو ببێتە کاندیدی سەرۆک کۆمار. هەر لەبەر ئەم هۆیە باس لەوە دەکرێت ئیمام ئۆغڵو پێشنیازی کەسی سێیەم بۆ کڵچدارئۆغڵۆ دەکات.

**لێدوانەکانی سەرۆکی جەهەپە هێمایە بۆویستی مانەوە وەک سەرۆکایەتی پارتەکەی تاوەکو هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە بەهاری ٢٠٢٤.**

دەنگۆی ئەوەیش هەیە کە ئیمام ئۆغڵو بەو مەرجەی تاوەکو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە پۆستی

ئێستای بەردەوام دەبێت، کە سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوڵە. کلیچدارئۆغڵۆ-یش لە کۆنگرەدا بۆ پۆستی سەرۆکی جەهەپە کاندید نابێت، بەمجۆرە ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو داوا دەکات جەهەپە لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە بە بەرزکردنەوەی دروشمی "گۆڕانکاری" بەشداری هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکات.

باس لەوە دەکرێت لەم دۆخەدا ئیمام ئۆغڵو دووبارە نابێت بە کاندید بۆ سەرۆکی شارەوانی، دوای هەڵبژاردن دەبێت بە سەرۆکی جەهەپە، یان تەنها بۆ جارێک دەبێت بە کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی، یاخود بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨ لەنێوان کاندیدی سەرۆکی پارتەکەی و کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیادا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت. لە دۆخێکدا ئیمام ئۆغڵو خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید بکات، ئەوا لەوانەیە داوا بکات "بە ئەمانەت پۆستی سەرۆکایەتیی جەهەپە" بدرێت بە کەسێکی نزیک لەخۆی.

ئەگەر کلیچدارئۆغڵو پێشنیازی کەسی سێیەم ڕەد بکاتەوە، ئەوا پێشبینی دەکرێت ئیمام ئۆغڵو سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ئەندام و لایەنگر و ڕێکخستنەکانی جەهەپە ببێت و لەگەڵ کلیچدارئۆغڵودا بچێتە پێشبڕکێی کاندید بوون بۆ سەرۆکایەتیی جەهەپە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ئەندامانەی کۆنگرەوە یەکلایی دەکرێتەوە کە لە کۆنفرانسی لق و ناوچەکانی جەهەپە-دا دەبنە ئەندامی کۆنگرەی پارتەکەیان.

**ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ لەناو ئەو بەرەیەدایە کە دەنگی نارەزیبان هەیە و بڕوایان وایە پێویستە کلیچدارئۆغڵو کۆنگرەی حیزب ئەنجام بدات و بۆ جارێکی دیکە خۆی کاندید نەکاتەوە.**

### ئۆزگور ئۆزێل چی دەکات؟

لە بابەتی کاندیدبوونی ئۆزگور ئۆزێل کە بە نوێنەری کلیچدارئۆغڵو لەناو فراکسیۆنی جەهەپە-دا ئەژمار دەکرێت، ئەو لێدوانەی کە گوتی: "لە بەرپرسیاریەتی ڕاناکەم" لە نێو جەهەپە-دا بووەتە مایەی مشتومڕ.

ماوەیەکی زۆرە باس لەوە دەکرێت کە ئۆزگور ئۆزێل لەناو پارتەکەیدا یەکێکە لە کاندیدە بەهێزەکان بۆ سەرۆکایەتیی ئەو حیزبە، بەڵام لەم ماوەیەدا و بۆ یەکەم جار ئاشکراکردنی نیەتی خۆیی بۆ ڕای گشتی، بە مانای ئەوە دێت ئەگەر گۆڕانکاری لە پۆستی سەرۆکی گشتیدا هەبێت ئەوە منیش ئامادەم. لە کاتێکدا ئەگەر کلیچدارئۆغڵو دووبارە نەبێتەوە بە کاندید، ئەوا وەک ئاماژەیەک وایە بۆ چوونە ناو پێشبڕکێی سەرۆکایەتیی پارتەکەیەوە.

ئۆزێل لە دەستپێکی دواین کۆبوونەوەی فراکسیۆنی جەهەپە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی تایبەت بە فراکسیۆنەکەی بەرامبەر بە کلیچدارئۆغڵو وتی: "لە رابردوودا ئەوانەی لەیەک زویر بوون و دەستی هاوکاریان بۆ یەکتر درێژ نەدەکرد ئاشتت کردنەوە، دەستیانت گەیاند بەیەک. هەوڵە دیموکراسی و دادپەروەریەکانت بەردەوام دەبێت. بەردەوام وەک سەرکردەیەک چەمکەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیت بەرجەستە کردووە، وەکو سەرکردەیەک لە بەردەم هەموومانیدا لە هەوڵەکانت بەردەوام دەبیت". ئۆزێل لە رێگەی دەربڕینی ئەم وتانەوە کاتێک بانگهێشتی کڵچدارئۆغڵوی کرد بۆ وتاردان، جارێکی تر هەڵوێستی خۆیی بۆ پشتیوانی لە کلیچدارئۆغڵو دوپات کردەوە.

**ئەگەر کۆنگرەی جەهەپە پێش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجام بدرێت، ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو لەنێوان کورسی سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستەنبوڵ و کورسی سەرۆکایەتی جەهەپە-دا، تووشی چەقبەستوویی دەبێت و نازانێت کامیان هەڵبژێرێت، چونکە یاسا رێگە نادات کەسێک لە یەک کاتدا هەم سەرۆکی پارتێکی سیاسی بێت، هەم سەرۆکی شارەوانی بێت.**

لینکی بابەتەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:

-https://www.bbc.com/turkce/articles/cn0kd45j7k6o?fbclid=IwAR3VrNiM0nHH8eFuempuN6UpGriwJkjoPn2RTA5shEt44Q-JUh6y8V--WKA

# بۆچی ئۆپۆزسیۆن شکستی هێنا؟

وەرگێڕانی: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر

ئۆپۆزسیۆنی تورکی تەواوی ستراتیژەکەی بەرامبەر ئەردۆگان لەسەر سیاسەتی خزمەتگوزاری بنیاتنابوو، ئەو تێڕوانینە هەڵەی هەبوو کە پێیوابوو بە ڕێبازێک کە لەسەر بنەمای ناسنامە دامەزراوە، سەرکەوتوو دەبێت. وەک چۆن هەڵەکردن لە داخستنی دوگمەی یەکەمی کراسێک دەبێتە هۆی بە هەڵە داخستنی دوگمەکانی دواتر تا کۆتایی، بەو شێوەیەش ئۆپۆزسیۆن لە هەنگاوەکانی داهاتوودا هەڵەکانی یەک لە دوای یەک ئەنجام دەدات.

هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی ئایار جارێکی دیکە بە سەرکەوتنی سەرۆک ئەردۆگان کۆتایی هات. لە ڕاستیدا دوای ئەوەی لە ١٤ی ئایاردا لە خولی یەکەمی دەنگدان ئەوەی ڕوونکردبووەوە کە ئەردۆگان لە خولی دووەمدا بە ئاسانی دەردەچێت. لە کۆتاییدا ئەنجامی چاوەڕوانکراو لە خولی دووەمدا بەدەستهات، کە لە ٢٨ی ئایاردا بەڕێوەچوو و ئەردۆگان دووبارە هەڵبژێردرایەوە.

ئۆپۆزسیۆن کە بە چاوەڕوانی دەرچوونی کاندیدەکەیان کلیچدارئۆغڵو بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد، دوای ئەو ئاماژەیەی کە لە ١٤ی ئایاردا دەرکەوت، تووشی

نائومێدییەکی گەورە بوون، بە گوڕوتینێکی کەمترەوە هاتنە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارەوە.

لە کاتێکدا هەموو ئاماژەکانی پێش هەڵبژاردن بە ئاراستەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەردۆگان بوون، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنە لەم پرسەدا، هەرچەندە بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی سیاسی ئێمە تێنەگەیشتن نییە.

ئۆپۆزسیۆن پشتی بە ماندوێتی چینی فەرمانڕەوا وەک کانزایەک بەستبوو، بەهۆی فەرمانڕەوایی زیاتر لە دوو دەیەی ئاکەپە و ئەردۆگان بە هیوای ئەوەی کۆتاییان پێبێت. جگە لەوەش ئەو گرفتە ئابورییانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا تووشی بوون و ڕووداوەکانی بوومەلەرزەکەی ئەم دواییە پێشهاتگەلێک بوون کە هیوای بە ئۆپۆزسیۆن بەخشی. بۆیە دەکرێت بڵێین لەسەر کاغەز ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەک چووەتە ناو هەڵبژاردنەوە کە لە قازانجی ئەو تەواو بێت, بەڵام کاتێک لە دونیای واقعدا باس لە سیاسەتی ڕاستەقینە دەکرێت، ئەوە دیارترین ڕاستی سیاسەتە کە هەموو ئەو سوودانە نامێنن و شتەکان دەچنە ناو بارودۆخێکی نوێوە. لە ڕاستیدا ئەردۆگان لە ماوەی ٢٠ ساڵ ئەزموونی دەسەڵاتدا، توانای بەڕێوەبردنی هەموو ئەو قەیرانە جیاوازانەی نیشاندا کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ئەردۆگان لە هەموو قۆناغەکانی ئەم پرۆسانەدا، بڕوای بە ڕای گشتی هێنا کە ئەو شێوازەی پێشنیازی کردبوو، دروستە. بەزۆری لەم شێوازەی کە پەیڕەوی لێکردبوو، ئەنجامی ئەرێنی بەدەستهێنا. یەکەم پرس کە ئۆپۆزسیۆن لێیتێنەگەیشت، ئەوەبوو بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەدا سەربکەون، پێویستییان بە وەرگرتنی دەنگ لە ئەردۆگان بوو، کە لە ساڵی ٢٠١٨دا ڕێژەی دەنگەکانی لە ٥٢٪ نزیک بووەوە. هاوپەیمانی میللەت گریمانەی ئەوەی دانابوو کە دەنگدەرانی نارازی بە هۆکاری جیاواز ڕاستەوخۆ ڕوو لەوان دەکەن. یەکگرتنی هەموو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان، لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە دژی ئەردۆگان، ئەو چاوەڕوانییەی زیاتر کردبوو کە ئەنجامەکە لە بەرژەوەندیی ئەوان بێت. لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا ڕوونبووەوە ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا دەدۆڕێت. هێزە ئۆپۆزسیۆنەکەی بەرامبەر ئەردۆگان کە تەواوی ستراتیژەکەی لەسەر سیاسەتی خزمەتگوزاری بنیاتنابوو، ئەو تێڕوانینە هەڵەی هەبوو کە پێیوابوو بە ڕێبازێک کە لەسەر بنەمای ناسنامەکان دامەزراوە، سەرکەوتوو دەبێت. وەک چۆن هەڵەکردن لە داخستنی دوگمەی یەکەمی کراسەکە دەبێتە هۆی بە هەڵە داخستنی دوگمەکانی دواتر تا کۆتایی، بەو شێوەیەش ئۆپۆزسیۆن لە هەنگاوەکانی داهاتوودا هەڵەکانی یەک لە دوای یەک ئەنجام دەدا.

**مشتومڕ لەسەر کاندیدبوون**

ئۆپۆزسیۆن کاتێکی زۆری بەسەر برد بۆ مشتومڕ لەسەر ئەوەی کاندیدی هاوبەش کێ دەبێت و نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک. لە کۆبوونەوە شەش قۆڵییەکاندا کە ساڵێک لەمەوبەر دەستیپێکرد، لە ڕاستیدا بە ڕای گشتی دەگوترا کاندیدەکە دیارە، بەڵام ڕانەگەیەنرا بۆ ئەوەی ماندوو نەبێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان، ئەوە ڕوون بووەوە کە لە ڕاستیدا کلیچدارئۆغڵو سەرنجی لەسەر کاندیدبوونی خۆی بووە، لە کاتێکدا هاوبەشەکانی دیکەی هاوپەیمانێتییە شەش قۆڵییەکە، بە تایبەت پارتی باش، بەم قسەیە ڕازی نەبوون. بە ڕادەیەک کە لە کاتێکدا هەموو تورکیا باسی بومەلەرزەکەی ٦ی شوباتی دەکرد، ئۆپۆزسیۆن سەرنجی لەسەر ئەوە بوو کێ کاندید دەکرێت. لە ئەنجامدا کاتێک کاندیدێکی وەک کلیچدارئۆغڵو کە بە ماندوو و ناسراوە، وەک بەربژێری هاوبەشی هاوپەیمانێتییەکە دیاریکرا، نەتوانرا بۆ کۆمەڵگا ڕوونبکرێتەوە بۆچی چاوەڕوانی ئەوەندە درێژەی کێشا. ئۆپۆزسیۆن بە مشتومڕی کاندیدەکان کاتێکی زۆری بەفیڕۆدا. جگە لەوەش ئەو ناوەی کلیچدارئۆغڵو کە لە دوایین قۆناغدا ئاماژەی پێکرا، نائومێدییەکی جددی لە دەنگدەرانی هاوپەیمانی میللەتی لێکەوتەوە, چونکە بە درێژایی مشتومڕەکانی کاندیدبوون، چاوەڕوانییەک لە نێو دەنگدەرانی هاوپەیمانی میللەت بە جەهەپە-یشەوە هەبوو, کە کاندیدێکی دیکە جگە لە کلیچدارئۆغڵو دیاری بکرێت. دژایەتی کاندیدکردنی کلیچدارئۆغڵو ئەوەندە بەهێز بوو کە میرال ئاکشەنەر سەرۆکی دووەم گەورەترین پارتی هاوپەیمانی میللەت (پارتی باش) بە بیانووی ئەوەی کڵچدارئۆغڵۆ بە سەریاندا سەپێنراوە، ئامادەبوو هاوپەیمانیەتە شەش قۆڵیەکە کەرت بکات. گەڕانەوەی ئاکشەنەر بۆ سەر مێزە شەش قۆڵیەکە نەیتوانی ئەو زیانانە قەرەبوو بکاتەوە کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕوویدا. وەک لێرەوە تێدەگەین ئۆپۆزسیۆن نەیتوانی ناوێکی نوێ دابنێت کە بتوانێت دەنگی جەماوەری جیاواز بۆخۆی بەدەستبهێنێت. بێگومان لە ئەگەری دیاریکردنی کاندیدێکی جیاوازدا، ناتوانرێت پێشبینی بکرێت کە چۆن وێنەیەکی جیاواز لە ١٤ی ئایارەوە سەرهەڵدەدات. بەڵام هەر لە سەرەتاوە زانرا کە سنوورێک بۆ ئەو دەنگانە هەیە کە کلیچدارئۆغڵو دەتوانێت بەدەستیبهێنێت. یەکێک لە ئاماژە هەرە گرنگەکانی ئەم بانگەشەیە ئەوەیە کە کلیچدارئۆغڵو ماوەی ١٣ ساڵە نەیتوانیوە لە هیچ هەڵبژاردنێکی گشتیدا بۆ کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا زیادبوونی بەرچاوی دەنگەکان بەدەستبهێنێت. لەوەش سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە ئەردۆگان بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێکە

دەیەوێت کلیچدارئۆغڵو وەک ڕکابەرێک لە هەڵبژاردنەکاندا دەربکەوێت. ئەردۆگان وەک سیاسەتمەدارێکی شارەزا و لێهاتوو، خەریک بوو کۆدە جیناتییە سیاسییەکانی کلچدارئۆغڵو-یشی دەکردەوە و زۆرباش دەیزانی ئەگەر وەک ڕکابەرێک ڕووبەڕووی ببێتەوە، دەتوانێت بە ئاسانی لێیبباتەوە. لێرەدا بە کردنەوەی کەوانەیەک دەتوانین بڵێین کە کاندیدکردنی کەسێکی تر جگە لە کلیچدارئۆغڵو هیچ گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی هەڵبژاردنی ئەردۆگاندا دروست ناکات, چونکە هەموو ئەو ناوانەی لە قۆناغی یەکەمدا باسکراون لە ڕاستیدا دەکەونە ناو ئەو لاوازیانەی کە لە خوارەوە باسیان دەکەین, لەبەرئەوەی ئەوان کاندیدی هاوبەشی هاوپەیمانی بوون. سەرۆک شارەوانییەکانی وەک ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو (سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ) و مەنسور یاڤاش (سەرۆکی شارەوانی ئەنقەرە), کە لەلایەن ئاکشەنەرەوە ناویان هێنراوە، خاوەنی ئەزموونێکی جددی سیاسی نین. سەرکەوتنی ئەمانە لە حکومەتە خۆجێیەکان تەواو گوماناوییە, کە بەهۆی هاوپەیمانێتییەوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩دا بەدەستیانهێناوە، بەرەو سیاسەتی سەرەکی و جگە لەوەش، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی درێژە پێبدەن. پێدەچێت دوای هەڵبژاردنەکان بەشێک لە بلۆکی ئۆپۆزسیۆن دەست بە پڕوپاگەندە بکەن, بۆ ئەوەی کە کلیچدارئۆغڵو کاندیدێکی گونجاو نەبوو. لە بەرامبەردا لایەنی کلیچدارئۆغڵو هۆکارەکانی شکستەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوبەشەکانی دیکەی هاوپەیمانێتیەکە بەپێی پێویست کاریان بۆ سەرخستنی کاندیدەکەیان نەکرد.

**ئۆپۆزسیۆن هەر لە یەکەم هەنگاوەوە بە هەڵە دەستیپێکرد، وەک چۆن هەڵەکردن لە داخستنی دوگمەی یەکەمی کراسێک دەبێتە هۆی بە هەڵە داخستنی دوگمەکانی دواتر تا کۆتایی، بەو شێوەیەش ئۆپۆزسیۆن لە هەنگاوەکانی داهاتوودا هەڵەکانی یەک لە دوای یەک ئەنجامدەدا.**

### پڕوپاگەندەی نەرێنی

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ئۆپۆزسیۆن پێی باشتر بوو پڕوپاگەندەیەکی نەرێنی ئەنجام بدات. هەروەها پێویستە لێرەدا هێما بۆ سەرکەوتنێکی ستراتیژیی هەڵمەتەکەی ئەردۆگان بکرێت. پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆک ئەردۆگان تورکیایان لە زۆر بابەتدا بردووەتە سەر هێڵێکی دیکە، بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژێرخانی ئابووریدا. ئاشکرایە ئەم مەودایەی دەنگدەران کە ئاگاداریی ئەو کێشانەن وڵات لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە پێیدا تێدەپەڕێت, مانایەکی تایبەتی

خۆی هەیە. لە ڕاستیدا ئەوە جەماوەر و دەنگدەرە بیست ساڵە پارتی داد و گەشەیان لە دەسەڵاتدا هێشتووەتەوە, بەڵام ڕوونە ئەم بەراوردکردنە لەگەڵ ڕابردوودا بۆ گەنجان مانای زۆری نییە، کە ئێستا دەگەنە نیوەی دەنگدەرانی گشتی. هەر بەو هۆیەشەوە پارتی داد و گەشەپێدان نمونەی "سێوی سوور" (فرۆکەی بێفرۆکەوانی)ی بۆ گەنجان زیندوو کردووەتەوە. سەرمەشقبوونی تورکیا وەک زلهێزێکی جیهانی لە ساڵانی داهاتوودا، هاوشێوەی سەرمەشقبوونی لە مێژوودا، زۆر بە باشی بۆ ڕای گشتی ڕوونکراوەتەوە. ئەم بانگەشەیە پاڵپشتی ئەو هەڵمەت و هەنگاوە دیپلۆماسیانە بوو کە لە بوارە جیاوازەکاندا بە تایبەت لە پیشەسازی بەرگریدا گیراونەتەبەر. بەم شێوەیە بەڵێنی ئایندەیەکی باشتر لەڕێگەی زیندووکردنەوەی شانازی نەتەوەییەوە پێشکەش بە هەموو چین و توێژەکان بە تایبەت گەنجان کرا. لە بەرامبەردا ئۆپۆزسیۆن هەوڵیدا کۆمەڵگا پاڵ بنێت بەرەو دۆخێکی ڕەشبینییەوە. لە کاتێکدا زۆرێک لە نازناوەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی کەشتی و فڕۆکەی نیشتمانی لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیشەوە شانازی کۆمەڵگایان بەرزکردەوە، ئۆپۆزسیۆن هەوڵی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی ئەم پێشکەوتنانەی داوە. ئەگەر زیاتریش بڕۆین، دەستکەوتەکانی تورکیا لەڕێگەی هەنگاوە دیپلۆماسییەکانەوە بە کەم سەیر کران. هاوپەیمانی میللەت سەرنجی لەسەر ڕەخنەگرتن لە پێشهاتەکانی ئێستا بوو نەک پێشبینییەکانی داهاتووی خۆی. ئەم دۆخە دەنگدەرانی هاوپەیمانی کۆمار-ی کۆکردەوە، نەک تەنها بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە ئاکەپە، بەڵکو بۆ چەسپاندنی زیاتریشی. لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەو پشتیوانییەی کە لە شەڕی قەرەباخدا پێشکەشی ئازەربایجان کرا، ڤیتۆی ئەندامێتی سوید لە ناتۆ، پرسی ڕەفەی کیشوەری لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و پرسی قوبرس، وتەبێژانی ئۆپۆزسیۆن لێدوانیان دژی سیاسەتەکانی ئێستای تورکیا دا. بەڵام هەر یەکێک لەو سیاسەتانە بەگشتی لەلایەن دەنگدەرانەوە پاڵپشتی دەکرا، بە بێ گوێدانە پەیوەندییە سیاسییەکانیان. هەرچەندە ڕوونە کە ئەم پەیامانە مەبەست لێی ئەوەیە کە بە جیهانی ڕۆژئاوا بگەیەنرێن، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر بیروڕای گشتی ناوخۆیی نابێت، بە تایبەت ئەندامانی جەهەپە بە بەردەوامی دەستبەرداری ئەم ڕێبازە نەبوون. بەجۆرێک لە جۆرەکان پشتیوانی جیهانی ڕۆژئاوا لە چاو هاوتا سیاسییە ناوخۆییەکەی گرنگییەکی زیاتری پێدرا.

### کێشەی متمانە

ئەردۆگان بە پرۆژەی گەورەوە هاتە ناو ململانێ و بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە.

بە تایبەت لە دواییین قۆناغی حکومەتی ئاک پارتی-دا، لە زۆر بواردا خێراتربوونی بەرچاو بەدیهاتووە، لە نێویاندا بەرهەمی ناوخۆیی و نیشتمانی و هەروەها دۆزینەوەی سەرچاوەی وزەی نوێ. لە لایەکی دیکەوە دەرکەوت کلیچدارئۆغڵو هیچ پرۆژەیەکی کۆنکرێتی و واقیعی پێنەبووە. کلیچدارئۆغڵو بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو ٣٠٠ ملیار دۆلارەی لە دەرەوە دەیهێنێت، تەواوی کێشە ئابوورییەکانی وڵات چارەسەر دەکات، بەڵام کاتێک پرسیاری ئەوەی کە ئەم پارەیە لە کوێ و بە چ مەرجێک دەدرێت دەستپێکرد، لەناکاو ئەم پرۆژەیە وازلێهێنرا. لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵێک بەڵێن درابوو، کە هەندێکیان لە دووەم جاردا تەنانەت باسیشیان نەکرا. بۆیە لە ڕاستیدا دەنگدەران هیچ زانیارییەکیان نەبوو سەبارەت بەو سیاسەتانەی لە ئەگەری دەرچوونی کلیچدارئۆغڵو لە کاتی دەسەڵاتیدا دەبێت پەیڕەو بکرێن. جگە لەوەش نەتوانرا یەکگرتوویی گوتار لەنێوان هاوبەشەکانی هاوپەیمانێتیەکەدا بەدی بهێنرێت و گوتاریکی هاوبەش پێشکەش بکرێت. بەجۆرێک سەرەڕای کۆبوونەوە درێژخایەنە شەش قۆڵییە هاوبەشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ، دیار نەبوو لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەت چ ئاراستەیەک پەیڕەو دەکەن. لە ڕاستیدا بە نزیکەیی هەموو لایەنێک بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا قسەیان دەبێت. ئەم لێدوانە دژبەیەکانە متمانەی هاوپەیمانی میللەتی لەناوبرد. هەمان هەڵوێستی دژبەیەکی ناو هاوپەیمانێتیەکە لە زۆر بابەتی دیکەدا خۆی دەرخست، بەتایبەتی لە شەڕی دژی تیرۆر و پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەدا. نەبوونی یەکگرتوویی گوتار لەنێوان هاوبەشەکانی هاوپەیمانێتی میللەتدا، یەکێک بوو لەو هۆکارانەی وای دەنگدەرانی بێ بڕیار کرد ڕوو لە ئەردۆگان بکەن.

**ساڵێکی ڕەبەق دوای نزیکەی ٤٠ کۆبوونەوە بەرەی ئۆپۆزسیۆن ڕێک نەکەوتن لەسەرکاندیدێکی هاوبەش بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.**

## دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ هێڵی هەدەپە پەکەکە-دا

هاوپەیمانی میللەت نەیتوانی چوارچێوەی ئەو هەماهەنگییەی لەگەڵ هەدەپە دامەزرا و چۆن سەیری پەیوەندیی هەدەپە و پەکەکە دەکات بۆ ڕای گشتی ڕوون بکاتەوە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی ڕوونتر بڵێین، لەسەر ئەم پرسانە هەوڵی یاریکردن بە کۆمەڵگا درا. لە هەندێک بارودۆخدا باسی ئەوە دەکرا هەدەپە لەگەڵ ئەواندا مامەڵەی نەکردووە, لە هەندێک حاڵەتی دیکەشدا بانگەشەی ئەوە دەکرا کە

هیچ پەیوەندییەکی سەلمێنراو لەنێوان هەدەپە و پەکەکەدا نەبووە. هەر لە سەرەتاوە دەبوو کلیچدارئۆغڵو پشتیوانی هەدەپە بۆخۆی دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی لە بەربەستی هەڵبژاردن نزیک بێتەوە. لە ڕاستیدا فاکتەری سەرەکی دیاریکەر کە وایلێکرد ببێتە کاندیدی هاوپەیمانی میللەت، پشتیوانی هەدەپە بوو، بەڵام کاردانەوەکانی دەنگدەرانی هاوپەیمانێتییەکە، بەتایبەتی بەشێک لە ئەندامانی پارتی باش، نەیانهێشت ئەم هاوکارییە بە ئاشکرا قەبوڵ بکرێت. لێدوانە دژبەیەکەکانی هاوبەشەکانی هاوپەیمانی میللەت، پرسیار و کاردانەوەی لەسەر چۆنیەتی سەوداکردن لە بەرامبەر ئەو پشتیوانییەی کە لە هەدەپە و پەکەکە وەرگیرابوو، وروژاند. پەکەکە تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتی کرداریی لە تورکیادا لەدەستدا، هەمان پرۆسەی بۆ مەبەستی پروپاگەندە بەکارهێنا. سەرکردەکانی پەکەکە بە پێدانی پەیامی ڕوون بۆ پشتیوانی لە کلیچدارئۆغڵو لە دژی ئەردۆگان هەڵوێستەکانیان خستەڕوو. بەم شێوەیە لێدوانە پێچەوانەکانی جەهەپە و پارتی باش مانایان لەدەستدا. جگە لەوەش لە ترسی ئەوەی لێرە پشتیوانی لەدەستبدەن، هاوبەشەکانی هاوپەیمانی میللەت خۆیان لە لێدوانی نالەبار سەبارەت بە نەک هەر هەدەپە، بەڵکو پەکەکە بەدوور گرت. تەنانەت لەژێر ئەو مەرجانەشدا هاوبەشەکانی هاوپەیمانێتیەکە کە سەرچاوەی سەرەکی پاڵنەریان دژایەتی ئەردۆگانە، دەنگیان بە کلیچدارئۆغڵو دا، بەڵام پاڵپشتی هەدەپە و پەکەکە ڕێگری لە گەیشتن بە دەنگدەرانی نوێ کرد.

**کاتێک پرسیار لە کلیچدارئۆغڵو دەکرا دەربارەی چۆنێتی جێبەجێکردنی پرۆژە خەیاڵییەکانی ، وەڵامێکی بڕوا پێهێنەری پێ نەبوو.**

## چارەنووسی شکست

لە هەردوو هەڵبژاردنی ١٤ ئایار و ٢٨ ئایاری ٢٠٢٣، ئۆپۆزسیۆن جەماوەری خۆیان بردە سەر سندوقی دەنگدان و وایانلێکردن دەنگ بدەن. بەڵام ئەوەی دەبوو بکرێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بن، ئەوە بوو کە بەشێک لەو دەنگدەرانەی پێشتر دەنگیان بە ئەردۆگان دابوو، بچنە بەرەی ئەوانەوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن وەک ئەوەی ئاگاداری واقیعێکی لەو شێوەیە نەبن مامەڵەیان کرد. ئەم هەڵمەتە کە لەسەر دوژمنایەتییەکی سەرسەختی ئەردۆگان بەڕێوەچوو، ڕێگە خۆشکەربوو بۆ ئەوەی کلیچدارئۆغڵو بتوانێت دەنگدەرانی ئۆپۆزسیۆن لە دەوروبەری خۆیدا جێگیر بکات. بە شێوەیەکی ڕونتر باسی بکەین، هاوپەیمانی میللەت و کلیچدارئۆغڵو

نەیانتوانی پڕۆژەیەکی گشتگیر پێشکەش بە دەنگدەران بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە دەکرێ بڵێین کە ئەنجامی هەڵبژاردن هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو. بێگومان زۆر ئەستەمە لە هەموو بارودۆخێکدا سەرکەوتن بەرامبەر سەرکردەیەکی بەهێزی وەک ئەردۆگان بەدەستبهێنرێت. بۆ ئەمەش پێویستە ستراتیژیەتێک دابڕێژرێت کە ئۆپۆزسیۆن بتوانێت هەموو شتێک بە باشی ئەنجام بدات، جگە لەوەش دەبێت چاوەڕێی فاکتەرگەلێکی تر بکات لە دەرەوەی خۆی تا لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بهێنێت. کاتێک ئۆپۆزسیۆن کە هەر لە سەرەتاوە تەنانەت نەیتوانی بەسەر دژیەکییەکانی ناوخۆیاندا زاڵبن، شکست بەرامبەر سەرۆک ئەردۆگان کە جارێکی دیکە پرۆسەکەی بە دروستی بەڕێوەبرد، بوو بە قەدەر.

**ئۆپۆزسیۆن و خودی کلیچدارئۆغڵو لە بابەتی پشتیوانی هەدەپە-دا هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵگەیان دەدا. لە هەندێک بارودۆخدا باسی ئەوە دەکرا هەدەپە لەگەڵ ئەواندا مامەڵەی نەکردووە, لە هەندێک دۆخی دیکەشدا بانگەشەی ئەوە دەکرا کە هیچ پەیوەندییەکی سەلمێنراو لەنێوان هەدەپە و پەکەکەدا نەبووە.**

لینکی بابەتەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت
-https://kriterdergi.com/dosya-siyaset-ve-2023-secimleri/muhalefet-neden-kaybetti

# داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەدوای سەرکەوتنی ئەردۆگان

وەرگێڕانی: بروسکە عەبدول

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٣دا یەکەمین کۆبوونەوەی حکومەتەکەی ئەنجامدا.

دوای ئەوەی لە ٣ی هەمان مانگدا سوێندی یاسایی وەک سەرۆک کۆماری وڵاتەکەی خوارد، بیست و یەک سەرۆکی دەوڵەت، ١٣ سەرۆک وەزیران، دەیان کەسی بیانی و ژمارەیەک سەرۆکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی ئەردۆگان لە کۆشکی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئەنقەرە کرد.

ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیایە، ئەردۆگان لە وتارێکیدا بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا بەڵێنی دا، دیدگای "سەدەی تورکیا" بەدیبهێنێت. هەروەها "تورکیا بکاتە ئەستێرەیەکی گەشاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی لەسەر بنەمای نزیکبوونەوە لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکان، کەمکردنەوەی هەڵاوسان و دووبارە بنیاتنانەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی بومەلەرزەکە".

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەنقەرە ڕەوتی نزیکبوونەوەی ئاشتەوایی ناوچەیی تەواو

دەکات. هەروەها لە قۆناغی داهاتوودا لەسەر نێوەندگیری لە قەیرانە نێودەوڵەتییەکان و هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکان بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی کاردەکات.

**ڕەوتە سەرەکییەکان**

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دوای دەستبەکاربوونی لە وتارەکەیدا ڕوونیکردەوە، "ئامانجمان دامەزراندنی پشتێنەیەکی ئاسایش و ئارامییە لە دەوروبەرمان، لە ئەوروپاوە بۆ دەریای ڕەش، لە قەفقاز و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ باکووری ئەفریقا". بەم شێوەیەش چەمکی "پشتێنەی ئاسایش" یان "ناوچە ئاسایشەکان" وەک دیاریکەرێک لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دەردەکەوێت، ئەم دیدەش بۆ یەکەمجار لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ ئازەربایجان لە ٣ی تەمموزی ٢٠٢١ خرایەڕوو، کە تیایدا ئەردۆگان دووپاتی کردەوە "ئەنقەرە بۆ پاراستنی خۆی ناوچەیەکی ئارام دادەمەزرێنێت و ناگۆرنۆ قەرەباخ یەکێک دەبێت لە پێکهاتەکانی و ئەگەر تورکیا لە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئاسایش و بەهێز لە دەرەوەی سنوورەکانی شکستی هێنا، ئاسایش و خۆشگوزەرانی وڵاتەکەمان لەناو خاکەکەی خۆمان نابێت, ئەمەش لەسەر داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕەنگدانەوەی دەبێت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی "پراگماتیک"یانە بیردەکاتەوە".

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە کۆمەڵێک ئاراستەی سەرەکییەوە دەبەسترێتەوە, کە لەمانەی خوارەوەدا ڕەنگدەداتەوە:

١.بەهێزکردنی لێکنزیکبوونەوەی عەرەب و تورکیا: ئەردۆگان نیازی خۆی بۆ ئەنجامدانی حەج لەمساڵدا ڕاگەیاند، دواتر گەشتێکی کەنداو ئەنجامدەدات. هەروەها بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری لە تورکیا، سەرنجی لەسەر پتەوکردنی هاریکاری ئابووری و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشە لەگەڵ سعودییە و ئیمارات, کە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا ١٥ ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێت. هەروەها ڕەنگە ئەنقەرە بنکەی سەربازی خۆی لە قەتەر بە نێوەندگیری ڕوسیا فراوانتر بکات، ڕێکارەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا دەستپێبکات، ئەمە سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەنقەرەش پشتگیری لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ دەکات لە لیبیا و لە هەمانکاتدا بوونی ئابووری و سەربازی خۆی لە تەڕابلوس دەپارێزێت. پێشبینی دەکرێت پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی "هێڵی بازرگانی ستراتیژی" لە بەسرە لە باشووری عێراقەوە بۆ تورکیا پەرەبستێنێت، کە ئەگەر تەواو

ببێت دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووری لە ناوچەکەدا. هەروەها ئەنقەرە چارەسەری ""قەیرانی ئاو" لە عێراق دەکات، ئەویش لەڕێگەی ڕێککەوتنی تایبەت لەگەڵ بەغداد، ئەمە جگە لەوەی ڕەنگە ئەنقەرە پێشنیازی نێوەندگیری بکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداد و هەولێر، ڕەنگە ئەردۆگان دەستوەردانە سیاسییەکانی خۆی لە کاروباری ناوخۆی هەندێک وڵاتی عەرەبی قەیرانەکان نوێبکاتەوە، وەک (تونس، لوبنان, یەمەن), بە شێوەیەکی کەمتر بەراورد بە قۆناغی پێشوو توند بێت. لە لایەکی دیکەوە ئەنقەرە پشتگیری لە هەموو دەستپێشخەرییەکانی کەنداو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە سودان و لیبیا و یەمەن دەکات.

٢.تەواوکردنی ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و میسر: عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنەکەی، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی ئەردۆگان کرد، دواتر پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بە ئەردۆگان-ەوە کرد، لەو میانەیەدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دەستبەجێ دەست بەئاڵوگۆڕی باڵیۆزەکانی نێوان ئەنقەرە و قاهیرە بکەن, کە دە ساڵ لەمەوبەر کێشرابوونەوە، ڕەنگە بۆ تاوتوێکردنی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ئەنقەرە و قاهیرە خولی نوێی دانوستان لەنێوان هەردوو وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵاتدا ئەنجام بدرێت، کە لە پێشەنگییاندا دۆسیەی لیبیا و دیاریکردنی سنوورەکانە لەنێوان تورکیا و حکومەتی تەڕابلوس, کە بە یاداشتێکی یاسایی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٩ قاهیرە ناڕەزایی لەسەر دەربڕی، جگە لە داواکاری تورکیا بۆ بەشداریکردن لە کۆڕپەندی غازی ڕۆژهەڵات و ناڕەزایاتییەکانی میسر لەسەر بۆردومانی بەردەوامی باکووری سوریا و عێراق، پێشبینیش دەکرێت تا کۆتایی ئەمساڵ ئەردۆگان سەردانێکی قاهیرە بکات.

٣.پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران: بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیا لە کۆمەڵێک دۆسیەدا یەکتر دەبڕن. لەوانەش: (سوریا، عێراق، ئازەربایجان، ئەرمینیا، ئاسیای ناوەڕاست و پرسی فەلەستین)، جگە لە ڕکابەریی ئایینی و کولتووری نێوانیان، سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، پێشبینی دەکرێت ئەنقەرە و تاران بەردەوام بن لە بەردەوامیدان بە گفتوگۆی نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، وەک ئەوەی لە دۆسیەی سوریادا ڕوویدا، لەو شوێنەی هەردوو وڵات لەگەڵ ڕوسیادا بەشداری "گفتووگۆکانی ئاستانە"یان کرد, بۆ ئەوەی لەسەر هاوبەشیکردنی نفوزی سیاسیان لەو ناوچانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان ڕێکبکەون, ڕێگری

لە سوودوەرگرتن لە جیاوازییەکانی نێوانیان لەلایەن زلهێزەکانی دیکە بۆ درێژکردنەوەی هەژموونی خۆیان لەم ناوچە گرنگانەدا بکەن. هەروەها وا چاوەڕوان دەکرێت بۆردومانی تورکیا و ئێران بۆ سەر بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک) دووبارە ببێتەوە، ئەم دوو پارتە لە لایەن ئەنقەرە و تارانەوە بە تیرۆریست پۆلێنکراون. لەلایەکی دیکەوە پێشبینی دەکرێت هەردوو وڵات بەردەوام بن لە بەرزکردنەوەی هاوکارییە ئابوورییەکانی نێوانیان، کە بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی "٨" خاڵی لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆ بەرزکردنەوەی هاریکاری ئابووری و بەرگریی نێوان هەردوولا واژۆکرا. لەگەڵ ئەمانەشدا هەردوو وڵات خواستی خۆیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان بۆ ٣٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا ڕاپاگەیاند.

**بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک و نوێنەری وڵاتانی جیهان لە ئاستێکی باڵادا لە مەراسیمی سوێندخواردنی ئەردۆغاندا، ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیایە.**

٤.جێبەجێکردنی دیدگای ٢٠٤٠ لە ئاسیای ناوەڕاست: سەرۆکی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست دوای سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی تورکیا، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی ناوبراودا کرد. ئەم وڵاتانە تورکیا وەک مۆدێلی وڵاتێکی پێشکەوتوو دەبینن، کە پێویستە لە چوارچێوەی دامەزراوەی "ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان" چاوی لێبکرێت، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە و لە هەریەک لە وڵاتانی (تورکیا، ئازەربایجان، کازاخستان، قیرغیزستان و ئۆزبەکستان) و دوو دەوڵەتی چاودێر کە بریتین لە تورکمەنستان و هەنگاریا پێکدێت. هەروەها پێشبینی دەکرێت ئەردۆگان بۆ جێبەجێکردنی (دیدگای جیهانی تورکیا ٢٠٤٠) پەرۆش بێت، کە ١٢٠ ئامانجی گەورە بۆ هاریکاریی نێوان وڵاتانی ڕێکخراوەکە لە زۆر بواری جیاجیادا لەخۆدەگرێت. بێجگە لەمانەش ئەردۆگان کار لەسەر جێبەجێکردنی "ستراتیژی پێنج ساڵە" (٢٠٢٢-٢٠٢٦)بۆ ئاسانکاری گومرگی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا دەکات. لەلایەکی دیکەوە تورکیا کار لەسەر بەهێزکردنی پێگەکەی دەکات، تا ببێت بە "گوزەرێکی جیۆستراتیژی" بۆ سەرچاوەی وزە و کاڵا لەو وڵاتە قەتیسخواردووانە بۆ کیشوەری ئەوروپا، ئەمەش لەڕێگەی گوزەرگاکانی: هێڵی ئاسنی "باکۆ-تیفلیس-قارس" کە

ئازەربایجان، جۆرجیا و تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەردوو پرۆژەی "ڕێڕەوی غازی باشوور" و "هێڵی دۆستایەتی" لەنێوان تورکیا و ئازەربایجان و تورکمانستان. لەلایەکی دیکەوە ئەردۆگان کار لەسەر بەهێزکردنی پێگەی ئەو ڕێکخراوە دەکات بۆ ئەوەی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا بیکات بە "یەکێتی تورکی".

٥.درێژکردنەوەی بوونی خۆی لە باشووری ئاسیا: تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پاکستان و هیندستان هەیە، بزووتنەوەی تاڵیبان-یش دوای سەرکەوتنی ئەردۆگان پەیامی پیرۆزبایی ئاراستەی ناوبراو کرد، لە قۆناغی داهاتووشدا ئەنقەرە هەوڵدەدات هاوکارییەکانی لەگەڵ پاکستان لە ئاستی ئابووری و سیاسیدا بپارێزێت و لەگەڵ هیندستانیش جیاوازییەکانی نێوانیان جڵەو بکات، دوای لایەنگری تورکیا لە ئیسلام ئاباد لە پرسی کشمیردا. هەروەها ئەنقەرە کار بۆ زیاترکردنی دەستوەردانەکانی لە پرسی ئەفغانستاندا دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمپانیا تورکییەکان لە بەڕێوەبردنی هەندێک کەرت لە فڕۆکەخانەی کابوڵ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، هەروەها ڕۆڵی خۆی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان پێشنیاز دەکات، ئەمەش پێگەی ئەنقەرە لە لای واشنتۆن بەهێزتر دەکات بەو پێیەی وەک بریکاری ئەمریکا کار لە ئەفغانستان دەکات.

٦.جڵەوکردنی ساردی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین: دوو ساڵی ڕابردوو ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پەکین و ئەنقەرەی بە خۆیەوە بینی، ئەمەش دوای ڕەخنەی بەردەوامی تورکیا لە پێشێلکارییەکانی چین بەرامبەر بە کەمینەی موسڵمانی "ئیغور"ەکان لە تورکستانی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە هات. هەروەها بەهۆی زیادبوونی ململانێکانی تورکیا و چین لەسەر دروست کردنی کاریگەریی لە ئاسیای ناوەڕاست، ئەمە جگە لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە سوریا. پەکین ئامادە نەبوو پێشوازیی لە بەشداریکردنی تورکیا وەک ئەندام لە "ڕێکخراوی شەنگەهای" بکات، سەرەڕای ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر پەیوەستبوونی ئێران بەو ڕێکخراوەوە، ڕەنگە ئەم دۆسیە مشتومڕاوییانە بەردەوامی بێت، بەڵام ئەنقەرە کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەم جیاوازییانە دەکات بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتە ئابوورییانە وەربگرێت کە پەکین بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان پێشکەشی دەکات، سەرباری ئەوە پاراستنی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ پەکین، کارتێکی بەهێز بە ئەنقەرە دەبەخشێت بۆ دانوستان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی واشنتۆن.

٧.بەکارهێنانی هێزی نەرمی ئەنقەرە لە باڵکان: ئەردۆگان لە دەیەی ڕابردوودا لە بەهێزکردنی کاریگەریی خۆی لە باڵکان

سەرکەوتوو بوو (مۆنتینێگرۆ، ئەلبانیا، کۆسۆڤۆ، بۆسنە و هەرزەگۆڤین، کرواتیا، سربیا و باکووری مەقدۆنیا) بە بەکارهێنانی هێزی نەرم و میراتی عوسمانی، زیندووکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بینا و مزگەوتە مێژووییە ئیسلامییەکان و پشتبەستن بە کەمینە تورکەکان لە ناوچەکەدا، کە لە ئێستادا نوێنەرایەتیان لەناو لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، هەروەها بەشداری لە حکومەتەکانی بولگاریا و ئەلبانیا و کۆسۆڤۆدا کردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەنقەرە خوێندنگە و ناوەندەکانی فێرکردنی زمانی تورکی لەو وڵاتانە دامەزراندووە، پێشبینی دەکرێت تورکیا درێژە بەم سیاسەتە بدات و لەڕووی سەربازییەوە بوونی خۆی بەهێز دەکات، دوای ئەوەی وەک ئەندامی ناتۆ یەکەیەکی تورکی پێکهاتوو لە (٥٠٠) سەرباز بۆ کۆسۆڤۆ بۆ پاراستنی ئاسایش نارد، ئەمەش دوای دووبارە سەرهەڵدانەوەی قەیرانی نەتەوەیی هات لەو ناوچەیە، بەم شێوەیە ئەنقەرە هاوکارییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەهێزتر دەکات و خۆی وەک ناوبژیوانێک نیشان دەدات بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کۆسۆڤۆ و قەیرانی دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان لە باڵکان.

٨.سەرەتای لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و یۆنان: لە ماوەی ڕابردوودا سەرەڕای خراپتربوونی ناکۆکییەکانی نێوان ئەنقەرە و ئەسینا، لە ساڵی ڕابردوو بینەری نزیکبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە بووین دوای دەستپێشخەرییەکەی یۆنان بۆ ناردنی هاوکاریی مرۆیی بۆ تورکیا، دواتر وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی سەردانی ئەنکەرەی کرد و "کیریاکۆس میتسۆتاکیس" سەرۆکوەزیرانی یۆنان داوای لە ئەنقەرە کرد کێشەکانی نێوانیان چارەسەربکەن، ئەمەش لەلایەن ئەردۆگانەوە لە وتارەکەی دوای سەرکەوتنی سەبارەت بە نزیکبوونەوە لەگەڵ هەموو لایەنە دەرەکییەکان پشتڕاستکرایەوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت دانوستانەکانی نێوان ئەنقەرە و ئەسینا دەستپێبکاتەوە، کە تائێستا ٦٢ گەڕی بەڕێوەچووە. هەروەها ڕەنگە خولێکی نوێیش بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداری تورکیا و یۆنان لەسەر یەکخستنەوەی هەردوو بەشەکەی دوورگەی قوبرس بەڕێوەبچێت، لە هەمانکاتدا ئاستی ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان هەردوو وڵات بەرزتر بکرێتەوە و هەماهەنگی لە سنوورەکاندا بۆ ڕێگریکردن لە پەڕینەوەی پەنابەران لە تورکیاوە بۆ یۆنان دەستپێبکات، ئەمە جگە لەوەی بوونی سەربازی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کەم دەکرێتەوە, بەڵام بەهۆی فرەچەشنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەنقەرە و ئەسینا پێشبینی ئەوە ناکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە چارەسەر بکرێن، چونکە پرسەکان لایەنەکانی تریش دەگرێتەوە،

بۆ نموونە یۆنان نارازییە بەرامبەر بە یاداشتەکەی تورکیا بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لەنێوان تورکیا و لیبیا، ئەمە جگە لە ناکۆکی بنەڕەتی لەسەر دابەشکردنی نیمچە دورگەی قوبرس، گەڕانی نایاسایی تورکیا بۆ گازی سروشتی لە کەناراوەکانی دەریای یۆنان- قوبرس و ناکۆکی لەسەر دوورگە کێشەلەسەرەکان لە دەریای ئیجە.

**ئەردۆغان بڕیاریداوە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی لەسەربنەمای نزیکبوونەوە لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکان تورکیا بکاتە ئەستێرەیەکی گەشاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

٩.بەردەوامی هاوکاری ستراتیژی لەگەڵ ڕوسیا: هاوکارییەکانی تورکیا و ڕوسیا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بووژانەوەیەکی بێوێنەی بەدەستهێناوە، کە لەم دوایانەدا بە کردنەوەی وێستگەی ئەتۆمی "ئاکویو"ی تورکیا بە بودجەی ڕوسیا بە بڕی ٢٠ ملیار دۆلار گەیشتە لوتکە، بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا، ئەنقەرە ڕەتیکردەوە واژۆ لەسەر سزادانی ڕوسیا بکات، بگرە ڕێککەوتن لەسەر بەهێزکردنی بازرگانی و هاوکارییەکانی نێوانیان و بەکارهێنانی (ڕوبڵی ڕوسی) لە بەهای ئەو غازەی ڕوسیا کە هەناردەی تورکیا دەکرێت، بڕیاریشە ئەنقەرە بەشی دووەمی مووشەکەکانی (S٤٠٠)ی ڕوسی وەربگرێت، کە واشنتۆن نارازییە بەرامبەر بەکارهێنانی، لە لایەکی دیکەوە ساڵی ڕابردوو بازرگانە ڕوسییەکان زۆربەی وەبەرهێنانەکانیان بۆ تورکیا بۆ خۆ قوتارکردن لە سزاکان گواستەوە. هەر ئەم لێکنزیکبوونەوەیە بوو وای لە مۆسکۆ کرد کە لە مانگی ئابی ٢٠٢٢دا بە نێوەندگیری تورکیا بۆ هەناردەکردنی دانەوێڵە ڕازی بێت، ئەو نێوەندگیرییەی ڕەنگە دووبارە بێتەوە، بە تایبەت دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی نێوان ئەردۆگان و هاوتا ڕوسیەکانی ڤلادیمێر پوتین و ڤلادیمێر زێلێنسکی سەرۆکی ئۆکرانیا لە ٧ی حوزەیران ٢٠٢٣ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لێکەوتەکانی ڕووخانی بەنداوی "کاخۆڤکا" لە شاری خێرسۆن، بەو پێیەی کە تورکیا بە ناوبژیوانێکی قبوڵکراو و گونجاو لەنێوان مۆسکۆ و کیێڤ دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەندامی ناتۆیە، بەڵام پەیوەندیی ستراتیژیی لەگەڵ مۆسکۆ هەیە، ئەگەرچی لە چەند دۆسیەیەکدا بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەریەک دەکەون، لەوانە: (سوریا، لیبیا، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەو پێیەی کە ڕوسیا پاڵپشتی لە یۆنان دەکات)، ئەمە سەرباری بوونی ڕکابەری ناوچەیی لە ئاسیای ناوەڕاست و باڵکان، کە تیایدا ڕوسیا پاڵپشتی لە سرپیا و کەمینەکانی سرب دەکات، ئەم

پرسانەش وا دەکات هاوکاری ستراتیجی لەنێوان تورکیا و ڕوسیا بەردەوام بوونی هەبێت, بەو شێوەیەی ئێستا هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسە مشتومڕاوییەکان لەنێوانیان و ڕێگریکردن لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانیان لە چەند وڵاتێکدا, کە تیایدا هێزی سەربازی ڕوسیا و تورکیا ئامادەگی بەردەوامیان هەیە.

١٠.چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا: بە بۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرجەم سەرکردەکانی ئەوروپا پیرۆزباییان لە ئەردۆگان کرد، داواشیان لە ئەڵمانیا و فەرەنسا کرد، هاوکاری نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا پتەوتر بکەن. هەروەها ڕووبەڕووی ئاستەنگە هاوبەشەکانی نێوانیان ببنەوە، بێگومان ئەردۆگان کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە دەکات, کە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری وڵاتەکەی و بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ ئەو نێوەندگیرییەی لە قەیرانی ئۆکرانیادا ئەنجامی دەدات. هەروەها پێشبینی دەکرێت تورکیا پێش کۆبوونەوەی داهاتووی لوتکەی ناتۆ, کە بڕیارە لە مانگی تەمموزی ٢٠٢٣ لە لیتوانیا بەڕێوەبچێت، بە ئەندامێتی سوید بە هاوپەیمانی ناتۆ ڕازی بێت، ئەمەش دوای ئەوەی پەرلەمانی سوید هەروەک ئەوەی ئەنقەرە داوای دەکرد، "یاسای دژە تیرۆر"ی پەسەند کرد، کە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ڕێگری دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و دابینکردنی پشتیوانی دارایی بۆیان. بۆ ئەردۆگان تێپەڕاندنی ئەم بڕیارە لە پەرلەمانی تورکیا ئاسان دەبێت، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانیەکەی زۆرینەی پەرلەمانی هەیە و ئەمەش وا دەکات هەر یاسایەکی بوێت، تێی پەڕێنێت. ئەگەر تورکیا بتوانێت ئەم کارە بکات، پێگەی ئەنقەرە لەناو هاوپەیمانی ناتۆدا بەهێزتر دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە پێگەی ئەردۆگان لەنێو دەنگدەرەکانیدا بەهێزتر دەکات و یەکێک لە گرنگترین دۆسیە مشتومڕاوییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن چارەسەر دەبێت، شایانی باسە تا ئێستا ئەنقەرە بەڕوونی خواستی خۆی بۆ ڕازیبوون بە هاتنە ناوەوەی سوید بۆ ناو ڕێکخراوی ناتۆ ڕانەگەیاندووە, تا ئێستاش داوای ڕادەستکردنی ١٣٠ کەسی داواکراوی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە سوید دەکات.

**سەرۆکی هەریەک لە وڵاتانی ئازەربایجان، کازاخستان، قیرغیزستان و ئۆزبەکستان بەشدارییان لە مەراسیمی سوێندخواردنی ئەردۆغاندا کرد، ئەم دەوڵەتان بە سەرکردایەتی تورکیا ئەندامن لە "ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان" و وەک مۆدێلێک لە تورکیا دەڕوانن.**

## ئاڵنگارییەکان

ئەردۆگان وەزیرێکی نوێی بۆ کاروباری دەرەوەی تورکیا دەستنیشانکرد، کە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری وڵاتەکەی بووە، ئەو کەسەش هاکان فیدان-ی تەمەن ٥٥ ساڵە، ناوبراو بە نهێنی مامەڵەی لەگەڵ هەموو پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کردووە, لەوانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبووە، وەک هەردوو پرسی سوریا و ڕوسیا، ناوبراو لەلایەن ڕۆژئاواوە پێشوازی لێدەکرێت, لەبەر ئەوەی خوێندنەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەواو کردووە، هەروەها لەلایەن ڕوسیاشەوە پێشوازی لێدەکرێت, لەبەرئەوەی لە ساڵانی پێشوودا پەیوەندیی باشی لەگەڵ هاوتاکانی لە مۆسکۆ هەبووە، سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵێک ئاڵنگاریی هەیە, کە فیدان لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا لە بەڕێوەبردنی دۆسیەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕووبەڕووی دەبێتەوە, کە بریتین لە:

١.ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سوریا: ساڵی ٢٠٢٢ شایەتحاڵی پێشکەوتنی بەرچاو بووین لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕوسیا دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی چوارقۆڵی وەزیرانی دەرەوەی (ڕوسیا، تورکیا، ئێران و سوریا), پەیوەستبوونی سوریا بە "ڕێکاری ئاستانە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و دیمەشق گەورەترین ئاڵنگارییە ڕووبەڕووی یەکەم ساڵی دەسەڵاتی ئەردۆگان دەبێتەوە، کە بەڵێنی چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی چارەسەرکردنی سێ پرس دابوو, کە بریتین لە: (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، گێڕانەوەی پەنابەران, دانوستان لەنێوان دیمەشق و ئۆپۆزسیۆنی سوریا)، بە شێوەیەک دیمەشق وەک پێشمەرج داوای کشانەوەی هەموو هێزە سەربازییەکانی تورکیا لە باکووری سووریا دەکات. هەروەها داوای ڕاگرتنی پشتیوانی سەربازی و لۆجستی تورکیا بۆ میلیشیا چەکدارەکانی سوپای ئازادیی سووریا و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە, کە لە ئیدلیبی سووریا لە ژێر کۆنترۆڵی تورکیادان، لەگەڵ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان بۆ دیمەشق، هەموو ئەمانە لەلایەن ئەنقەرەوە ڕەتدەکرێنەوە، ئەردۆگان مانەوەی هێزەکانی لە سوریا پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند ئۆپەراسیۆنەکانی دژەتیرۆر لە سوریا بەردەوام دەبێت، لەمەشدا مەبەستی لە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بوو، هەر بۆیە دەکرێت بگوترێت کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هەروا ئاسان نابێت.

٢.ناردنەوەی پەنابەرانی سوریا: ئەردۆگان بەڵێنیداوە، دوای سەرکەوتنی، لە کۆی نزیکەی ٣ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار پەنابەری

سـوری لـە تـورکـیـا ملـیـۆنێک پەنـابـەر بنێرێتەوە، هەروەها ڕێککەوتنێکی لەگەڵ قەتەر بۆ دابینکردنی پشتیوانی دارایی بـۆ دروسـتـکـردنی خـانـوو لـە بـاکـووری سوریا ئەنجامدا, دواتر نیشتەجێکردنی پەنابەرەکان لە ناوچەیەک کە ئەنقەرە بە "ناوچەی ئارام" ناوی دەبات. ئەم ناوچەیە بە قـووڵایی ٣٠ کم لـەنـاو خـاکی سـوریا درێژدەبێتەوە، ئەم ناوچەیە بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی تورکیادایە، لە وانەوتنەوەی خوێندنگاکاندا زمانی تورکی زاڵـە، ئاڵای تـورکـیـا تـیـایـدا دەشـەکـێـتـەوە، ئـەنـقـەرە دەیەوێت پەنابەرەکان بۆ ئەم ناوچەیە بنێرێتەوە, کە خۆی کۆنترۆڵی تەواوەتی بـەسـەریـدا هـەیـە، بـەڵام دیـمـەشـق ئـەم خـواسـتـە ڕەتـدەکـاتـەوە. جێگەی ئاماژەپێدانە ئەم خواستە پێچەوانەی بـنـەمـای یـاسـا نـێـودەوڵـەتـیـیـەکـانـە، لەبەرئەوەی داگیرکارییەکی سیستماتیکی تورکیایە بۆ سەر بەشێکی زۆری شارەکانی سـوریـا، لـەلایـەکی دیـکـەوە ئـەردۆگـان دەبێـت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە بەهاری ٢٠٢٤، قەیرانی پەنابەران چارەسەر بکات, تا بتوانێت لە پشتیوانیی دەنگدەرەکانی دڵنیابێت.

٣.تـرسـی ئـەوروپـا لـە "پـۆپـۆلـیـزمی ئەردۆگان": ئەردۆگان گوتاری پۆپۆلیستی و نـاسـیـۆنـالـیـسـتی بـۆ گـەیـشـتن بە بەرژەوەنـدیـیـەکانی و بـەرزکـردنـەوەی هـەژمـوونی خـۆی لـە دەرەوەی وڵات و نیـشـانـدانی خـۆی وەک ڕابـەری جیهانی ئیسلامی و قەفقاز و ئۆراسیا بەکارهێنا، هـەر لـەو ڕێـگـەیـەوە بـۆ بـەدەستهێـنـانی پشتیوانی ناوچەیی جەماوەری بۆ بوونی سـەربـازی و کاریـگـەریی سـیـاسی تـورکـیا کاری کـردووە, لە چەند وڵاتێک لە ناوچە جـیـاجـیـاکـانی (ڕۆژهـەڵاتی نـاوەڕاسـت – باڵکان – ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز), سـوود وەرگـرتـن لـەو نـەتـەوە تـورکـانـەی لـەو نـاوچـانـە نـیـشـتـەجێن بـۆ گـەیـشتن بە ئامانجەکانی، لـەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم ڕێـبـازە، کـە پـێـدەچێـت بـەردەوام بێت لـەسـەری، نـیـگـەرانی و تـرسی هـەنـدێک وڵاتـی ئـەوروپـی لـێـکـەوتـۆتـەوە؛ خێرت فـێـلـدەرز سـەرۆکی ڕاسـتـڕەوی هـۆڵـەنـدا داوای لـەو تـورکـانـە کـرد کـە دەنگیـان بە ئەردۆگان داوە وڵاتـەکـەی بەجێبهێڵن، ئەڵمانیاش نیگەرانی خۆی سـەبارەت بە دەنگدانی تورکەکانی سەرخاکەکەی بە ئەردۆگان دەربـڕی، سـەرۆکی فـەرەنـسـا-یش داوای لە هاوتا تورکییەکەی کرد بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوبەشەکان هـاوکـار بـێـت، ئـەمـەش جـۆرێـکـە لە ئاڵـنـگاری بـۆ ئـەردۆگـان، لـەبـەرئـەوەی پێـویـسـتـە لـەسـەری وێـنـای سیـاسـەتی دەرەوەی تورکیا بەگوێرەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی تورکیا بکێشێتەوە نەک وەک "سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی".

٤.چـارەسـەرکـردنـی نـاکـۆکـیـیـەکـانی نێـوان ئـەنـقـەرە و واشـنـتـۆن: سـەرەڕای فراوانبوونی جیاوازی نێوانیان، بەبۆنەی دووبـارە هـەڵبژاردنـەوەی ئـەردۆگان جۆن

بایدن سەرۆکی ئەمەریکا پیرۆزبایی لە هاوتا تورکییەکەی کرد، بەو پێیەی کە لە ناتۆ هاوپەیمانن، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت بایەخی ڕەزامەندیی تورکیا بۆ ئەمەریکا لەسەر ئەندامبوونی سوید بە هاوپەیمانی ناتۆ ڕوونبکاتەوە، ئەمەش لە بەرامبەر فرۆشتنی فڕۆکەی جۆری ئێف ١٦ی ئەمەریکی بە بەهای ٢٠ ملیار دۆلار بە تورکیا، کە پێشتر واشنتۆن ناڕەزایەتی لەسەری دەربڕیبوو، دوای ئەوەی تورکیا سیستەمی بەرگری ئاسمانی (S٤٠٠)ی لە ڕوسیا کڕی.

**مەرجە پێشوەختەکانی سوریا بۆ دانوستان لەگەڵ تورکیا و سووربوونی تورکیا لەسەر هێشتنەوەی هێزەکانی لە باکووری سوریا و بەردەوامی هێرشەکانی ئەگەری ڕێککەوتنی ئەو دوو وڵاتەی بە لاوازی هێشتووەتەوە.**

ناکۆکییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن فراوانتر دەبن، لەوانە تۆمەتەکانی تورکیا بۆ واشنتۆن بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ ڕێکخراوە کوردییەکانی سوریا "هەسەدە" و چەکدارەکانی "یەکینەکانی پاراستنی گەل"، کە لەلایەن تورکیاوە بە تیرۆریست پۆلێنکراون، لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن بارگرژی بەخۆیەوە بینی، دوای ئەوەی سلێمان سۆیلۆ وەزیری ناوخۆی ئەو کاتی تورکیا واشنتۆنی بەوە تۆمەتبار کرد، کە خوزایاری دروستکردنی دەوڵەتێکی تیرۆریستییە لەسەر سنوورەکانی باشووری تورکیا و لەسەر پشتیوانیکردنی دارایی کودەتایەکی سیاسی بۆ ڕووخاندنی سەرۆک کۆماری تورکیا کاردەکات، ئەمە جگە لە ناڕەزایەتییەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە هاوکارییە ستراتیژییەکانی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە. هەروەها ڕەتکردنەوەی ئەنقەرە بۆ سەپاندنی سزا بەسەر مۆسکۆ و تاران، ئەمەش وایکرد واشنتۆن سزا بەسەر ٣ تورکدا بسەپێنێت، کە پەیوەندییان بە مامەڵەکردنەوە هەبووە لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا، بەم شێوەیە بە ئامانجی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان ئەردۆگان دەبێت گوتارە سیاسییەکەی بەرامبەر واشنتۆن و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا نەرم بکات و بە ئەندامبوونی سوید لە ڕێکخراوی ناتۆ ڕازی بێت.

بەپێی ئەوانەی کە خرانەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت ئەردۆگان دەبێت سوود لەبەرفراوانبوون و فرەچەشنی بازنەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و لەسەر ئاستی ناوخۆ وەربگرێت، لەپێناو چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکانی تورکیا و جڵەوکردنی گرژییەکانی لەگەڵ واشنتۆن، سەرەکیترین گرفتیش کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە چۆن هاوسەنگی لەنێوان پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ڕوسیا و ئەندامێتی

لە هاوپەیمانی ناتۆ دەپارێزێت، پاراستنی هاوسەنگی ئامادەبوونی سەربازی و فراوانبوونی هەژموونی سیاسی ئەنقەرە لە سێ هەرێمی ئاڵۆزدا (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەند, قەفقاز و باڵکان) و ئەو کێبڕکێیەش کە لەنێوان ئەنقەرە و ژمارەیەک زلهێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بوونی هەیە.

**سەرەکیترین گرفت کە ڕووبەڕووی ئەردۆغان دەبێتەوە پاراستنی هاوسەنگییە لەنێوان پەیوەندییە ستر اتیژییەکانی لەگەڵ ڕوسیا و ئەندامێتی لە هاوپەیمانی ناتۆ.**

لینکی بابەتەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت
-https://www.interregional.com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D8%A7%D8%B7%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A2%D9%85%D9%86%D8%A9/

چاوپێکەوتن

تورکیاناسی



# د.یوسف گۆران: ڕەوتی پێشووی سیاسەتی دەرەکی تورکیا لە ئاستی هەرێمی بەردەوامی پێ دەدرێت

**گفتوگۆی: تورکیاناسی**

هەڵبژاردنەکانی تورکیاو سەرکەوتنی ئەردۆگان بەسەر بەرەی ئۆپۆزسیۆندا، پرسیاری زۆری بەدواحۆیدا هێنا چ لەبارەی خودی پرۆسەکەو چ لەبارەی سیاسەت و ستراتیجی ئەو وڵاتە لەسایەی گۆڕانکارییە وزرایيەکانی دواى هەڵبژاردن، گۆڤاری تورکیاناسی لەژمارەی یەکەمیدا ئەم پرسیارانەی کردە تەوەری گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز د.یوسف گۆران بەرپرسی مەڵبەندی دیراساتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شارەزا لە بواری تورکیا.

**گفتووگۆ:تورکیاناسی**

**تورکیاناسی:** چۆن ئەردۆگان هەڵبژاردنی بردەوە؟ یان بە واتایەکی تر بۆچی بەرەی ئۆپۆزسیۆن شکستیان هێنا؟ بۆچی دەرەنجامەکان پێچەوانەی ڕاپرسییەکان دەرچوون؟ ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا لە ٩٠٪ نزیک بوویەوە، ئەمە مانای چییە؟

**د.یوسف گۆران:** لە ڕاستیدا دەبێت هەندێك زانیاریی دروستمان لەسەر واقعی پارتەکانی تورکیا پێش هەڵبژاردن هەبێت، سەبارەت بە پارتەکەی ئەردۆگان (داد و گەشەپێدان) هەموو ڕاپرسییەکان بە تەنیا لە پێشی پێشەوە بووە و لەنێوان ٣٠٪ بۆ ٣٥٪ ی هێناوە، یەکەمە و ژمارەیەکی زۆرە. لەلایەکی تریشەوە لە دوو مانگی پێش هەڵبژاردنی ١٤ی ئایار، ئەردۆگان توانی ئاستی نارازییەکان دژ بە خۆیی و پارتەکەی کەم بکاتەوە، بۆ نموونە بۆ ئەو هێزە پارێزکارانەی کە پێشتر لەگەڵیبوون و دوورکەوتنەوە لێی، هاوپەیمانی تری لەگەڵ پارتە پارێزکارەکان بەست، بۆ ئەوەی دژ بە ئەو نەوەستنەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ پارتی خۆشگوزەرانی نوێ کە لەلایەن فاتیح ئەربەکانی-ی کوڕی نەجمەدین ئەربەکانەوە سەرۆکایەتیی دەکرا. لەلایەکی ترەوە ئەردۆگان لەڕوی ڕاگەیاندنەوە کۆنترۆڵی زۆربەی کەناڵەکانی میدیای کرد و بوارێکی ئەوتۆی بۆ ڕکابەرەکانی نەهێشتەوە. بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە ئاستەم پێی دەوترا (بەرە)، هەر لە سەرەتاوە لەسەر دەستنیشان کردنی پاڵێوراوی خۆیان بۆ سەرۆک کۆماری کۆک نەبوون، ئەم بەرەیە کوردییان بۆ نێو هاوپەیمانێتییەکەی خۆیان قبوڵ نەبوو، خەڵکی لە دەرەوە هەستیان بە کێشەکانیان دەکرد و دەیانزانی کە بەرەیەکی لاوازن و ناتوانن بەرنامەی هەڵبژاردنیان جێبەجێبکەن، ئەم هۆکارانە بوونە هۆی شکستی ئۆپۆزسیۆن. ئەردۆگان توانی زۆربەی هەرە زۆری پارێزکارەکان و نەتەوەپەرستەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ژینگەی سیاسی تورکیا لەو ماوەیەدا لە لایەک جەمسەربەندی تەواوی لەنێوان پارێزکارەکان و دیندارە نەتەوەپەرستەکان بەخۆوە بینی, هێزە لیبراڵ و چەپ و عەلمانییە نەتەوە پەرستەکان لەلایەکی تر، ئەم جەمسەربەندییە فراوانە هۆکاری سەرەکی ئەو بەشدارییە فراوانەش بوو لە هەڵبژاردنەکان بەو ڕێژە زۆرە.

**تورکیاناسی:** سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی کەمال ئەتاتورک و شوێنکەوتووەکانی، بەدرێژایی مێژووی هەڵبژاردنەکانی- تورکیا بەم هەڵبژاردنەیشەوە بەرەی ڕاستڕەو/ئیسلامی هەڵبژاردنەکانی لە بەرەی چەپ/سێکیولار بردووەتەوە. هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**د.یوسف گۆران:** هەرچەندە ئەمە قاعیدە نییە، لە نەوەدەکان بۆ نموونە هێزە بەناو لیبراڵ و چەپەکان حکومەتیان پێکهێناوە, بەڵام هۆی سەرەکی ئەم

دیاردەیە لە مێژووی تورکیا و کولتووری گەلەکەیەتی، بیرمان نەچێت نەتەوەی تورک بۆماوەی ٤٠٠ ساڵ سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی سوننەیان کردووە، ئەم مێژووە لە ئێستادا بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەی تورک وەک نەتەوە و کاریگەریی لەسەر بژاردە سیاسییەکانی ئێستایشی هەیە.

**لە دوو مانگی پێش هەڵبژاردنی ١٤ی ئایار، ئەردۆگان تو انی ئاستی نارازییەکان دژبە خۆیی و پارتەکەی کەم بکاتەوە.**

**تورکیاناسی:** هەڵبژاردنەوەی ئەردۆگان چ کاریگەری و گۆرانکارییەک لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دروست دەکات؟ بە بۆچوونی ئێوە تورکیا لە کام بەرە زیاتر نزیکتر دەکاتەوە، ئەمەریکا یان روسیا؟

د.یوسف گۆران: پێدەچێت رەوتی پێشووی سیاسەتی دەرەکی تورکیا چ لە ئاستی هەرێمی یان جیهانی بەردەوامی پێبدرێت، پێشتریش وەزیری دەرەوەی ئێستا (هاکان فیدان)، کە پێشتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی (میت) بووە، هەروەها سەرۆکی ئێستای میت (ئیبراهیم کالن)، کە پێشتر راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی سەرۆکی تورکیا و وتەبێژی سەرۆکایەتیی کۆمار بووە، رۆڵی سەرەکییان لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەبووە، ئێستا ئەم دوو کاراکتەرە لە پۆستە نوێیەکانی ئەم کابینەیە بەردەوامی بە سیاسەتەکانی تورکیا دەکەن، بیریشمان نەچێت بەردەوام تورکیای ئەردۆگانی دینامیکییەتی نوێ لە سیاسەتی دەرەکی پەیرەو دەکات. سەبارەت بەوەی تورکیا چ بەرەیەکی نێودەوڵەتی هەڵدەبژێرێت, لە راستیدا تورکیای ئەردۆگان هەرزوو ئەو مشتومرانەی یەکلاکردەوە, کە نابێت ئیتر تورکیا رۆڵی ئەندامی گوێرایەڵی بەرەیەکی دیاریکراو ببینێت، بەڵکو ستراتیجیەتی نوێیان ئەوەیە تورکیا لەسەرووی هاوپەیمانییە باوەکان وەک سەنتەرێکی جیۆستراتیجی کاریگەر پێناسە بکەن و هەوڵی کاریگەریی لەسەر دەوروبەر بدەن.

**تورکیاناسی:** پێگەی کورد لەباکووری کوردستان لەدوای هەڵبژاردنەکان بەچ ئاقارێکدا دەروات, بەتایبەتی بۆ پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە), کە سەرەرای- قەبوڵنەکردنی بۆناو هاوپەیمانی میللەت و مێزی شەشقۆڵی, بەڵام هەر پشتیوانی لە کلیچدارئۆغڵو کرد، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێرنەوە؟

**د.یوسف گۆران:** کوردانی تورکیا بۆچونێکی وایان لا گەڵاڵە ببوو, کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە سەرۆکایەتیی کلیچدارئۆغڵو لە یەکەمین خولی هەڵبژاردندا دەیباتەوە، ئەم باوەرە وای کرد بریاری چونەپاڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆن بدەن، ئەگەر یەکلاکردنەوەی

دەنگدانیان بە یەکێك لە دوو بەرەکە بۆ دوای خولی یەکەم هەڵبگرتایە, ئەوکات بەرچاویان ڕوونتر دەبوو و دەیانتوانی لەگەڵ لایەنی براوە ڕێککەوتنی سیاسی بکەن, بەڵام پێدەچێت بوونی کورد لە بەرەی چەپ لە تورکیا دیاردەیەکی مێژوویی بێت و زۆرجار لەبەر ئەم هۆیە گورزی کوشندەشیان بەرکەوتووە. لە لایەکی ترەوە پێدەچێت ململانێی بەشێک لە سەرکردەکانی هەدەپە لەگەڵ ئەردۆگان سنوری سیاسی تێپەڕاندبێت، بەهۆی ئەو ستەمە زۆرەی لە سەرکردایەتییەکانیان کراوە ململانێکان شێوازێکی ئایدۆلۆجی و کەسیی وەرگرتبێت، بۆیە زەحمەت بوو مامەڵەیەکی سیاسی ئاسایی لەنێوان هەدەپە پارتی دەسەڵاتداری تورکیادا هەبێت, بەڵام لە ئێستادا ئەردۆگان پرۆژەی گۆڕینی دەستووری هەیە، بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی ئەندام پەرلەمانی پێویستی نییە بۆ تێپەڕاندنی، لێرەدا بۆ پەسەندکردنی پرۆژەی هەمواری دەستوور پێویستی بە دەنگی لایەنی تر لە ئۆپۆزسیۆن دەبێت. بەهۆی ئەوەی بەشێکی هەموارکردنی دەستورەکە تایبەتە بە ئازادیی لەچک بەستن و باڵاپۆشییەوە، ئەستەمە پارتە چەپە عیلمانییە کلاسیکییەکان پشتگیری بکەن، ڕەنگە لێرەدا پێویستی بە دەنگی کوردەکان یان پارتی باش ڕاستڕەوی عەلمانی ببێت، گەر بێت و کوردەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا ئەم کارە بکەن, ڕەنگە لەو گۆشەگیریی و پەراوێزبوونەی ئێستا ڕزگاریان ببێت، دیارە ئەمەش پەیوەستە بە شێوەی هەڵسەنگاندنی پارتە کوردییەکان بۆ ئایندەی سیاسی خۆیان.

**هۆکاری سەرەکی بردنەوەی بەرەی ڕاستڕەو/ ئیسلامی لە بەرەی چەپڕەو/ سیکیۆلار لە تورکیا لە کولتوور و مێژووی گەلەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، نەتەوەی تورک بۆماوەی ٤٠٠ ساڵ سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی سوننەیان کردووە، ئەم مێژووە لە ئێستادا بەشێکە لە ناسنامەی ئەوان وەک نەتەوە و کاریگەریی لەسەر بژاردە سیاسییەکانی ئێستایشیان هەیە.**

**تورکیاناسی:** لە ئێستادا هەدەپە بڕیاری کۆنگرەی نائاسایی داوە و پێشبینی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ماوسەرۆک و سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا دەکرێت، پێتان وایە ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەریی لەسەر بەمێژبوونەوەی هەدەپە هەبێت؟
**د.یوسف گۆران:** ئەم ڕەوتە سیاسییە پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی قووڵ هەیە، پێش هەموویان گرنگە سنورێکی دیاریکراو لەنێوان ناسنامەی نەتەوەیی ئەم پارتانە و ناسنامە چەپەکەیان هەبێت. گرنگە ئەو پارتەی جێی هەدەپە دەگرێتەوە بتوانێت زیاتر

ڕوخساری کولتوور و ڕۆشنبیریی سیاسیی نەتەوەیی بەرجەستە بکات. سەبارەت بە ئایدۆلۆجییە باوەکانی چەپ و ڕاست و پارێزکار، وەک دەزانرێت کۆمەڵگای کوردی لە تورکیا بەشی زۆری پارێزکارە و ئەم چین و توێژانەش بەردەوام دەنگیان بۆ پارتی داد و گەشەپێدانە نەک پارتە کوردییەکان، ئەگەر جێگرەوەی هەدەپە نەتوانێت مۆرکی کولتووری نەتەوەیی بەسەر سیاسەت و بەرنامەکانیدا زاڵ بکات، ناشتوانێت لە ئایندەدا ڕۆڵێکی فراوانتر لە گۆڕەپانی سیاسی و پەرلەمانتاری تورکیا بگێڕێت.

**تورکیاناسی:** باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دوو کەیسی نزیک لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیان و بەردەوام لە ئەجێندای تورکیادا ئامادەییان هەیە.. پێتانوایە ئەم ئامادەییە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، خوێندنەوەی بەڕێزتان لەوبارەیەوە چییە؟

**ئەگەر کوردەکان دەنگدانیان بە یەکێك لە دوو بەرەکە بۆ دوای خوولی یەکەم هەڵبگرتایە، ئەوکات دەیانتوانی لەگەڵ لایەنی براوە ڕێککەوتنی سیاسی بکەن، بەڵام پێدەچێت بوونی کورد لە بەرەی چەپ لە تورکیا دیاردەیەکی مێژوویی بێت و زۆرجار لەبەرئەم هۆیە گورزی کوشندەشیان بەرکەوتووە.**

**د.یوسف گۆران:** بەهۆی ئەوەی کارەکتەرەکانی ئێستای تورکیا، پێشتریش ڕۆڵی سەرەکییان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بەرامبەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەبووە، لەو بڕوایەدا نیم گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە ستراتیجی تورکیا لەم ناوچانە ڕووبدات، بەڵکو ڕەنگە تورکیا چالاکانەتر لە جاران ڕۆڵی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بگێڕێت، بەتایبەت بەهۆی دۆخی ئێستای لاوازی هەرێمی کوردستانەوە دوورنییە ئەنقەرە هەوڵی زیاتر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکە بدات.

**بەهۆی ئەوەی کارەکتەرەکانی ئێستای تورکیا، پێشتریش ڕۆڵی سەرەکییان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بەرامبەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەبووە، لەو بڕوایەدا نیم گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە ستراتیجی تورکیا لەم ناوچانە ڕووبدات.**

ڕانانی کتێب

تورکیاناسی

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی تورکەکان چۆن مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان نووسیوەتەوە

وەرگێڕان: تورکیاناسی




ناوەندی عەرەبی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سیاسەت، کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناوی ئەستۆگرافیای تورکی، کتێبەکە دەربارەی نووسینەوەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن تورکەکانەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٠-١٩٧٣ نوسراوە.
کتێبەکە لەنوسینی عەبدولڕەحیم بنحادەو لە ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

کتێبەکە دیدێکی تەواوکار لەسەر شوناسی تورکیا و گۆڕانکارییەکانی دەخاتەڕوو، هەروەها تیشک دەخاتە سەر چۆنێتی بەکارهێنانی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە چوارچێوەی ئامرازەکانی تردا بۆ خزمەتکردن بەو گۆڕانکارییانە، ئەم کتێبە پوختەی خوێندنەوەیەکی وردە بۆ ئەو ڕەوتە مێژوویی و نووسینانەی کە بەسەر سەردەمە مێژووییە جیاوازییەکانیان باڵی کێشاوە. هەروەها باس لە چۆنیەتی نووسینەوەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات لەلایەن تورکەکانەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم. سەرەتا کتێبەکە باس لە نووسینی مێژوویی دەکات لە سەردەمی ڕێکخراوەکاندا (١٨٦٠-١٩٠٨)، دواتر باس لە گۆڕانکارییەکان دەکات لە قۆناغی دووەمی دەستووردا (١٩٠٨-١٩٢٤)، دواتر قسە لەسەر ساڵانی سەرەتای سەردەمی کۆماری نویی تورکیا دەکات (١٩٢٤-١٩٣٨).

سەرباری ئەوە کتێبەکە باس لە گەڕانەوەی توێژینەوە عوسمانییەکان دەکات بۆ پێشەنگی توێژینەوە مێژووییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٨ بۆ ١٩٧٣ دوای کۆچی دوایی مستەفا کەمال ئەتاتورک، بەو پێیەی نووسەر پێی وایە کە ناتوانرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە نووسینەدا بکرێت بەدەر لەو پێشهاتە سیاسیانەی کە تورکیا بە خۆیەوە بینی دوای نەمانی کەمال ئەتاتورک، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندییان بە پەرەسەندکردنی فرەیی سیاسییەوە هەبوو لەلایەن دەوڵەتەوە کە دواتر دەرفەتی ڕەخساند بۆ ڕەخنەگرتن لە تێزە کەمالییەکان.

## مێژوو لەسەردەمی مۆدێرنیزاسیۆن و ڕێکخستنەکان (١٧٩٨ - ١٩٠٨)

سەدەی نۆزدەهەم لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت کە بە چڕی ڕووداوەکانی دەناسرێتەوە، بە شێوەیەک وایکردووە لێکۆڵەرانی توێژینەوە عوسمانییەکان وەک درێژترین سەدە ناوزەدی بکەن. لەگەڵ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم (١٧٨٩-١٨٠٧)، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زنجیرەیەک چاکسازیی بەخۆوەبینی کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەزموونی کرد. ئەو پرۆژە چاکسازییانەی کە سەلیمی سێیەم دەستی پێکرد، کارلێککارانە بوون لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورەکانی جیهان، هەروەها هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە ناوچەکانی سەر دەریای ناوەڕاست بەخۆیەوە دەیبینی، کە گرنگترینیان شۆڕشی فەرەنسی بوو،

شۆڕشێک لەلایەک جێپەنجەی خۆی لەسەر مێژووی پەیوەندییەکانی فەرەنسا و دەوڵەتی عوسمانی بەجێهێشت و لەلایەکی دیکەیشەوە کاریگەری هەبوو لەسەر مێژووی کولتووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها هەڵمەتی فەرەنسا بۆ سەر مصر لە ساڵی ١٧٩٨ کە کاریگەرییەکی ڕوونی هەبوو لەسەر ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پەیوەندییە شارستانییەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا.

ئەم چاکسازیانە لەسەر بنەمای ئەو ڕێسایانە بوون کە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە دیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە وەڵامی بانگەوازی سوڵتانی عوسمانی سەلیمی سێیەمدا نووسیبوویان. هەروەها ئەم چاکسازیانە هەماهەنگ بوون لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانەی کە باڵیۆزی دەوڵەتان نووسیویانە لە ئەورووپا. ئەم دۆخە میکانیزمێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە خۆی لە کرانەوەدا بینی بەرووی ڕۆژئاوادا کە دواجار بووە هۆی پەروەردەکردنی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و فێرکردنی زمانی بیانی و ئاشناکردنیان بە بیرۆکەی ڕۆشنگەریی کە لە ئەورووپادا زاڵ بوو، هەروەها دوای گەڕانەوەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە ئامادەکردنیان بۆ بوون بە پرد و دەروزا بە ڕووی ئەورووپادا.

دەرەنجام تێکڕای ئەم چاکسازیانە بە هۆکاری جۆراوجۆر بە شکست کۆتایی هات، لەوانە ئەوەی پەیوەندی بە فشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبوو کە لەسەر ئاستی بەرگری کەسایەتییە دیارەکان دەرکەوت، هەروەها سەرهەڵدانی مەیلی سەربەخۆیی لە مۆنتینیگرۆ و سربیا، جگە لەو نائارامییانەی کە وڵاتانی عەرەبی گرتەوە لەوانە شۆڕشەکانی لایەنگرانی شێخ محەمەد عەبدولوەهاب لە حیجاز و محەمەد عەلی لە مصر، ڕەنگە گرنگترین شتێک کە دەستپێشخەرییە چاکسازییەکانی سەلیمی سێیەمی تێکدا، ئەو دەستدرێژییە بووبێت کە فەرەنسا کردییە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە مصر.

## گۆڕانکارییەکانی نووسینی مێژوویی لە قۆناغی دووەمی دەستووریدا (١٩٠٨-١٩٢٤)

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٨ بۆ ١٩٢٤ شایەتحاڵی چڕییەکی کەم وێنە بوون لە ڕووداوەکاندا کە کەمتر نەبووە لە هاوتاکەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا و بگرە درێژکراوەی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بوون، هەر ئەمەش هۆکار بوو بە ناوهێنانی سەدەی نۆزدەیەم بە سەدەیەکی نەبڕاوە و درێژخایەن. ئەم قۆناغە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٠٨ دەستیپێکرد، کاتێک سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم لەژێر فشاری سیاسی بێوێنەدا بڕیاریدا کار بەو دەستوورە بکاتەوە کە زیاتر لە سی ساڵ

بوو هەڵپەسێردرابوو. ئەمە لە کاتێکدا ڕوویدا کە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لێرە و لەوێ هەنگاوی گەورەیان نابوو بۆ دامەزراندنی بناغەی دەوڵەتەکانیان و بەمەش کۆتاییان هێنا بەوەهمێک کە لەلای سوڵتان عەبدولحەمید و دەوروبەرەکەیدا دروست بووبوو کە پێیان وابوو ئیسلام توانای سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەییەکانی هەیە.

لە کایەی بەرفراوانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا، هۆشیارییەکی بنەڕەتی هەبوو تایبەت بە شوناسی تورکی کە بە پلەی یەکەم گرێدراوی زمانی تورکی بوو. هەستی شوناسی تورکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەهێزتربوو، کاتێک کۆمەڵەیەکی بچووک لە بانگخوازان و زانایانی عوسمانی، لە ژێر کاریگەریی ئەوروپا، دەستیان کرد بە سەپاندنی زمان و مێژووی تورکەکان.

سەرەڕای پەرەسەندنی ئەم بانگەوازانە، بیری نەتەوەیی تورکیا لە بازنەیەکی تەسکدا قەتیس مایەوە و تا سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم بە ڕوونی دەستی بە دروستبوون و بەرفراوانبوون نەکرد. چاودێران پێیان وایە کە ناسیۆنالیزمی تورکی لە ڕێگەی کۆمەڵەکانی، ڕۆژنامەکانی و نوسینە ئەدەبییەکانی لە چوارچێوەیەکدا کە پێیان دەوترا (türkçülük) ڕێکخرابوو کە هەوڵیاندەدا ڕەوتی فیکری ڕاستەقینەی لە چوارچێوەیەکدا دابنێن، بە تورکچولوک ناسرا، کە هەوڵی دەدا خۆی بسەپێنێت وەک سیستمێکی سیاسی لە بەرامبەر بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئیسلامی (ئوممەت) و نەتەوەی عوسمانی (میللەت عوسمانلی) و کاری دەکرد لەسەر سەپاندنی خۆی وەک ئایدیۆلۆجیایەک لە بەرامبەر بیری ئیسلامی و پەیڕەوکردن لە ڕۆژئاوادا.

**سەدەی نۆزدەهەم لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت کە بە چڕی ڕووداوەکانی دەناسرێتەوە، بە شێوەیەک وایکردووە لێکۆڵەرانی توێژینەوە عوسمانییەکان وەک درێژترین سەدە ناوزەدی بکەن.**

ئەو سیاسەتەی حکومەتی (ئیتحاد و تەرەقی) پەیڕەوی کرد، دەرگای بەڕووی ئاژاوەگێڕی سیاسیدا کردەوە، یەکێک لە سیماکانی ئەو ئاژاوەگێڕییە، تیرۆرکردنی پیاوانی دەوڵەت بوو، هەر وەک ئەو سەرکوتکردنەی کە فەرمانڕەواکان ئەنجامیان دابوو، دژە توندوتیژی لێکەوتبێتەوە. لە ماوەی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی چووە ناو دوو جەنگی ناوخۆیی و جەنگێکی جیهانییەوە. دوو جەنگە ناوخۆییەکە بریتی بوون لە جەنگی تەرابلوسی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩١١، کە

کۆتایی بە قەڵەمڕەوی عوسمانییەکان لە ئەفەریقا هێنا، دووەمیش جەنگی یەکەمی بەڵکان بوو لە ساڵی ١٩١٣ کە ڕێگای بۆ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خۆش کرد. جەنگی جیهانی یەکەمیش بوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکلا کردەوە.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوەیەکی تاکلایەنە بڕیاری چوونە ناو جەنگەکەی دا و ئەم بڕیارەش تا نەبوو بە ئەمری واقیع، پێی نەزانرا. زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە عوسمانی لە سەرەتادا ناچار نەبووە بچێتە ناو ئەم جەنگەوە، بە تایبەت کە بەریتانیا و فەرەنسا بێلایەنی ئەو وڵاتەیان پێ باشتر بوو. تورکەکان پێیان وابوو چوونە ناو جەنگی جیهانی یەکەم و بردنەوەیان وایان لێدەکات تۆڵە لە روسیا بکەنەوە و ئاسیای ناوەڕاست داگیر بکەن و پەیوەندی لەگەڵ تورکەکانی ئەرگەنەکۆن دروست بکەنەوە کە زادگەی ئەفسانەیی نەتەوەی تورکییە. خودی ئیتیحادییەکان، پێیان وابوو کە باشترە کۆتایی یەکجارەکی بە دۆخی دەوڵەتی عوسمانی بهێنرێت، بەو پێیەی کە دەوڵەتێکی نیمچە داگیرکراوە و کاربکرێت لەسەر دووبارە دروستکردنەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندی مۆدێرن.

دەرئەنجام، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بە شەکەتی هاتە دەرەوە، سەرکەوتووەکانی جەنگەکە دەستیان کرد بە دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریەتەکە، بەریتانیا توانی دەست بەسەر موسڵدا بگرێت و فەرەنسا و ئیتالیا ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستیان کۆنترۆڵکرد، سەرباری چەند ناوچەیەک کە دەکەوتە ناو خاکی تورکیاوە وەک ئەنادۆڵ. خودی ئیستەمبوڵی پایتەخت لە ١٦ی ئازاری ١٩١٩ چووە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیاوە، تێکڕای ئەم ڕووداوانە سەرەتای قۆناغێکی نوێیان لە مێژووی تورکیادا دەستپێکرد کە بە قۆناغی شەڕی سەربەخۆیی ١٩١٩-١٩٢٢ ناسراوە، کە دواجار ڕێگەی خۆشکرد بۆ قۆناغێکی نوێ لە مێژووی تورکیا.

**لە کایەی بەرفراوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، هۆشیارییەکی بنەڕەتی هەبوو تایبەت بە شوناسی تورکی کە بە پلەی یەکەم گرێدراوی زمانی تورکی بوو. هەستی شوناسی تورکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەهێزتربوو، کاتێک کۆمەڵەیەکی بچووک لە بانگخوازان و زانایانی عوسمانی، لە ژێر کاریگەریی ئەوروپا، دەستیان کرد بە سەپاندنی زمان و مێژووی تورکەکان.**

لەسەر ئاستی کلتووری، تورکیا چووە سەردەمێکی نوێوە کە تیایدا بەخێرایی بەرەو بەرۆژئاوایی بوون دەچوو،

ڕاگەیاندنی دەستوور لە ساڵی ١٩٠٨دا بووە هۆی هاتنی ئەو بیرۆکە نوێیانەی کە پێشتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی حەمیدییە سانسۆر کرابوو دوای ئەوەی کارکردن بە دەستووری ساڵی ١٨٧٦ڕاگیرا. ئەم بیرۆکانە ڕێگەیان پێدرا گوزارشتیان لێوە بکرێت لە ڕاگەیاندنەکانی تورکیادا کە لە نێو گەنجانی خوێندەواردا بەربڵاو بوو و بەشێوەی بەرفراوان دەخوێنرایەوە. لە دەرەنجامی ئەو دۆخە سیاسییە نوێیەی کە هاتە ئاراوە، ڕۆشنبیرە تورکەکان زیاتر بایەخیان بە پرسەکانی شوناس دەدا و پرس دەکرا لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە دەبوایە بگیرایەتە بەر بۆ رزگارکردنی دەوڵەت و دەست کرا بە بیرکردنەوە لە ڕێگە جێگرەوەکان.

## لە سەردەمی کەمالیستەکاندا دەستکرا بە نووسینەوەی مێژووی عوسمانییەکان.

## ڕەوتەکانی نووسینەوەی مێژووی عوسمانی

لە سەردەمی کەمالیستەکاندا دەستکرا بە نووسینەوەی مێژووی عوسمانییەکان، لە قۆناغی دوای ئەتاتورک و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە باسکران و ئەو ڕۆڵەی کە محمد فوئاد کۆپرەلی گێڕای لە پێکهێنانی نەوەیەکی نوێ کە بەپێی میکانیزمی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو کاریدەکرد، بە شێوەیەک کە لە ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەکان دوور دەکەوتنەوە چ لە ڕووی تێڕوانینی ڕۆمانسیانە بۆ مێژوو یاخود لە ڕووی ڕیشەکێشکردنی ئەوەی کە پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبوو، بەم شێوەیەش گۆڕانکارییەکی گەورە لە نووسینەوەی مێژوودا هاتە ئاراوە.

ژمارەیەک توێژەر لەژێر دەستی کۆپرەلی پەروەردە بوون کە هەمان ڕێگایان گرتەبەر و بەپێی تێڕوانینی ئەو کاریان لەسەر نووسینەوەی مێژوو کرد، لێرەدا دەتوانین ئەو مێژوونوسانە دابەشبکەین بەسەر دوو توێژدا:

توێژی یەکەم، خەمی سەرەکییان گەڕانەوە بوو بۆ دەق و بەڵگەنامە و گێڕانەوەی ڕاستییەکان، نمونەی ئەو مێژوونووسانەش وەک ئیسماعیل حەقی، ئوزون جارشلی، ئەنوەر زیا قرال و ئەحمەد ڕەفیق.

توێژی دووەم: سوودیان لە ئەزموونی کۆپرۆلی وەرگرت و توانیان پەرەی پێبدەن دوای ئەوەی لەدەرەوەی وڵات بەتایبەت ئەوروپا بەدواداچوونیان لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە کرد و بەر خوێندنگەی نوێکانی مێژوو کەوتن، نمونەی ئەو مێژوونووسانەش وەک عومەر لوتفی بورهان و خەلیل ئینالجیک.

لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەدا جیاوازی و بڕگەی هاوبەش هەیە، ئەم دۆخەش

لە دوو پرسدا دەرکەوت، یەکەمیان پەیوەست بوو بە گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان و کردنی بە سەرچاوەی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا و دووەمیان خۆی لە خواستی بێ سنوور بۆ نووسینەوەی مێژووی گشتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەبینییەوە.
بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان گرنگترین برگەی هاوبەش بوو لە نێوان ئەو دوو ڕەوتەدا. لەم ڕووەوە پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دەقەکان دیاردەیەکی نوێ نەبووە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، پێشتریش ئاماژە بە بوونی ئەم ڕەوتە کراوە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی مێژوویی عوسمانیەوە، کە یەکێک لە ئەرکەکانی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی دەقەکانی پەیوەست بە مێژووی عوسمانییەوە. بەڵام ئەوەی تازە بوو لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دەقەکاندا ئەوە بوو کە ئەم جارە دەقەکان هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە بڵاودەکرایەوە کە تیایدا لە قۆناغی وەسفکردنەوە دەپەڕییەوە بەرەو قۆناغی شیکاری و ڕەخنە.
خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان ئەم دوو ڕەوتە، نووسینەوەی مێژوویەکی گشتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو کە توانیبووی ئەوە تێپەڕێنێت کە پێشتر و لە قۆناغی پێشوودا بە ئەنجام گەیشتبوو. لەو چوارچێوەیەدا ئوزون جارشلی خۆی تەرخانکرد بۆ نووسینی مێژوویەکی وردی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خەلیل ئینالچیک کاری لەسەر تەواوکردنی کتێبێکی دیکە کرد کە تەرخانکرابوو بۆ سەردەمە کۆنەکان.

**ناسیۆنالیزمی تورکی لە ڕێگەی کۆمەڵەکانی، ڕۆژنامەکانی و نوسینە ئەدەبییەکانی لە چوارچێوەیەکدا کە پێیان دەوترا (türkçülük) ڕێکخرابوو کە هەوڵیاندەدا ڕەوتی فیکری ڕاستەقینەی لە چوارچێوەیەکدا دابنێن، بە تورکچولوک ناسرا، کە هەوڵی دەدا خۆی بسەپێنێت وەک سیستمێکی سیاسی لە بەرامبەر بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئیسلامی ( ئوممەت)**

سەبارەت بە جیاوازییەکانیش، بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەنگیدایەوە لە گرنگیپێدانی تیمی یەکەم بە مێژووی سیاسی و دامەزراوەیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بایەخدان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دانانی مێژووی عوسمانی لە چوارچێوە ئەوروپییەکەیدا. سەبارەت بە تیمی دووەمیش، بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجی لەسەر لایەنی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو. لە چوارچێوەی جیاوازییەکاندا، هەمیشە

پرسی بژاردەکانی کات خراوەتەڕوو، بۆ نمونە لە کاتێکدا ئاراستەی یەکەم تیشکی خستووەتە سەر قۆناغە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئاراستەکەی تر تیشکی خستۆتە سەر مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی پانزەیەمەوە تا سەدەی هەژدەیەم.

**گرووپی یەکەمی نووسەرەوەی مێژووی عوسمانی بایەخیان دەدا بە مێژووی سیاسی و دامەزراوەیی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە چوارچێوە ئەوروپییەکەیدا. بەڵام گرووپی دووەم سەرنجی لەسەرلایەنی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو.**

**سەرچاوە**

https://www.ultrasawtcom/%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D8%A5%D8%B3%D8%AA%D9%88%D8%BA%D8%B1%D8%A7%D9%81%D9%8A%D8%A7%D8%AA%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A9-%D9%83%D9%8A%D9%81-%D9%83%D8%AA%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AB%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9%C2%A0/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D8%A7-%D8%B5%D9%88%D8%AA/%D9%86%D8%B4%D8%B1%D8%A9%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D9%8A%D8%A9/%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D8%A9

زارەوەناسی

تورکیاناسی

# پارتی چەپی سەوز (یەسەپە)
# Yeşiller ve Sol Partisi (YSP)

پارتی چەپی ئایندە و سەوز یاخود بە ناوە فەرمییە تەواوەکەی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) لە بەرواری ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢ لە ئەنجامی یەکگرتنی پارتی یەکسانی و دیموکراسی لەگەڵ پارتی سەوز دامەزراوە.
لەگەڵ ئەوەی بە پارتێکی چەپی کوردی ناسراوە و ناوەندەکەی لە ئامەدە و تەواوی سەرکردەکانی کوردن، بەڵام مەیدانی چالاکییەکانی ئەم پارتە تەواوی تورکیایە و لە ئێستادا خاوەنی ٥٥ کورسییە لە پەرلەماندا.
یەسەپە بە سیستمی هاووتەبێژی بەڕێوە دەبرێت نەک هاوسەرۆکی. هەرچەندە لە ناوەڕۆک و ئەرکدا هاووتەبێژانی پارتەکە هەمان کار و ئەرکی هاوسەرۆک ئەنجامدەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە دوو بەرپرسی یەکەمی پارتەکە دەگوترێت هاووتەبێژ Eş Sözcü کە بریتین لە چیغدەم کڵچگیون ئوچار و ئیبراهیم ئاکن.
یەسەپە خۆی وەک پارتێک کە لەسەر هێڵی سەوز سیاسەت دەکات و ئایدۆلۆژیا و

فیکری چەپی ئازاد پەیڕەوی لێدەکات دەناسێنێت. هەریەک لە ڕەنگەکانی مۆر، زەرد و سەوز وەک ڕەنگی ئەم پارتە دەناسرێت. هێماکەی درەختێکی پێگەشتووە لە شێوەی مرۆڤدا کە خۆرێک لەناو درەختەکەدا بوونی هەیە. قەدی درەختەکە ڕەنگی مۆرە و گەڵاکانی سەوز و خۆرەکەیش ڕەنگی زەردە، هەر ئەو هێمایەش لەسەر پانتاییەکی سپی کە لەژێر درەختەکەدا نوسراوە پارتی چەپی سەوز Yeşil Sol Partisi و ئەو پانتاییە سپییەیش لەسەر پانتاییەکی سەوزە وەک ئاڵای پارتەکە بەکاردەهێنرێت.

**دروشمی ئەم پارتە بریتییە لە:**

•.کۆتایهێنان بە قۆرخکردنی سروشت و کار و ماندووبوونەکانی مرۆڤ.

•.وەرن لەمرۆوە ئایندەیەکی چەپ و سەوز بنیات بنێین.

•.لێرەین پێکەوە دەیگۆڕین.

دروشمی سێیەمی ئەم پارتە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری تورکیادا دانرا و بەو دروشمەوە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئەنجامدرا.

یەسەپە بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای سەوز، مافی کەمایەتییەکان، هەرێمایەتی، دیموکراسیی ڕادیکاڵ، سۆسیالیزمی ئێکۆلۆژی، فێمینیزم، مافی هاوڕەگەزخوازان سیاسەتی خۆی درێژە پێدەدات.

یەسەپە لە ئاستی تورکیادا ئەندامی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی و کۆنگرەی دیموکراتی گەلان و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ئەندامی ڕێکخراوی پارتە سەوزەکانی ئەوروپایە.

ئەم پارتە خاوەن سایتێکی ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆیەتی کە بە ڕەنگی مۆر و سەوز دیزاین کراوە و زانیاری پێویست لەسەر پارتەکە و کار و چالاکییەکانی ڕۆژانە بڵاودەکرێتەوە.(١) جگە لەوەش خاوەنی ڕۆژنامەیەکە بەناوی ڕۆژنامەی چەپی سەوز Yeşil Sol Gazetesi و ئەم ڕۆژنامەیەش سایتێکی ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆی هەیە.(٢) هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەش لە سەرجەم ئەو میدیایانەی کە سەر بە هێڵی چەپن، هەروەها میدیا سێبەرەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پەکەکە کار و چالاکی و هەواڵەکانی پەیوەست بە یەسەپە بڵاودەکرێتەوە.

## یەسەپە چۆن جێگەی هەدەپە-ی گرتەوە

چەند مانگێکی کەم بەر لە دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان, هەوڵەکانی دەوڵەت لەڕێگەی داواکاری گشتی و دادگای دەستوورییەوە بۆ داخستنی هەدەپە چڕبوونەوە، لەلایەک هەوڵی بڕینی ئەو بودجەیە دەدرا کە بۆ هەدەپە وەک پارتێکی سیاسی لە پەرلەمان تەرخانکراوە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵی داخستنی یەکجارەکی پارتەکە و دانانی قەدەغەی کاری سیاسیی لەسەر بەرپرسەکانی

دەدرا. لە هەمانکاتدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا داوای دەکرد بەزووترین کات پارتەکان لیستی کاندید و ناوی پارتەکانیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ کۆمسیۆن بنێرن.

لە کاتێکدا دادگای دەستووری داواکاریی هەدەپە-ی سەبارەت بە دواخستنی دانیشتنی دادگایی بۆ داخستنی پارتەکەی بۆ دوای هەڵبژاردنەکان بۆ سێ جار ڕەتکردەوە, کۆتا جاریش ١١ی مایسی بۆ کۆبوونەوە و بڕیاری یەکلاکەرەوە دیاریکردبوو, سەبارەت بە داخستنی هەدەپە یاخود ڕەتکردنەوەی داواکاری داخستنی پارتەکە(٣), بەڵام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ٩ی نیسانی وەک دوا بەروار بۆ تۆمارکردنی ناوی قەوارەکان و کاندیدانی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار دیاریکردبوو(٤).

بۆیە بە ناچاری هەدەپە بڕیاری دا لەژێر ناوی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات(٥), یەسەپە وەک پارتێکی جێگرەوە وایە و لەلایەن ئەو کەسانەوە بەڕێوە دەبرێت کە هەڵگری هەمان بیری چەپڕەوی هەدەپە-ن.

دواجار بەهۆی بەشداری هەدەپە، پارتی ڕەنج، پارتی دیموکراتی هەرێمەکان، پارتی مرۆڤایەتی و ئازادی و چەندین کەسایەتی لەژێر ناوی یەسەپە-دا ئەم پارتە توانی ٦١ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت(٦) هەروەک یەکێک لە ئامانج و دروشم و بنەما سەرەکییەکانی یەسەپە بریتییە لە بەرگری لە مافی ژنان و هێنانەپێشەوەیان لەسەرجەم کایەکاندا، دەبینین ڕێژەی بەشداری ژنان لەناو فراکسیۆنی یەسەپە-دا لە پەرلەمانی تورکیا ٤٧.٣٧٪ دەبێت. (٧)ئەمەش بە بەرزترین ڕێژە دادەنرێت بەراورد بە فراکسیۆنەکانی دیکە.

بەڵام لە ئێستادا بەهۆی جیابوونەوەی ٦ پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی یەسەپە، ژمارەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکە بۆ ٥٥ پەرلەمانتار دابەزیوە. ئەو ٦ پەرلەمانتارە جیابووەوەش بریتین لە پەروین بوڵدان و میتحەت سانجار هاوسەرۆکانی هەدەپە، لەژێر ناوی هەدەپە و دوو پەرلەمانتاری دیکەیش لەژێر ناوی پارتی ڕەنج(٨) و دوو پەرلەمانتاری دیکەیش لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە) درێژە بە پەرلەمانتاریان دەدەن.(٩)

(1) https://yesilsolparti.org/
(2)https://yesilgazete.org/blog/kategori/haber/
(3)- https://www.bbc.com/turkce/articles/cv2v2k0zkz4o
(4)-https://www.hurriyet.com.tr/gundem/9-nisan-saat-17-00-icin-nefesler-tutuldu-ittifaklarin-listelerle-imtihani-42245315
(5)- https://haber.sol.org.tr/haber/hdp-secime-girmeyecek-yesil-sol-parti-

formulu-hayata-geciyor-368769
(6) https://secim.aa.com.tr/
(7)https://www.tack.krd/details.aspx?id=2171
(8)- https://www.cumhuriyet.com.tr/siyaset/hdp-ve-yspde-kurultay-sureci-2090742?utm_medium=ilgili%20Haberler&utm_source=Haber%20Detay&utm_campaign=ilgili%20Haberler
(9)https://www.tbmm.gov.tr/sandalyedagilimi

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری تورکیاناسی

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی

بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئایینناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسە بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya (٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە رێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).

نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفە¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و

ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەر بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.


**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.





THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018


ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020


سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە کێزاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies



سەرەتا | بڵاوکراوە | چالاکیەکان | هەواڵەکان | بیرورا | بەشەکان | توێژەران | دەربارەی ئێمە

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئاییندەیی ژمارە (١)

**ئایندەی عێراق و هەرێم**
**لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا**

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، بیرۆکەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

**ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان**
سێکوچەکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

**پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان**

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)


**مستقبل الحوارات والاتفاقيات**
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطون
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


گۆڤاری
ئێرانناسی


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


العربية
کوردی
English


ڕاپۆرتی ئاینندەیی ژمارە (١)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان


گۆڤاری
ئێرانناسی


گۆڤاری
ئێرانناسی
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست


قراءات مستقبلية رقم (٥)
نیسان 2020
www.centerfs.org


گۆڤاری
ئێرانناسی


گۆڤاری
ئێرانناسی
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستمی سیاسیی ئێراندا


ڕاپۆرت
Center for Future Studies


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies
ڕاپۆرتی ئاینندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان


ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا


ئایینناسی


ئایینناسی


ئایینناسی


ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە (١) ساڵی یەکەم، تووموزی ٢٠٢٣